مەکتەبی سیاسی: بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندان غەدرێکی گەورەیە لە داواکاریی خۆپیشاندەران

ئەوانەی فەرمانگە و بارەگاکان دەسووتێنن دەبێت بەیاسا سنووریان بۆ دابنرێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

ماسك بەستن
XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5993) سێشەممە 25ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی بەشێك لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتیدا هاتووە «یەکێك لە سیما جوانەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتوو، بوونی ئازادی ڕادەربڕین و ئەو چالاکییە مەدەنییانەن کە بۆ داواکردنی مافی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێن، بێگومان خۆپیشاندانیش، هەم شێوەیەکە لە ئازادیی ڕادەربڕین و هەمیش چالاکییەکی مەدەنییانەیە بۆ داواکردنی مافەکانی هاوواڵتیان. هەربۆیە ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان جیا لەوەی بڕوای تەواومان بە مافی خۆپیشاندانی مەدەنییانە و هێمنانە هەیە، لە هەمانکاتدا وەك پەرلەمانتاریی سیاسیشمان پشتگیری و پشتیوانی لێدەکەین و، بە دیدی ئێمە خۆپیشاندانی هاوواڵتییان لە چوارچێوەی یاسادا، جۆرێکە لە بەشداری ڕاستەوخۆی هاوواڵتییان لە پرۆسەی سیاسی وڵات و، ئامانج لە ئەنجامدانیشی هێنانەکایەی دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی نێوان حکوومەت و هاوواڵتییانە، بۆ ئەوەی پێکەوە ڕێگەیەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و هێنانەدی خواست و داواکاری سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بدۆزینەوە».

(دەقی پەیامەکە لە ل5 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیای هەرێمی کوردستان:

خەڵک مافی خۆپیشاندانێکی ئارام و شارستانییانە بکات و داوای مافی خۆی بکات، بەڵام وێرانکاری و سووتاندن تاوانە

ئەوەی لەسەر حکومەت بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کردوویەتی. ئەوەی ئێستا ماوە بە جیددی بەرپرسیارێتی هاوواڵتیانە، کە پێویستە خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە پاراستنی ژیانی خۆیان و کەسوکار و هاوواڵتییان بە گشتی



چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە

وێڕای کەمبوونی داهاتی هەرێم، توانیومانە 21 کاتژمێر کارەبا دابین بکەین

لە کاتی قەیران گلەیی و گازاندە زۆر دەبێت، لە کاتی سەرکەوتنیش شەریک زۆر دەبێت

لە یەکەمین دیداری ڕۆژنامەوانی هاوبەش لەگەڵ ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان ، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بارەی دۆخی ئێستای کوردستان و دواییین پێشهاتەکان دەدوێت.
لەو دیدارە هاوبەشەدا، سەرۆکی حکومەت وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان دەداتەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی پرۆسەی چاکسازی، مووچەی فەرمانبەران، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دۆخی تەندروستی هەرێم و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا دەدات.

(دەقی دیدارە ڕۆژنامەوانییەکە لە ل2و3 و 4 بخوێنەوە)



جەنگان دژ بە تیرۆریزم و توندڕەوی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە شینجیانگ

نی ڕووچی،
کۆنسوڵی گشتی کۆماری چینی میللی لە هەولێر

9

وەڵامێک بۆ ڕاگەیانراوەکەی (کەجەکە)..
5

شکستەکانتان مەخەنە ئەستۆی پارتی

پارتی هەمیشە هەوڵی داوە پەکەکە هەڵە سیاسییەکانی ڕاستبکاتەوەو وەک ڕەوتێکی مەدەنی ڕەفتار بکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



یەکەم بەفری ساڵ لە چیای ئاگری باری

خەبات: باکووری کوردستان

بەهۆی بارینی بەفرەوە چیای ئاگری کە پێنج هەزار و ١٣٧ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و بە «چەتری تورکیا» ناسراوە لە لووتکەکەیەوە تا نزیکەی چوار هەزار مەتر سپی پۆشیووە.
بارینی بەفر لەسەر لووتکەی چیای ئاگری لە باکووری کورستان کە بە هەواڵدەری زستان ناسراوە لە ناوچەکەدا، دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە بەخشیوە.
سەرۆکی پانەی FGD، محەمەد ئاککوش لە لێدوانێکیدا، باسی لەوە کرد کە لەگەڵ بارینی بەفر لەسەر لووتکەی چیای ئاگری دەست دەکرێت بە ئامادەکاری بۆ زستان.

بیلاڕووسیا..

گۆڕەپانی نوێی ململانێی نێوان مۆسکۆ و ڕۆژئاوا

13



دوای چەند مانگێک لە داخستنی ناوچە گەشتیارییەکان

کەرتی گەشتیاریی پاڕێزگای هەڵەبجە ڕوو لە بوژاندنەوە دەکات

7



دەقی چاوپێکەوتنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیای هەرێمی کوردستان:

مەسرور بارزانی: چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە

ئەوەی لەسەر حکومەت بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کردوویەتی. ئەوەی ئێستا ماوە بە جیددی بەرپرسیارێتی هاوواڵتیانە، کە پێویستە خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە پاراستنی ژیانی خۆیان و کەسوکار و هاوواڵتییان بە گشتی

لە یەکەمین دیداری ڕۆژنامەوانی هاوبەش لەگەڵ ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان ، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بارەی دۆخی ئێستای کوردستان و دواییەن پێشهاتەکان دەدوێت. لەو دیدارە هاوبەشەدا، سەرۆکی حکومەت وەاڵمی پرسیاری ڕۆژنامەوانان دەداتەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی پرۆسەی چاکسازی، مووچەی فەرمانبەران، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دۆخی تەندروستی هەرێم و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدات.

چۆنی ئەسعەد(میدیای گۆران) : پرسیاری یەکەمان سەبارەت بە چاکسازییە، بەڕێزتان دەزانن، چ لە پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی دواییەن هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەموو لایەنەکان، بە تایبەتی ئەوانەی پێکهێنەری کابینەی حکومەتن، هەمووپان لەسەر ئاستی هێزەکان، بەڵێنی چاکسازییان بە خەڵکی کوردستان داوە، سەبارەت بە چاکسازیش بەشداریان لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە. ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، پارتی و گۆڕان لەسەر ئەوە بوو، هەمووپان پێداگریان لەسەر چاکسازی دەکردەوە. بەڕێزیشتان جەختتان کردەوە، چاکسازی کاری لەپێشینەی ئێوە دەبێت، ئێستا خەڵک بۆی هەیە لە دوای ساڵێك بپرسێت، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چاکسازی چی کردووە؟

مەسرور بارزانی: وەك جەنابت باست کرد، ئێمە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە، کارنامەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەتمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد، کە جەخت لەسەر چاکسازی دەکاتەوە. چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە. شتێك نییە بوترێت لە ماوەیەکی کورتدا دێتەدی، یان کۆتایی پێ دێت. پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئێمە لەسەرەتای کابینەکە لە زۆر ڕووەوە دەستمانکرد بە چاکسازی. چاکسازی تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی نییە. چاکسازی و پرسی ریفۆرم، شەفافیەت، چۆنییەتی خزمەتکردنی هاوواڵتی و نۆبوونەوە و دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری باشتر لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئێمە لەسەرەتای دەستپێکردنی کابینەکە شتی زۆر باشمان دەستپێکرد. بۆ نموونە، لە ڕووی نەهێشتنی گەندەڵی و ڕووتین تا ئاستێکی زۆر بنبڕکرا، ڕێگە لە وەرگرتنی بەرتیل و ڕەشوە گیرا، کاتی دەوامی فەرمانبەران بۆ خزمەتی زیاتری هاوواڵتیان زیاتر کرا. ئەمە هەموی جێی دەستخۆشی و پێزانینی زۆربەی هاوواڵتیان بوو. دوای ئەوە ئێمە تووشی قەیران و پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بووین، کە دەستکردی حکومەت نەبوو. ئەمە تا ئاستێك وایکرد، پرۆسەکە تا ئاستێك سستی تێبکەوێت، یان هێواشتر بەڕێوەبچێت. ئەمە خۆی کاردانەوەی هەبوو لە سەر کۆی سیستمی ئابووری جیهانی، بێگومان کوردستانیشی گرتەوە، بەهای نەوت دابەزی و داهاتی ناوخۆ کەمبووەوە. بە شێوەیەکی گشتی داهاتی هەرێمی کوردستان گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی لە مێژووی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. سەرەڕای ئەوەش ئێمە نەوەستاین. بەردەوام بووین لە چاکسازییەکان. بۆ نمونە: ئەگەر سەیری خزمەتگوزاری و گەیاندنی خزمەت بۆ هاوواڵتیان بکەین، لە زۆر شوێن خزمەتگوزارییەکان گواستراونەوە بۆ قەزاکان و هەندێك پارێزگای دیکە. لە ڕوویەکی دیکەوە، ڕێکخستنی باجەکان بوو، لەم کابینەیە ڕێژەی باج دوو ئەوەندەی ئەوەی هەبوو زیاتر بوو. بەاڵم بە هۆی قەیرانەکەوە، تۆزێك خاوی تێکەوت، داهات خۆیان کەمیانکرد ئەگینا بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەگەر سەیری بکەین، لێخۆشبوونی باج لە کۆمپانیا گەورەکان ڕێکخرانەوە. پرسی خەرجی حکومەت ڕێکخرایەوە. پێویستە ئەو شتانەی وەزارەتەکان بیکڕن، دەبێت بزانن چۆن دەیکڕن و بە چەند دەیکڕن و بە کەڵکی چی دێت، ئەم شتانە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی ڕێکخرانەوە و ئێستا لە بواری جێبەجێکردنە.

لە ڕووی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی داهاتەکان، هەوڵی زۆر دراوە، چونکە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان پشت بە سەرچاوەی نەوتی بەستراوە، ئێمە هەوڵماندا داهاتەکانی دیکەی ناوخۆیی زیاد بکەین، بە هەمەجۆر کردنی ئابووری و بازرگانی، وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، بەاڵم بەداخەوە دیسان دەیڵێم، ئەم قەیرانەی تووشی هەرێمی کوردستان بوون زۆر لەم بابەتانەی خاوکردەوە، ئێمە نەمانتوانیوە وەك پێویست بیکەین، نەك لەبەر ئەوەی نیازی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەمان نەبووە، بەڵکو ڕەوشەکە وایلێهات و قەیرانێکی گەورە تووشی ئەم هەرێمە بووەتەوە. سەرەڕای ئەمە، ئێمە هەر بەردەوام بووین، بۆ نمونە: بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروباری خزمەتگوزاری لە حکومەت، فەیسووەمی بایۆمەتری، کە تا ئێستا ملیۆنێك و دوو سەد هەزار کەس ناوونووس کراون، ئەمە هەمووی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوواڵتیان ئاسانتر دەکات. لە ڕووی کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان، چ لە فڕۆکەخانەکان بێت، یان خاڵە سنوورییەکانی دیکە بێت، هەوڵێکی زۆر دراوە ئەمانە بە دیجیتاڵی بکرێت و هەرچی هاوردەکردنی کەرەستەی دەرەکییە، لە ڕووی جۆرییەوە کۆنترۆڵ بکرێت. لە الیەکی دیکەوە بۆ پشتیوانیکردنی جووتیاران و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ، زۆر لەو بەرهەمانەی لە ناوخۆ بەرهەم دێت، ڕێگە نەدراوە لە دەرەوە هاوردە بکرێن، یاخود باجیان بەسەردا سەپێنراوە، بۆ ئەوەی یارمەتیەدەری بەرهەمی ناوخۆیی جووتیاران بێت. جگە لەمەش، ئێمە هەوڵماندا، لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەش قسەمان کردووە، نەك تەنیا ئێمە بتوانین بەرهەمە ناوخۆییەکان بەشی پێداویستی ناوخۆ بکات، بەڵکو بتوانین ئەگەر زیاتر بێت، هەناردەی دەرەوەی بکەین.

لە ڕووی پیشەسازییەوە، کاری زۆر باشمان کردووە، لە دروستکردنی هەندێك زۆنی پیشەسازی خۆراکی، لە دهۆك دەستپێکراوە و لە هەڵەبجەش بەم زووانە دروست دەکرێت. لە بواری وزەدا بە تایبەتی لە بواری کارەبادا، ئێمە وێڕای کەمبوونی داهاتی هەرێم، توانیومانە ٢١ کاتژمێر کارەبا دابین بکەین، ئەمەش بە هەندێك گۆڕانکاری کە لە وەزارەتی کارەبا کراوە. هەوڵماندا وە پشت بە غاز ببەستین، کە هەم هەرزانە و هەمیش پاکترە. لە هەمانکاتیشدا هەندێك ناوەندی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە ئێستا خەریکە دروست دەکرێت و کۆنفرانسیان بەڕێوەبردووە، بۆ دروستکردنی بەنداوی ئاو، یان سوود وەرگرتنە لە وزەی خۆر، هەمووی وایانکردووە، بەرهەمی کارەبا بەم بێ داهاتییە زیاتر بێت، هەوڵیش دەدەین ئەو بەشەی، کە ماوە لە ماوەیەکی زوودا جێبەجێیان بکەین.

بەنداوی زۆر لە پڕۆژەدان. بۆ نموونە ئەو بەندااوانەی تا ئێستا دروستکراوون، ١٣ بەندااوی بچووك و ماموناوەندی هەن، ٣ سایلۆی گەورە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی جووتیاران دروستکراوون. لەوانەیە هەموو شتم لە بیر نەبێت، بەاڵم ئەمە بەشێکە لە هەموو ئەو شتانەی کراوون. هەموو ئەمانەش چاکسازین. چاکسازی تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی نییە. فراوانکردنی خزمەتگوزارییە بۆ هاوواڵتیان، نەهێشتنی ڕۆتین و چاوەڕوانی هاوواڵتیانە، بەردەوامیش دەبین. ئێمە دەزانین ڕێگەیەکی زۆرمان لە پێشە، بەاڵم تەمەنی کابینەکەمان، لە یادەتان نەچێت، تەنیا ١٣ مانگە.

هاوڕێ تۆفیق (کوردسات نیوز) : بە ڕاستی گرنگ بوو، لە نزیکەوە بەڕێزت ببینین، بۆ ئەوەی ڕاو سەرنجی بەڕێزت لەسەر زۆر بابەتی گرنگ کە ئێستا هەرێمی کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت ببیستین. لە سەرووی هەموو ئەم بابەتانەی کە هەموو لایەك، لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان کۆدەنگن لەسەری، قەوارەی هەرێمی کوردستانە لە ناوچەکە. هەرێمی کوردستان بە خۆین هاتووتە بەرهەم و ئەمە ڕەنجی هەموو لایەنە سیاسییەکانی تێدابووە، ئەم قەوارەیە لە ماوەی رابردوو کۆمەڵێك مەترسی هاتەسەر، زۆرێك لە سەرکردە و لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان باسیان لە مەترسی دەکرد لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، بە گشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر جار باوەڕی بەوە نەبوو، کە مەترسی هەیە لەسەر قەوارەکە، بەاڵم ئەوەی سیاسییەکان و ئێوە درکتان پێدەکرد، زیاتر بوو، لەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان درکی پێدەکرد.. مەترسییەکان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ڕەوینەتەوە، یان هەر بەردەوامە، ئەو مەترسیانە چین کە لە ئایندەدا ڕووبەڕووی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە؟ بەغدایە، ناوچەکەیە، یاخود وڵاتانی هەرێمییە؟ ئێوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بە گشتی دەتوانن چی بکەن بۆ ئەو پرسە، پلاتتان چییە؟

مەسرور بارزانی: ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین، کە پڕە لە کێشە. تەنیا مەسەلە قەوارەی هەرێمی کوردستان نییە، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیران بووەتەوە لە ناوچەکەدا. ئەوەی ڕاستیی بێت من هاوڕا نیم، لەوەی مەترسی لەسەر تێکچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبووبێت. چونکە پێمواید کوردستان خاوەنی نەتەوەیەکی بەئیراده و بەهێزە کە توانیویەتی ڕووبەڕووی زۆر لەو کێشانەی پێشووترییش بێتەوە، کە هەوڵی نەهێشتنی کیان و نەتەوەو خەڵکی کوردستانیان داوە. ئێستاش پێمواید گەورەترین کێشە، کێشەی دووبارەکی و ناتەبایی ڕیزەکانی خودی ناو کوردستانە. ئەگەر کورد بتوانن خۆیان یەکبن و هەموو خەڵکی کوردستان بە حزبە سیاسییەکان و بە بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە، کە دەتوانن بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری، یان خزمەتی خەڵکی خۆیان دەتوانن بژچوونی جیاوازیان هەبێت. بەاڵم لەسەر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان یەکهەڵوێست بن، پێم وایە هیچ هێزێك ناتوانێت ئەم قەوارەیە تێکبدات.

هاوڕێ تۆفیق: ئەو یەکەنگییە دەبینی؟

مەسرور بارزانی: لە زۆر الیەنی سیاسییەوە دەبینم، بەاڵم بەداخەوە، لەوانەیە هەندێك کەس ئەم قەناعەتەیان نەبێت. پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن، لەسەر ئەوەی کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە، کێ مش دەیەوێت نانی پێ بخوات. لەبەر ئەوە من پێموایە مەسەلەی یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکان، زامنی پاراستنی ئەم قەوارەیە. وابزانم ئێستا هەوڵێکی جددی هەیە، نزیکبوونەوەیەکی باشیش لە نێوان الیەنە سەرەکییەکان هەیە. بەاڵم لە هەمانکاتیشدا بیرمان نەچێت، کاتی خۆی، خەڵکی دیکە هەبووە دژی ئەم قەوارەیە کاریان کردووە، لە دەرەوە مرۆڤ خەمی پێ ناخوات، بەاڵم لە ناوخۆ خەڵکێك هەبێت بە ناوی نۆینەری کوردستان و خەڵکی کوردستان، داوای تێکدانی ئەم قەوارەیە بکەن، ئەمە جێی داخە. پێویستە خەڵك ئەمەیان لەبەرچاو بێت و لە بیریان نەچێت. پێمواید ئێمە لە بەرەی خەڵکین. وەرەمان بەرزە، پشت بە خواو و پشت بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان. من ئەو مەترسییە بەم جۆرە نابینم، دەزانم تووشی قەیران بووین، بەاڵم بەیەکەوە دەتوانین ئەم قەیرانانە تێپەڕێنین، ئومێدم وایە کاتێکی باشتر چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات.

کۆڤان عیزەت (کوردستان٢٤) : هەڵسەنگاندن و مامەڵەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر پرسی کۆرۆنا چۆنە و وەاڵمی هاوواڵتیان بۆ ڕێنماییەکانی تەندروستی چۆن دەبینی؟ لە الیەکی دیکەوە، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دوو فاقییەك هەبوو، ئەو کاتەی بڵاوبوویەوە دەیانوت، کۆرۆنا ڕاست نییە، ئەو کات خەڵك تووش دەبوو، تەنیا نیشانە بوو، لە دوای جەژنی ڕەمەزانەوە خەڵکی زیاتر تووشی کۆرۆنا بوو،ڕێژەی مردن لە هەرێمی کوردستان زیاتر بوو، ئەو کات ئەو کەسانەی دەیانووت کۆرۆنا نییە، ئەمجارە دەیانوت حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانە بکات؟ ئێوە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی تەندروستی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان، سڵ لەو جۆرە کەسانە و لەو قسانە دەکەنەوە؟

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیای هەرێمی کوردستان:

خەڵک مافی خۆپیشاندانێکی ئارام و شارستانییانە بکات و داوای مافی خۆی بکات، بەڵام وێرانکاری و سووتاندن تاوانە

مەسرور بارزانی: جەنابت خۆت وەڵامی بەشێك لە پرسیارەکەت دایەوە. هەرێمی کوردستان لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، هەڵمەتێکی باشی دەستپێکرد، رێکاری زۆر باشی گرتە بەر بۆ پاراستنی هاوڵاتیان. بە هیوای ئەوە بووین، زوو دەرمانێك بدۆزرێتەوە، ئەم پەتایە کۆتایی پێ بێت، بەڵام ماوەکەی درێژ بووەوە، وەك جەنابت باستکرد، تا جەژنی ڕەمەزان، لە هەموو هەرێمی کوردستان، کەمتر لە ٤٠٠ حاڵەتی تووشبوو تۆمار کرا، تەنیا ٥ کەس گیانیان لەدەستدابوو، کە نەخۆشی دیکەیان هەبوو. دوای ئەمە خەڵك لێڕاهات، بەداخەوە بابەتەکە بە سیاسییکرا، هەندێك لایەن چونکە دژی سەرکەوتنی حکومەت بوون، لە بری دەستخۆشی، کەوتنە ڕەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت، گوایە ئەم جۆرە ڕێکارانە تەنیا بۆ پاراستنی خۆیانە و بۆ داپۆشینی قەیرانی ئابووریی کە تووشی ناوچەکە بووە، دەیانەوێت خۆیانی لێ قورتار بکەن، بە ڕیکۆردیش هەیە، ئێوە ڕاگەیاندنکارن و خۆتان دەزانن، کێ چۆن قسەی کردووە. کێشەکە لێرەدایە، یاریکردن بە ژیانی خەڵك بۆ ئامانجێکی سیاسی، جێی داخە. هەر کەسێك بێت، لە ئەخلاقی سیاسییدا تۆ ناتوانیت بێیت بۆ ئەوەی تەعبیر لە بۆچوونی خۆت بکەیت و ڕەخنە بگریت، یاری بە ژیانی خەڵك بکەیت. ڕێککەرەکان زۆر باش بوون، ڕاستە توند بوون، ئەم ڕێکارانە پێش هەموو لایەك زیانیان لە حکومەت دا. چونکە حکومەت ئامادەبوو تەنیا لە پێناو پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان داهاتی خۆی کەمبکاتەوە. بەداخەوە ئەمە بە جۆرێکی دیکە تەفسیر کرا و بە سیاسی کرا، خەڵکیشیان خستە گومانەوە، گوایە ئەم ڤایرۆسە واتییە، مەترسی نییە، کەچی دوای تێکەڵبوون و جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکان، بینیمان بە چ شێوەیەك بڵاوبوویەوە، بەداخەوە لە هەموو کوردستان بووە هۆی تووشبوونی خەڵکێکی زۆر و خەڵکێکی زۆریش گیانیان لەدەستدا. لێرەشەوە سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەی کۆچکردووەکان دەکەم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ ئەو کەسانە دەخوازم کە تووشی ئەو پەتایە بوون.

حکومەت بەرپرسە لە بەرامبەر هاوڵاتی. هاوڵاتی هەموو لایەك دەگرێتەوە، بەشدارانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن و بێلایەنەکانیش دەگرێتەوە. حکومەت ناتوانێت بێباك و نابەرپرس بێت بەرامبەر بەم شتانەی کە ڕوودەدەن. لەبەر ئەوەی حکومەت هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی مەترسی ڤایرۆسەکە، ڕێکاری دیکەی گرتە بەر. خۆتان دەزانن، زۆر لەو پزیشك و کارمەندانەی تەنانەت لە وەزارەتی ناوخۆ، کە یارمەتیدەریان بوو، هەوڵیان دا بۆ یارمەتیدانی وەزارەتی تەندروستی و ئەو ڕێنماییانەی کە دەریانکرد، تەنیا لە پێناو پاراستنی ژیانی خەڵك بووە و ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە لە پێناو ژیانی خەڵکدا. ئێستاش ئەگەر بە ڕێژەیی سەیری بکەین، ڕەوشی هەرێم بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بە سەختی تووشی پەتاکە بوون، بەو ئاستە قورس نییە، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر ڕێنماییەکان جێبەجێ نەکرێت، ڕەنگە ئەم وەرزە خراپتر بێت. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە، کە ژێرخانی تەندروستی هەرێمی کوردستان، بۆ پەتایەکی وا ئامادە نەبووە. تەنانەت هیچ یەك لە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی پێشکەوتووش ئەو ئامادەییە نەبووە. باشترین ڕێگە ئەوەیە تاك خۆی بپارێزێت. ئەمەش بە خۆپاراستن و بەستنی دەمامك و لەدەستکردنی دەستەوانە و خۆ بە دوورگرتن لە تێکەڵی. ئێمەش، خۆم و هەموو کابینەکەش لە سەرەتاوە تا ئێستا هەمیشە داکۆکیمان لەوە کردووەتەوە، خۆپارێزی بکرێت و پابەندی ڕێنماییەکان بن و ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی تەندروستی دەردەچن، جارێکی دیکە لێرەوە داوا لە هاوڵاتیان دەکەم خۆیان بپارێزن و پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن. بۆ ئەوەی هەم خۆیان بپارێزن و هەمیش یارمەتیدەری ئەو خزمەتکارانە بن، کە لە کەرتی تەندروستی شەو و ڕۆژ خزمەت پێشکەش دەکەن. پێموایە ئەگەر هاوکارییەکی هەمەلایەن هەبێت، دەتوانین ورە وزە زاڵبین بەسەر ئەم نەخۆشیە و ئینشەڵلا زوو دەرمانێك بدۆزرێتەوە و ئومێد دەکەین وەرزەکە، کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەرتەکانی دیکەش هەبێت، ئەگەر ئەم پەتایە لە کۆڵبێت، بە هەر حاڵ، داوادەکەم ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێن. ئەوەی لەسەر حکومەت بووە کردوویەتی. ئەوەی ئێستا ماوە بە جددی بەرپرسیارێتی تاکیی هاوڵاتیانە، کە پێویستە خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە پاراستنی ژیانی خۆیان و کەسوکار و هاوڵاتیان بە گشتی.

هەوراز گوڵپی(ڕووداو): وەك جەنابیشت باستکرد، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا نرخی نەوت دابەزی، دۆخی ئابووری تێکچوو، لەگەڵ ئەوە دۆخێکی سیاسی ئاڵۆز بەدوایدا هات، وەك سەرۆك وەزیرانی کوردستان چۆن دەڕوانیتە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت، بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان؟

مەسرور بارزانی: ئێمە حکومەتێکی ئیئتیلافیمان پێکهێنانەوە. زۆر بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم، ئەو برادەرانەی بەشدارن لە حکومەت تیمێکی زۆر گونجاو و ڕێکن و لەیەك نزیکین و بڕیارەکانمان بە تەوافق دەدرێت. ئێمە لەوانیە کابینەیەك ببین، زۆرترین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردبێت. هەفتانە کۆبوونەوە دەکەین. هەموو بابەتەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران باس دەکرێن. نزیکبوونەوەی باش و تێگەیشتنی باشمان هەیە. ئەدای وەزیرەکانیش بە بێ جیاوازی لە هەر لایەنێکی سیاسی بن، ئەدای زۆر باش و پەسند بووە. خۆم زۆر لێیان ڕازیم. لەوانەیە ڕەوشەکە هەندێکجار تەحەکوم بەوە دەکات، کە چەند سەرکەوتووبین لە پرۆژەکان. ئەوانەی لە کابینەکەدا بەشدارن من پێموایە زۆر سەرکەوتوون، باشن و مونسەجیمین و تێگەیشتنی باشمان هەیە. هیوادارم حزبەکانیشیان زۆرتر پاڵپشتی نوێنەرەکانیان بن لە حکومەت.

کەیفی شەمزینی (کوردستان تیڤی):

هەرێمی کوردستان بێگومان هاوشێوەی زۆر لە وڵاتان گیرۆدەی زۆر کێشە و قەیرانە، وەك جەنابیشت ئاماژەت پێکرد، زۆرێك لەو قەیرانانە لە دەرەوەی ویستی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، دەبینین لە سەر ئەرزی واقیع، دەستەبژێرێك لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت ئەم دەرفەتە بە جۆرێکی دیکە بقۆزنەوە، بەو مانایەی ئەجێندای سیاسی، حزبی و تاکەکەسی تێکەڵ بە داوا و خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن، لە ماوەی ڕابردوو لە هەندێك شوێن، بەشێك لە دامەزراوە حزبی و حکومییەکان کەوتنە بەر پەلاماری بەشێك لە خەڵك، یاخود پەلاماری موڵك و ماڵی گشتی درا، پێموایە بەر لە هەر کەسێك هاوڵاتی ئاسایی لەم دۆخە زیانمەند دەبێت. تێڕوانینی جەنابت هەم وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کارانە چییە و دیسان حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی لەم جۆرە دەکات؟

مەسرور بارزانی: لە کاتی قەیران گلەیی و گازاندە زۆر دەبێت. لە کاتی سەرکەوتن شەریك زۆر دەبێت. ئەم قەیرانانەی دروست بوون، دەستکردی هەرێم نین، ئێمە کۆرۆنامان دروست نەکردووە. ئێمە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت نەبووین لە بازاڕی جیهانی. بەڵام کاریگەری ئەم قەیرانانە ئێمەشی گرتووتەوە. کاریگەری هەبووە لەسەر ئێمەومانان. بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی یارمەتی حکومەت بدرێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم قەیرانانە، هەندێك لایەن هەوڵیانداوە سوود لە کات و گلەیی خەڵك وەربگرن بۆ دژایەتیکردنی حکومەت بە شێوەیەکی ناڕەوا. خۆم هیچ کێشەم لەگەڵ ئەوە نییە، خەڵك مافی خۆیەتی خۆپیشاندانێکی ئارام و شارستانیانە بکات. داوای مافی خۆی بکات. بەڵام خۆپیشاندان لەگەڵ وێرانکاری و سووتاندن دوو شتی جیاوازن. ئەوەشمان لە یاد نەچێت، پێناسەکردنی ئازادی و ڕادەربڕین، دەبێت بۆمان ڕوون بێت، تۆ تا ئەو کاتە ئازادی کە پێشێلی ئازادی کەسێکی دیکە نەکەیت. بەڵام تەعەدا کردن لە مافی کەسێکی دیکە ناکرێت بە ئازادی و ڕادەربڕین ناوببرێت. ئەمە پێموایە لە زۆر ڕووەوە بە هەڵە تێگەیشتنی بۆ کرابێت. ئەو بەڕێزانەی خۆپیشاندان دەکەن، داوای مافی خۆیان دەکەن، مافی خۆیانە، بەڵام لەسەر چ بنەمایەك، ئەگەر خەڵك خۆی داوای مافی خۆی دەکات شتێکە، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاراستەکراو، لە لایەن لایەنێکی سیاسییەوە بۆ قۆڵکردنەوەی قەیرانەکان و بۆ لێدان لە حکومەت شتێکی ترە. داوا لە هاوڵاتیان دەکەم، ئەم دوو شتە لەیەك جیابکەنەوە. حکومەت تاوانی چی بووە لە دروستکردنی ئەم قەیرانانە تا تاوانبار بکرێت. بۆ نموونە زۆر جار باس لە دواخستنی مووچە و بودجە دەکرێت.. ئایا حکومەت بودجەی هەبووە و نەیداوە، یانیش حکومەتی فیدراڵی لە عێراق بودجەکەی نەناردووە، کە حکومەت نەیتوانیوە وەك پێویست مووچەکان بدات. ئەمەش بابەتێکە هیوادارم بتوانین قسەی زیاتری لەسەر بکەین. لەم ڕوانگەوە وێرانکردن و سووتاندنی فەرمانگەکانی حکومەت و مووڵکی گشتی بە جددی تاوانە. ئەمە دەربڕینی بیروڕا نییە. بینیمان لە کەلار و هەڵەبجە و زاخۆ چی ڕوویدا. لە هەندێك شوێن چەك بەکارهێنراوە و تەقە کراوە. خۆپیشاندەری ئاسایی چۆن چەك بەکاردەهێنێت؟ چۆن پەلاماری فەرمانگەیەکی حکومی و حزبی دەدات؟ تەنانەت پەلاماردانی بارەگای حزبی، بە هیچ شێوەیەك ڕێگەپێدراو نییە . ئەو حزبە جەماوەری هەیە و دەنگی پێداوە و دەستکەوتی هەبووە و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. کەواتە حزبەکانیش نوێنەرایەتی بەشێك لە هاوڵاتیان دەکەن. یەکێك بیەوێت تەعدا لە فەرمانگەیەکی حکومی و حزبی بکات، ئەمە تەعەدایە لە مافی هاوڵاتیان. ئەم جۆرە ڕەفتارانە قابیلی قبوڵ نییەن، من لەگەڵ پاریزگار و بەڕێوبەرە ئیدارییەکان قسەم کردووە. ئەوانەی خۆپیشاندانی ئاساییەن، ئێمە بۆچوونیان بەڕێزەوە وەردەگرین، ئەوانەی کاری نایاسایی و تێکدەرانە دەکەن، دەبێت ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر. چونکە ئەمانە تەعەدایان لە مافی هەموو هاوڵاتیان کردووە. بۆ نموونە ئەو ڕۆژە لە هەڵەبجە، چەند دۆکیۆمێنتی سەردەمی کیمیاباران لەوێ هەڵگیرابوون و لە کاتی ئەو هەموو قەیرانە لەناونەچووبوون، کەچی بەم جۆرە و بە شەوێك هەموو سوتێنران. ئەمە کەی ئازادییە؟ ئەم ڕەفتارانە نامۆن بە کولتووری کوردستان. پێموایە دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ڕەسەنی کوردەواری، کە خۆمان تەنانەت بۆچوونی جیاوازیشمان هەبێت و لەگەڵ یەك کۆکیش نەبین، دەبێت ڕێگەی دڕووست بگرینە بەر و ڕێگەی شارستانی بۆ دەربڕینی بۆچوون و هەڵوێستەکانمان بگرینە بەر. بەداخەوە یاریکردن بە ژیانی منداڵ و گەنج، ببرێتە سەر جادە بۆ ئەوەی پەلاماری فەرمانگە حکومییەکان بدات، ئێوە خۆتان بیر بکەنەوە، ئەو منداڵە سبەی گەورە بێت دەبێت چۆن بیر بکاتەوە و خۆشەویستی ئەو منداڵە بۆ وڵات لە کۆ دەبێت، بۆ ئەوەی دژایەتی حکومەتێك و سیستەمێك بکەن، ئێوە بێن هەموو وڵات لە پێش چاوی هاوڵاتی ناشیرین بکەن، یان فێری ئەدایەکی بکەن، کە خۆی خۆش نەوێت، پێم وایە گەورەترین تاوانە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان دەکرێت.

چۆڵی ئەسعەد: بەڕێزتان باسی داهاتتان کرد، ڕەخنەیەکی زۆر لە حکومەت دەگیرێت، کە سەرچاوەکانی داهات شەفاف نییەن، ڕەخنەیەکیش دەگیرێت، کە هەندێك لە سەرچاوەکانی داهات لە ژێر ڕکێفی حکومەت نین، وەڵامی ئێوە بۆ ئەو ڕەخنانە چیە؟

مەسرور بارزانی: سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان سێ جۆرن. یەکێکیان سەرچاوەی نەوتییە. یەکێکیان داهاتی ناوخۆییە. یەکێکیشیان ئەو بڕە بودجەیە، کە حکومەتی عێراق دەینێرێت. ئەوەی عێراق دەینێرێت زانراوە چەندە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بوترێت شەفافە یان نا. سەبارەت بە داهاتی نەوتیش، کۆمپانیای دیلۆت هەیە و گرێبەستمان لەگەڵی نوێکردووەتەوە و ئەوان دەزانن، چەند نەوت دەفرۆشرێت و بە چەند دەفرۆشرێت، داهاتی چەندە و داهاتەکە چی لێ دێت. بەشێك لەو داهاتە، ئەو کۆمپانیایانەی نەوت دەردەهێنن، تێچوویان هەیە بەشێك لە داهات بۆ تێچووی دەرهێنانی نەوتە و باقییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی. پێشتر پرۆسەیەك هەبووە. ئێمە داکۆکیمان کردووە و سیستمێکی بانکی نێودەوڵەتییەان دروستکردووە. بۆ ئەوەی هەموو داهاتی نەوت بێتەوە بانکی نێودەوڵەتی حکومەتی هەرێم. ئێمە بۆ یەکەمجار توانیومانە بانکێکی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێم دروست بکەین. ئەو بانکە هەرچی داهات و خەرجی هەیە چ بۆ کۆمپانیاکان دەڕوات، یان لە فرۆشتنی نەوتەوە دەگەڕێتەوە دێتە ئەو بانکە و ڕاستەوخۆ دێتەوە وەزارەتی دارایی. واتە شەفافییەت هەیە. لەوەی داهاتی نەوت چۆنە و کۆمپانیای دیلۆتیش هەیە، دەزانێت چی لە داهاتەکە دەکرێت. بەداخەوە هەندێك کەس هەڵە تێگەیشتنیان هەیە و پێیانوایە نەوتی هەرێم بە نرخی بڕێنت دەفرۆشرێت، وانییە. نەوتی هەرێمی کوردستان کەمترە لەو نرخە. چونکە جۆری نەوتەکە جیاوازە و تێچووی گواستنەوەی لەسەرە. نەوتەکە بەو نرخە نییە کە پێشبینی دەکرێت. لە دیلۆت هەر سێ مانگ جارێك زانیارییەکان بڵاودەکرێنەوە. پێموایە زۆر جار مەسەلەی ڕەخنە گرتن لەسەر بنەمای زانستی و زانیاری پێویست نەبێت، بە خەیاڵ و پێشبینی هەر کەس شتێك دەڵێت و بە ئەگەر شت ناکرێت و دەبێت واقیعی بێت و بزانرێت فیعلەن ئەو شتەی دەوترێت ڕاستە یان نا، زۆر جار ئەوەی وتراوە ڕاست نەبووە. ئەگەر سەیری واقیعەکە بکەیت هەمووی دیارە و سەرجەم کابینەش ئاگادارە ڕەوشەکە چۆنە. ئەگەر بمانەوێت بەرهەمی نەوت زیاد بکەین، ئەوەش ڕەنگە قسەی لەسەر بکرێت، ئەگەر پێویست بوو باسی دەکەین. بەڵام سەبارەت بە داهاتەکەی ئێستا کە هەیە، هەمووی ڕوون و ئاشکرایە و هەمووی دێتەوە بۆ ئەم بانکە نێودەوڵەتییە و دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

داهاتی ناوخۆ، لە سەرەتای کابینەوە هەوڵماندا ئەو داهاتەی لە ناوخۆ هەیە زیادی بکەین. بە چی؟ بەوەی پشتیوانی کەرتی تایبەت بکەین. خەرجی حکومەت کەمبکەینەوە. ئاسانکاری بۆ داهاتی زیاتر بکەین، کار بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات بکەین. تەنیا پشت بە لایەنێك نەبەستین. پەرە بە کشتوکاڵ وپیشەسازی بدەین، ئاسانکاری زیاتر بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بکەین، کە دێتە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنانێکی زیاتر لە هەرێمی کوردستان بکرێت و ببێتە سەرچاوەی داهات. لەم کابینەیە زیاتر لە هەموو کاتێك گرنگیمان بە دیجیتاڵکردن و تۆمارکردن و کۆکردنەوەی داتا و شەفافیەت کردووە و هەموو شیارە و هەندێکی کەوتووەتە کارەوە و هەندێکی لە ماوەیەکی کورتدا ئینشەڵلا بەکار دەکەوێت. ئەم قەیرانانە بە داخەوە تۆزێك دەستیان بەستووین و نەیانهێشت بە پەلە ئەو شتانە بکەین. بەڵام داهاتەکان دیارن و باسی باجم کرد، کە دوو ئەوەندە زیادیکرد، چونکە لێخۆشبوونی باج بۆ هیچ کۆمپانیایەك نەما. لە هیچ شوێنێك لێخۆشبوونی باج نەماوە. هەموو پابەندن بە پێدانی باج. بە شێوەیەکی ڕێژەیی دیار دەکرێت. کۆمپانیایەك داهاتی زیاتر بێت بە ڕێژەیی باج زیاتر دەدات. لەو شوێنانەی پێویست بووە داهات زیاتر بکرێت و کۆبکرێتەوە. زانراوە، تەنانەت لە سەرەتای دەستپێکی کابینەدا داهاتی ناوخۆی کابینە لە ١٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ ٢٥٠ ملیۆن دۆلار زیادیکرد. بەتەما بووین بۆ کۆتایی ساڵ بۆ ٣٠٠ و زیاتریش زیاد بکات. بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی ئابووری هەرێم تووشی ئەو قەیرانانە بوو، داهاتەکان هەموو کەمبوونەوە و دابەزین. مەسەلە ئەوە نییە، ئێمە نەمانتوانیبێت، یان شتەکان شەفاف و دیار نەبن، هەمووی زۆر زۆر بە ڕاشکاوی و شەفافی هەن. هەر کەسێکیش بیەوێت ڕێگە هەیە دەتوانن بێن بزانن چۆن شەفافە، بەڵام یەکێك بۆ خۆی بیەوێت بە جۆرێکی دیکە قسە بکات، ئەمە شتێکی دیکەیە. ناکرێت بڕیار لەسەر قسەی بێ بنەما بدرێت. ئەوەی من دەیڵێم لەسەر بنەمای ڕاستیی و ژمارە و داتایە.

ڤێڕای کەمبوونی داهاتی هەرێم، توانیومانە 21 کاتژمێر کارەبا دابین بکەین

من پەیوەندییەکی زۆر باش و پتەوم لەگەڵ کاك قوباد هەیە



مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- **کێشەی هەرێمی کوردستان** لەگەڵ حکومەتی عێراق تەنیا مووچە نییە و "چوار پرسی سەرەکی لەگەڵ بەغدا تاوتوێ دەکەین.. پرسی وزە بودجە، پێشمەرگە و ناوچە دابڕاوەکان ئەو بابەتە سەرەکییانەن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی تاوتوێیان دەکەین.
- **داهاتی فرۆشتنی** نەوت هەمووی دیارە، لە ڕێگەی سیستەمێکی بانکیی نێودەوڵەتی داهاتی نەوت دەچێتە وەزارەتی دارایی.
- **حکومەت ئامادەبوو** داهاتی خۆی کەمبکاتەوە بۆ پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان.
- **یاریکردن بەژیانی خەڵک** بۆ مەبەستی سیاسی جێی داخە.

2020/8/24

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیای هەرێمی کوردستان:

لە کاتی قەیران گلەیی و گازاندە زۆر دەبێت، لە کاتی سەرکەوتنیش شەریک زۆر دەبێت



چۆنی ئەسعەد: هیچ سەرچاوەیەکی داهات هەیە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت نەبێت؟

مەسرور بارزانی: هاوڵاتییەك ئەگەر بزنسێکی هەیە و بۆ خۆی داهاتێکی هەیە، ئەوەی دەتوانێت بیدات تەنیا باجە. داهاتەکە هی خۆیەتی. بەڵام ئەگەر مەبەست خاڵە سنوورییەکانە، ئێمە زۆر هەوڵماندا بۆ ئەوەی ئەو خاڵانە کۆنترۆڵ بکرێن. ئەو خاڵانە بەیەکجاو سەیر ناکرێن. خاڵی سنووری فڕۆکەخانەکان و وڵاتانی دراوسێ هەیە. هەندێک شوێن لە هەندێک شوێن باشترە. نامەوێت بچمە وردەکارییەوە. لە هەندێک شوێن، لەوانەیە کۆنترۆڵی باشتر کرابێت، ڕێکارەکان زووتر دەستیان پێکردبێت. پابەندی فەرمانبەران باشتر بووبێت، بەڵام لە هەندێک شوێن وەك پێویست نەبووە. گلەیی ئەوە دەکرا ڕەنگە قاچاغچێتی بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئیدارەی پارێزگاکان قسەمان کردووە، ئەوان پابەندی خۆیان دووپاتکردووەتەوە، کە بە زووترین کات ڕێگری بکەن لەسەر ئەوەی بە قاچاغ شت دەهێنرێت و دەبرێت، یان کۆنترۆڵێکی باش لەسەر خاڵە سنوورییەکان نییە. ئێمەش زۆر پابەندین بەوەی بتوانین بە هەموو شێوەیەك کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەین. بۆ زانیاری جەنابت، تەنانەت تۆمارکردن، هاوردەکردن و باج وەرگرتنی کەرستە هێنراوەکان لە سنوورەکان ئێستا بە شێوەیەکی دیجیتاڵی بەستراوەتەوە و ئەمە هەنگاوێکی باشە و شتی باش کراوە و نااێم سەدا سەد بنبڕ بووە، بەڵام ئێمە نیازی ئەوەمان هەیە بتوانین بە شێوەیەکی گشتی هەم خاڵە سنوورییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆنترۆڵ بکەین، نەك تەنیا لە مەسەلەی داهات و ئابووریەوە، بەڵکو لە ڕووی کوالێتییشەوە، چونکە زۆرجار شت هێنراوە، کە وەك پێویست نەبووە و فێڵ کراوە لە هاوڵاتیان. ئێمە کوالیتی کۆنترۆڵمان لە سنووەکان جێگیرکردووە و هێشتا ڕەنگە لە هەندێک شوێن بە تەواوی جێگیر نەبووبێت، بەڵام بە جێگیربوونی ئەم شتانە هاوڵاتی دەتوانێت بە تەواوی دڵنیابێت لەو مادانەی کە هاوردە دەکرێن شتی باشن و لە ڕووی ئابووریشەوە پێم وایە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیادکردنی داهاتی ناوخۆی هەرێم.

هاوڕێ تۆفیق : یەکێك لە دروشمەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسی لامەرکەزی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوو، ئەم پرسە لە ماوەی ڕابردوو لە سلێمانی و زۆرێك لە ناوچەکان داوا دەکرا، لامەرکەزی پەیڕەو بکرێت، ئەم پرسە هیچ مەترسییەکی هەیە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر واژووکردنی هاتە بەر دەست بەرپرسانی ئامادەی واژووی بکەیت و لە بارەیەوە هەماهەنگیتان لەگەڵ قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران چۆنە؟

مەسرور بارزانی: من پەیوەندییەکی زۆر باش و پتەوم لەگەڵ کاك قوباد هەیە. پێکەوە ئیشی باشیان کردووە و ئێستەڵا بتوانین ئیشی باشتریش بکەین.

مەسەلەی لامەرکەزی، ئێمە لە کابینەدا باسی لامەرکەزی ئیداریان کردووە. ئەمە پرۆژەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکانە. ئەمە پرۆسەیەکە پێویستە دیراسەی تەواوی بۆ بکرێت. دەبێت لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەنجوومەنی پارێزگایەك ناتوانێت بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدات. ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، لەوانەیە حەز و خواستی لایەنێك، یان بەشێك بێت بۆ مەرامێکی سیاسی، ئەوەی لە بەرنامەی کاری حکومەتدایە، حکومەت پابەندی جێبەجێکردنی کارنامەی خۆیەتی. بەشێك لە کارنامەکە، پرسی شۆرکردنەوەی دەسەڵاتەکانە بۆ هەموو پارێزگاکان و تەنیا پارێزگای سلێمانی نییە، پارێزگاکانی هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و دهۆکە. بۆ زانیاری جەنابیشت، ئەوەی لەم کابینەیە کراوە، زۆر زیاتر بووە لە پێشتر. زۆر شت هەیە پێشتر تەنیا لە هەولێر بووە، ئێستا بۆ پارێزگاکان گواستوومانەتەوە. زۆر لە خزمەتگوزارییەکان گەڕندراونەتەوە بۆ پارێزگاکان. لەمە زیاتریش دەکرێت. ئێمە بە هیچ شێوەیەك دژی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ پارێزگاکان نین. مەرجی سەرەکی ئەوەیە قەوارەی هەرێمی کوردستان، وەك قەوارەیەکی یەکگرتوو و کیانێکی فیدراڵی پارێزراو بێت. خوانەخواستە دوو ئیدارەی کردن و جیاکردنەوەی بەشێك لە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ نییە و وابزانم کەسیش داوای ئەمەی نەکردووە و ناشتوانێت بیکات، بەڵام لە مەسەلەی دەسەڵاتەکان بگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکان بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەوەین. لە سەرەتادا زۆر هەوڵماندا زاڵبین بەسەر بەشێك لە ناشەفافیەت و جۆرە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی ئیدارە، گوتمان با ئەو شتانە هەموو ڕوون بێتەوە لەبەر چاوی کابینەکە، کە بە چ شێوەیەك شتەکان ڕێکدەخرێنەوە، دواتر ئێمە بە هیچ شێوەیەك نامانەوێت هەموو شت بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. ئەوەی لە کابینەکەدا هەیە و ئەوەی لە پرۆژەکەدا هەیە باسی دەسەڵاتی ئیداری دەکات.

کوڤان عیزەت: بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی شایستە داراییەکان، قەیران لە هەرێمی کوردستان دروستی بوو، تەمەنی ئەم کابینەیە ١٣ مانگە و زۆریش باس لە مووچەی مانگی ٣ دەکرێت، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە ماوەی تەمەنیدا چەند مووچەی داوە؟

مەسرور بارزانی: ڕاستە تەمەنی ئەم کابینەیە ١٣ مانگە. لەم ماوەیە ١٢ مووچەمان دابەش کردووە. خەڵکێك بیەوێت ڕاستییەکان بزانێت ئەو شتانە دەزانێت، بەڵام نەیەوێت بە جۆرێکی دیکە لێکدانەوەی بۆ بکات، ئەوەیە دەیبینین بە جۆرێکی دیکە ڕای گشتی چەواشە دەکرێت. گوایە دوو مووچە و سێ مووچە دراوە.

لە دەستپێکی ئەم کابینەیە ٣ مووچەی پێشتر نەدرابوو. پاشەکەوت نەکرابوو، ئەم ٣ مووچەیە بە قەرز مانەوە بۆ ئەم کابینەیە. کەواتە ئێمە کە لە مانگی ٧ دەستبەکاربووین واتە سێ مانگی پێشووتری کابینەی پێشوو بوو بە قەرز و مابوو، پێمواید دەبێت ئەمە ڕاستبکرێتەوە. تووشی کێشەیەکی دیکە دەبین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیش، ئەمە دەبێت ڕاست بکرێتەوە. ئەو سێ مووچەی لە کابینەی پێشوو، بە قەرز یان بە پاشەکەوت حساب کرابوون و نەدرابوون، دەبێت بکرێن بە پاشەکەوت. ئەم حکومەتە بەرپرسە بەرامبەر بەو مووچانەی مانگانە دەیدات. ئەمەی ئەم حکومەتە نەیتوانی بیدات، ئەوەیە نەیتوانیوە دوو مووچە وەك خۆی بدات و خۆی گونجاند لەگەڵ ئەو بڕە بودجەیەی لەبەر دەست بوو، چونکە حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکەی پاشگەز بووەوە، بە شێوەیەکی یاسایی بووایە دەبووایە حکومەتی عێراق هەموو پابەندی خۆی بۆ ناردنی مووچەی هەرێم جێبەجێکردایە، کەچی نەیکرد، بۆ زانیاری ئێوە، ئەوەی عێراق دەینارد، تەنیا ٪٥١ی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بووە، نەك تەواوی مووچە. عێراق بە هیچ شێوەیەك تەواوی مووچەی نەناردووە. ئەو پەڕی ٤٥٠ ملیار دیناریان ناردووە، دواتر لە مانگی ٤ دوای مانگێك دواخستن کردیان بە ٤٠٠ ملیار دینار و ئێستاش کردیان بە ٣٢٠ ملیار دینار. واتە لەو ئیلتیزامەی دەبووایە ٪٥١ی مووچەی مووچەخۆران دابین بکەن، نەیانکردووە. تەنانەت ٣ مانگ هەر بە تەواوی مووچەی نەناردووە. واتە مووچەی مانگەکانی ٥، ٦، ٧ یان نەناردووە. ئەمەی ئێستاش لە ٤٥٠ کەمیان کردووەتەوە بۆ ٣٢٠ ملیار دینار، بەڵام بەرامبەر بەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان چیی کردووە؟ سەرەڕای نەناردنی هیچ پارەیەك لە ٣ مانگدا، بەڵام حکومەتی هەرێم ١٠ مانگ مووچەی داوە. بە پشت بەستن بە داهات، هەرچەندە بەداخەوە نەیتوانیوە وەك پێویست ئەو بڕە مووچەیەی پێشتر دەدرا بەو جۆرە بدرێت، چونکە بودجەی لەبەر دەست نەبووە. حکومەتی هەرێم پێویستی بە ٧٥٥ ملیۆن دۆلار هەبووە، بۆ دابەشکردنی مووچە، بەڵام تەنیا ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری بەدەستەوە بووە. ئینجا ئەم گۆڕانکارییە، کەبەسەر مووچەدا هاتووە، مەسەلەی چاکسازی نییە، کە بەداخەوە هەندێکجار باس لەوە دەکرێت چاکسازی لە مووچەی فەرمانبەران کراوە، ئەمە ناهەقییەکە دەوترێت، چونکە چاکسازی مەبەست لێی مووچەی فەرمانبەران نییە. ئەمەی کراوە، چونکە بودجەکەی بەشی نەکردووە، دەبووایە بە ناچاری حکومەت خۆی بگونجێنێت. زۆر جاریش وتوومانە بە خۆگونجاندن لەگەڵ بودجەی بەردەست بەم شێوەیە مووچە دەدرێت. لەوەشدا ئەوەی لە ٣٠٠ هەزار کەمتری وەرگرتووە، بە هیچ شێوەیەك دەستکاری مووچەی نەکراوە. بە شێوەیەکی ڕێژەیی کە مووچە زیاد دەبێت ڕەنگە لێی کەمکرابێتەوە. ئەمەش شتێك نییە، بە ناوی چاکسازی بێت بەڵکو ئەمە خۆگونجاندنە. چاکسازی شتێکی دیکەیە، پێداچوونەوەیە بە مووچەخۆری شایستە، پێشتر باس دەکرا بندیوار هەبووە و زۆر تیشی لەسەر کراوە و باپۆمەتری کراوە و بەشێکی چارەسەر کراوە. بەڵام دەستکاری مووچە ناکرێت بە هیچ شێوەیەك لەسەر چاکسازی حساب بکرێت.

ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەیت، دەڵێن مووچەی مانگی سێیە، دووپاتیدەکەمەوە، ئەم حکومەتە ١٢ مانگ مووچەی داوە، لەم ١٢ مانگە تەنیا ٢ مانگ نەیتوانیوە بە تەواوی مووچە بدات، چونکە عێراق ٣ مانگ مووچەی نەناردووە و ٣ مانگیش هی کابینەکانی پێشووترە، کە بەداخەوە بە هۆی ئەو قەیرانەی لەو سەردەمە تووشی هەرێم بوون، مەلەسەی شەڕی داعش و نەهاتنی بودجە بووە و ئەوانیش نەیانتوانیوە بیدەن. بەڵام ئێستا ئەمە دەبێت چارەسەر بکرێت، ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراقیش لە هەوڵداین بۆ ئەوەی ڕێگەی چارەسەر بدۆزینەوە. بۆ ئەوانەی دەڵێن ئەم حکومەتە مووچەی نەداوە، دووبارە دەڵێم ئێمە ١٢ مانگ مووچەمان داوە.

هەوڕاز گوڵپی: حکومەتی هەرێم کەی دەتوانێت مووچە لەکاتی خۆی و بێ لێپرین دابەش بکات؟ بۆچی لەگەڵ بەغدا تەنیا لەسەر ٣ مانگ ڕێککەوتن؟ ناکۆکی سەرەکی ئێوە لەسەر بەڕێوبردن و داهاتی دەروازە سنوورییەکانە؟

مەسرور بارزانی: لەسەر داهات دەمێنێتەوە. ئەگەر حکومەتی عێراق ئیلتیزامی خۆی بەرامبەر بە دابینکردنی بڕە مووچەی کە پێشتریش بەڵێنیان داوە بەردەوام بن، حکومەت دەتوانێت وەك خۆی مووچە دابەش بکات. ئومێدەوارین بەو چاکسازییەی دەستیان پێکردووە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم قەیرانانەی ئابووری و کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت نەمێنن و داهات بەڕەو زیادبوون بڕوات، بێگومان ئێمە دەتوانین.. بێگومان شتێك دەبێت لە توانای حکومەتدا بێت و بتوانێت بیکات. دەبێت ئەو هۆکارانەی ئێستا هەن چارەسەر بن ئینجا دەکرێت. بەڵام من ناتوانم بڵێم لە کام مانگدا.

لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر خەتین بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك. کێشەکان تەنیا دەروازە سنوورییەکان نین. با یەك شتتان پێ بڵێم، کێشەی ئێمە لەگەڵ عێراق تەنیا مووچە نییە. بەداخەوە وایانکردووە بوترێت کە حکومەتی هەرێم تەنیا کێشەی مووچەی هەیە. ئەی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان؟ ئەی بابەتی پێشمەرگە؟ ئەی قەرەبووی ئەنفالکراوان؟ زۆر شتی دیکە هەن. ئێمە چوار تەوەری سەرەکیمان هەیە لەگەڵ عێراق باسیان دەکەین، ئەوانیش: وزە، بودجە، پێشمەرگە و ناوچەدابڕێندراوەکانە. هەموو ئەوانەمان خستووەتە بەردەم عێراق بۆ ئەوەی ڕێککەوین. کەچی هەموو ڕوویان کردووەتە ئەوەی، مووچە چی دەبێت. حەز دەکەم بە هاوڵاتیانی کوردستان بڵێم، کێشەی ئێمە لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشوو مووچە نەبووە، بەعسیش مووچەی داوە، ئەی ئێمە شۆڕشمان بۆ چی کردووە؟ بۆ ماف، ئازادی، یەکسانی و کیان بووە. بۆ قوربانی ئەو پێشمەرگە و شەهیدانە بووە، کە ئێمە بتوانین وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو خەبات و قوربانیدانە بین. ئێستا هەموو شتیان کۆکردووەتەوە لە مووچە و بە ئەنفەستیش ئەوە دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو شتە بنچینەییانەمان لە بیر بچێتەوە. ئایا ئێمە گەیشتووینەتە هەموو مافەکانی خۆمان، تاکو تەنیا کێشەمان مووچە بێت.

مەسەلەی دەروازە سنوورییەکان مەسەلەی دەسەڵاتی دەستوورییە. ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە هیچ مافێکی دەستووری هەرێمی کوردستان خۆش نابین. ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە، داکۆکی لێ دەکەین. بۆ ئەوەی پارێزەری ئەو مافە بین بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی. لە هەمانکاتدا تێگەیشتنی ئەوەمان هەیە بگەینە ئەنجامێکی گونجاو، کە لە سوودی هەرێمی کوردستان و عێراق بێت، بەڵام لە چوارچێوەی دەستووریەکە دەرنەچێت. هیوادارم وەڵامی پرسیارەکەی جەنابتم دابێتەوە.

هەوڕاز گوڵپی: لە مەسەلەی ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕاوەکان لە چ قۆناغێکن؟

مەسرور بارزانی: لەسەر ئەمە قسەی زۆرمان کردووە. دوو بەشە. یەکێکیان چارەسەرکردنی ناوچە دابڕێندراوەکان بە مادەی ١٤٠ی دەستووری کە سێ قۆناغی جیاوازە و دەبێت بکرێت. بەداخەوە لە ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا حکومەتی فیدراڵی کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، نەك هەرێم.

ئێستا حاڵەتێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە، کە مەسەلەی دوای داعش و هەندێك گۆڕانکاری کەبەسەر ناوچەکە هاتن، بابەتی ئەمنی و چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورانەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و تیرۆریستانە لەو ناوچەیە. بۆ ئەوە ئێمە لەگەڵ عێراق ڕێککەوتنێکی دیکە کراوە بگەینە ئەنجامێك لە هەندێك شوێن بۆشاییەکان پربکرێنەوە، بۆ ئەوەی داعش و تیرۆریستان نەتوانن سوودی لێوەربگرن و بۆ ئەمە گفتوگۆ بەردەوامە لە نێوان هەردوولا و لە لایەن ئێمەشەوە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە لەسەر هێڵن و بۆ ئەوەی لە هەندێك ناوچە پێشمەرگە و سوپای عێراق بتوانن بۆشاییەکان پربکەنەوە بۆ یارمەتیدانی خەڵك، بەڵانی کەم لە ڕووی ئەمنییەوە. بۆ چارەسەری گشتی ناوچەکە، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ سەر مادەی ١٤٠ی دەستوور.

هەوڕاز گوڵپی: کازمی تێگەیشتنی چۆنە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠؟

مەسرور بارزانی: باشە. خۆی باشە. بەشێکیی پرسیارەکەشت ئەوە بوو بۆ ڕێککەوتنەکە بۆ ٣ مانگە، لە حکومەتی عێراق، بەداخەوە هەموویان هاودەنگ نین لەسەر ئەوەی، کە ئەم ڕێککەوتنە بەو خێراییە کراوە و پێیانوایە پێویستی بە گفتوگۆی زیاترە و ئێمە ئامادەییان پیشاندواوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق. جەنابی سەرۆك وەزیران لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی بۆ ئەم سێ مانگە ڕێککەوتنی کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لەم سێ مانگە بگەینە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و بتوانین پرسی بودجە بە گشتی چارەسەر بکەین. ئەوەی حکومەتی عێراق بۆمان دەنێرێت بەشێکی بچووکە لە مافی خەڵکی کوردستان. هیوادارم ئەو بەڕێزانەی لە بەغدا بانگەشەی پاراستنی مافی خەڵکی کوردستان دەکەن، ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی دەکەن، ئاراستەی بەغدای بکەن. ئەوان هۆکاری نەناردنی مووچە بوون، لە جیاتی ئەوەی لەوێ داوا بکەن کە مووچە نەنێرن و لێرەش خەڵك هان بدەن بڵێن بۆچی مووچەتان نییە.

کەیفی شەمزینی: لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، شاندێك لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی عێراقی سەردانی ئەمەریکایان کرد، ژمارەیەك دیداریان لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی هەبوو، لەم دۆخەدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم سەردانە بۆ سەر ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی چین و ڕەنگدانەوەی لە سەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا چۆن دەبینی، پێم وایێت هەفتەی داهاتوو لەسەر داوای کازمی شاندێك سەردانی بەغدا دەکات، پێت وایە ئەمجارە بەغدا جددیتر بێت بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لە نێوان هەردوولا هەن؟

مەسرور بارزانی: ئەمە یەکەمجارە شاندێکی عێراقی، بە بەشداری هەرێمی کوردستان بۆ بابەتێکی ستراتیژی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا بکات. شاندەکەی ئێمە شاندێکی فراوان بووە. پێکهاتووە لە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت. چەند تەوەرێکی لە خۆگرتووە. لەوێ گفتوگۆی باشیان لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی کردووە. لە چوارچێوەی شاندی عێراقیدا. لەوێ باسی زۆر بابەت کراوە، کە پەیوەستن بە ڕەوشی ناوخۆی هەرێم و پەیوەندی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان. پێش چوونی شاندەکە من نامەیەکم بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نارد و زۆر بە باشی وەرگیرا و کاریگەری هەبووە لەسەر کۆی گشتی پرۆسەکە. لەهەمانکاتدا شاندەکە لەسەر زۆر بابەتی ئەمنی، وزە و پەیوەندی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمەریکا، هاوکاری نێودەوڵەتییە و باسی ئەوە کراوە پشکی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت و دڵنیام کاریگەری باشی دەبێت. چونکە ئەگەر عێراق بتوانێت قەناعەت بە ئەمەریکا و وڵاتانی بیانی بکات، کە وەبەرهێنەری بیانی زیاتر بێنە عێراق و بژێوی ژیانی خەڵك باش بێتەوە، ئەمە کاریگەری ئەرێنی لەسەر خودی هەرێمی کوردستان دەبێت. لە هەندێك لایەنیشەوە هەرێمی کوردستان خۆی دەتوانێت بیێت بە بەشێك لە چارەسەری زۆر لە کێشەکانی دیکەی عێراق بە هاوکاری نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەمەریکا. با شاندەکەی ئێمە بگەڕێتەوە و لە وردەکارییەکان ئاگادار بین هیوادارم بتوانین وەڵامی باشترمان هەبێت بۆتان. لەگەڵ حکومەتی عێراقیش ئێمە هەمیشە وتوومانە ئامادەین سەردانی بەغدا بکەین. شاندمان چەندین جار سەردانی بەغدای کردووە. ئێستاش ئامادەین، ئامادەین هەر کاتێك پێویست بێت بچین، لەوێ بەردەوامی بدەین بە گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاوتر و باشتر بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق. جا هەفتەی داهاتوو بێت یان هەر کاتێکی دیکە بێت، ئێمە چاوەڕێی ئەوان دەکەین و هەر کات ئامادەبن، ئێمە ئامادەین بچین بۆ گفتوگۆ .

مەکتەبی سیاسی: بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندان غەدرێکی گەورەیە لە داواکاریی خۆپیشاندەران

ئەوانەی فەرمانگە و بارەگاکان دەسووتێنن دەبێت بەیاسا سنووریان بۆ دابنرێت



مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی بەشێك لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتیدا هاتووە «بەکێك لە سیا جوانەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتوو، بوونی ئازادی ڕادەربڕین و ئەو چالاکییە مەدەنییانەن کە بۆ داواکردنی مافی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێن، بێگومان خۆپیشاندانیش، هەم شێوەیەکە لە ئازادی ڕادەربڕین و هەمیش چالاکییەکی مەدەنییانەیە بۆ داواکردنی مافەکانی هاوڵاتیان. هەربۆیە ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان جیا لەوەی بڕوای تەواومان بە مافی خۆپیشاندانی مەدەنیانە و هێمنانە هەیە، لە هەمانکاتدا وەك پرنسیپی سیاسیشمان پشتگیری و پشتیوانی لێدەکەین و، بە دیدی ئێمە خۆپیشاندانی هاوڵاتییان لە چوارچێوەی یاسادا، جۆرێکە لە بەشداری ڕاستەوخۆی هاوڵاتییان لە پرۆسەی سیاسی وڵات و، ئامانج لە ئەنجامدانیشی هێنانەکایەی دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی نێوان حکوومەت و هاوڵاتیانە، بۆ ئەوەی پێکەوە ڕێگەیەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و هێنانەدی خواست و داواکاری سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بدۆزینەوە.

دیارە باردۆخی نێستای کوردستان هاوشێوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، لەبەردەم چەند قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، مافی خۆشیانە داوا ڕەواکانیان بگەیەننە حکوومەت و، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانییە، کاتێك ئەم خۆپیشاندانانە ئەنجام دەدرێن، هەندێك خەڵك و لایەن، خۆیان دەخزێننە ناو خۆپیشاندەران و، ژمارەیەکی مەدەنی خۆپیشاندانەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکارهێنن و، ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر دامودەزگا حکومی و حزبییەکان دەگۆڕن، بەمەش لەلایەك جۆرێك لە ناسەقامگیری دروست دەکەن و ئاشتی کۆمەڵایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و، لەلایەکی دیکەش ئامانجی خۆپیشاندانەکە لەناو ئەو پشێوی و ئاژاوەیەدا ون دەبێت و، باردۆخەکە بەرەو قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانییە، کاتێك ئەم خۆپیشاندانانە ئەنجام دەدرێن، هەندێك خەڵك و لایەن، خۆیان دەخزێننە ناو خۆپیشاندەران و، ژمارەیەکی مەدەنی خۆپیشاندانەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکارهێنن و، ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر دامودەزگا حکومی و حزبییەکان دەگۆڕن، بەمەش لەلایەك جۆرێك لە ناسەقامگیری دروست دەکەن و ئاشتی کۆمەڵایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و، لەلایەکی دیکەش ئامانجی خۆپیشاندانەکە لەناو ئەو پشێوی و ئاژاوەیەدا ون دەبێت و، باردۆخەکە بەرەو قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانییە، کاتێك ئەم خۆپیشاندانانە ئەنجام دەدرێن، هەندێك خەڵك و لایەن، خۆیان دەخزێننە ناو خۆپیشاندەران و، ژمارەیەکی مەدەنی خۆپیشاندانەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکارهێنن و، ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر دامودەزگا حکومی و حزبییەکان دەگۆڕن، بەمەش لەلایەك جۆرێك لە ناسەقامگیری دروست دەکەن و ئاشتی کۆمەڵایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و، لەلایەکی دیکەش ئامانجی خۆپیشاندانەکە لەناو ئەو پشێوی و ئاژاوەیەدا ون دەبێت و، باردۆخەکە بەرەو قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

دیارە باردۆخی نێستای کوردستان هاوشێوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، لەبەردەم چەند قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاوڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، مافی خۆشیانە داوا ڕەواکانیان بگەیەننە حکوومەت و، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

دیارە باردۆخی نێستای کوردستان هاوشێوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، لەبەردەم چەند قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاوڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، مافی خۆشیانە داوا ڕەواکانیان بگەیەننە حکوومەت و، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

دیارە باردۆخی نێستای کوردستان هاوشێوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، لەبەردەم چەند قەیرانێکی تەندروستیی و ئابووریدایە، ئەم قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سەلامەتی و بژێوی ژیانی هاوڵاتییان کردووە، بۆیە هاووڵاتییان وەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی خۆیان بن، مافی خۆشیانە داوا ڕەواکانیان بگەیەننە حکوومەت و، لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی وڵاتیشە کە گوێ لە خواست و داوای هاووڵاتییان بگرێت و، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئاراستەیەك دەبەن کە تێگەیشتنێکی هاوبەشی لەنێوان دامودەزگاکانی حکوومەت و هێز و لایەنە سیاسییەکان و خەڵك دروست نەبێت، کە ئەمەش کۆسپ لەبەردەم هەنگاوەکانی پێکەوەیی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ داواکاریەکانی هاووڵاتییان دروستدەکات. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە ئەو کەس و لایەنانەی خۆیان دەخزێنە ناو خۆپیشاندانی ڕەوا و مەدەنییانەی هاووڵاتییان و، پاشان لە ژێر پەردەی خۆپیشاندانداً، هەڵدەکوتنە سەر نەخۆشخانە و فەرمانگە حکومیەکان و بارەگای هێز و لایەنە سیاسیەکان و، بەرد بارانیان دەکەن و دەیانسووتێنن، ئەوانە هەرگیز وەك خۆپیشاندەر مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و دەبێت بەیاسا سنووریان بۆ دابنرێت و، لە هەمانکاتدا دەبێت بە یاسا خۆپیشاندان و خۆپیشاندەرانیش بپارێزرێن و، هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئاراستەی ئاشتیانە و مەدەنیانەی خۆپیشاندانی هاووڵاتییان بە لاڕێدا نەبردرێت، کە ئەم بەلاڕێدابردنە غەدرێکی گەورەیە لە داواکاری ئەو هاووڵاتییانەیە دەکرێت کە لەپێناوی مافەکانی خۆیان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و، هاوکات پەرەپێدانی فەرهەنگێکی ناموشە لەناو کۆمەڵگەکەماندا.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە و هەموو هەوڵی خۆشی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییە دڵسۆزەکانی دیکە، پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە بوونە هۆکاری ئەم قەیرانانە و، ئەو بارگرانیەی لەسەر شانی هاوڵاتیانی خۆشەویستە سووك بکرێت کە ئێستا بەهۆی ئەم باردۆخەوە گوزەرانی قوڕس کردوون، هاوکات پشتیوانی هەموو ئەو هەوڵە یاسایانەش دەکەین کە سنوردار لە چوارچێوەی یاسادا بۆ سەرجەم ئەو کەس و لایەنە ئاژاوەگێڕانە دادەنێت کە ژینگەی ئاشتی و مەدەنییەی خۆپیشاندانەکان بەرەو ئاراستەی تووندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی و تێکدانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان دەبەن.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ئابی ٢٠٢٠

وەڵامێک بۆ ڕاگەیانراوەکەی (کەجەکە)..

شکستەکانتان مەخەنە ئەستۆی پارتی

کەجەکە هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ مەرامی سیاسی و هەوڵگری لە ناوچە سنوورییەکان دەرکەوتوون

پارتی هەمیشە هەوڵی داوە پەکەکە هەڵە سیاسییەکانی ڕاستبکاتەوە و وەک ڕەوتێکی مەدەنی ڕەفتار بکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

کەجەکە لە ڕۆژی ٢٣ی ئابی ٢٠٢٠، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و، تێیدا دەیەوێ شکستی چەندین ساڵی ڕابردووی سیاسی و جوگرافی و فکری و پێگەی جەماوەری لە پارچەکانی کوردستان بخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە لە بنەڕەتدا گومان لەسەر شێوازی خەباتی کەجەکە لای کوردستانیان و ڕەوەندی کوردی جێگەی پرسیاربووە و هەمیشە لە تەوقیتی پێش ڕووداوەکاندا بۆ خزمەتی گەمەیەکی ئیقلیمی دەستپێشخەربوونە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم قەزیەی کوردی. ئەوان لەوەتەی بە چەمکی (چیاکان میتینگەیە) لە جیاتی خەبات و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کورد لە باکووری کوردستان، یانیش (میتینگەیە بۆ باکوور) بکەنە پێڕۆی سیاسی خۆیان، هەمیشە لە ژێر ناوی دیموکراتیك بۆ گەلان، خۆیان لە چیاکانی هەرێمی کوردستان حەشاردەوە، لە شنگال بۆ پاڵپشتی حەشدی شەعبی هێزێکیان دروست کرد و لە ڕوویی فکرییەوە مێشکی مندااڵنیان دەشووشتەوە و مندااڵنی خوار تەمەنی سێزدە ساڵیشیان چەکدار دەکرد، بەناوی برایەتی گەلان، هەمیشە خزمەتی خەتێکی هەوالگری ئیقلیمیان کردەوە کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو، لە چیاکانی هەرێمی کوردستان هۆکار بووە بۆ ڕاکێشانی هێزەکانی تورکیا لە ناوچە سنوورییەکانی زاخۆ و ئامێدی تا سنووری حاجی ئۆمەران و قەندیڵ و ناوچە سنوورییەکانی هەڵەبجە، ئەوان بەناوی جڤاکەوە لە کەمپی مەخموور چەندان جار قەڵغانی مرۆییان بۆ پیلانگێڕی و نانەوەی ئاژاوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان داناوە، لە کاتی داگیرکاری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش چاوساغییان بۆ ڕاکێشانی حەشد دەکرد و لە پاڵ ئەواندا خۆیان لە شنگال قایم دەکرد.

کەجەکە وێڕای شکستی بەردەوامی لە شێوازی کارکردنیدا، هەمیشەش وەك ئامرازێك بۆ مەرامی سیاسی و هەوالگری لە ناوچە سنوورییەکان دەرکەوتوون، لە ڕووی فکرییەوە کە ڕێبازەکەیان ڕەتکراوە و جێگای پەسەندی دەوڵی و جەماوەریش نییە لە باکووری کوردستان، بەردەوام بەدوای وەهمی سیاسی کەوتوون لەو ناوانەی کە بە وەهم خستووپانەتە نێو زاکیرەی تاکەکانیان وەك هەرێمی حەفتانین و خنێرە و ئاڤاشین و هەرێمی قەندیڵ و پاراستنی میدیا و، جۆرەها هەرێمی دیکە لەکاتێکدا کە شۆڕنخەباتی خۆیان لە باکوور جێهێشتووە و هاتوون لە ناوچە سنوورییەکان خۆیان حەشاردەوە، سەربازی وەرگرتنی سەرانە لە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، وێرانکاری بەهۆی ڕاکێشانی سوپای تورکیا بۆ ناوچەکە، ڕفاندنی خەڵك و هەروەها هەندێ جاریش دروستکردنی شەپۆلی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندان لەو ناوچانە و تەقەکردن و ڕفاندن و سوکایەتیکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، کەجەکە تازە دێ تۆمەت بۆ پارتی دروستدەکاتەوە و لە ڕاگەیاندراوێکدا بەبێ بوونی ڕەهەندی مێژووی، لۆژیکی سیاسی، بەرگی شەرعیبوون، خۆیان بە بەرخۆیانی دەکەن بێ ئەوەی بزانن کە ئەوان بەگوێرەی سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان شەرعیەتی پاسایان لە هەرێمی کوردستان نییە و، تەنیا ماڵوێرانین بۆ خەڵکی ناوچە سنوورییەکان.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی وەك هاندەرێکی ئاشتی بۆ پرسی کورد لە تورکیا ئەنجامی باشی بۆ خزمەتی ئاشتەوایی سیاسی بەدەستهێنا، بەڵام کەجەکە پرسی ئاشتی لەوێ بە چەند ڕووداوێك ناشت و بەرگێکی خوێناوی بەبەر جەستەی ئاشتیدا کرد و هاوکێشەکەی گۆڕی بۆ شەڕ و دواتر بووە هۆکارێك کە خەڵکی باکوور بکەونە دۆخێکی سیاسی نالەبار بە دەستی پەکەکە و لە نیەتی پەکەکە گەیشتن کە ئەمان بەرژەوەندی خەڵکی باکووری کوردستانیان ناوێت، بۆیە کەجەکە بەزوویی لەوێ دەستی کەشف بوو و بە تێکدەر ناویان برد و کوردانی باکوور کەجەکەیان ڕەتکردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە پەکەکە هەڵە سیاسییەکانی ڕاستبکاتەوە و بتوانن وەك ڕەوتێکی مەدەنی ڕەفتاربکات، بتوانن ئەو دروشمانەی کە هەڵیگرتووە بۆ ئازادی گەلان لە باکووری کوردستان جێبەجێی بکات، بەڵام ئەمان هەر دەچنەوە ژێر ئەم چەمکەی «دەبێ لەژێر ئایدۆلۆژیەتێکی بازنەیی سیاسەت بکرێ، نەوەك سەربەخۆیی بۆ کوردستان، یان دەوڵەت بۆ کوردستان، یانیش دەستکەوت بۆ گەل»، ئێستا خەڵکی باکووری کوردستان و باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش دەزانێ، کە کەجەکە دەیەوێ لە خزمەت گەمەیەکی ئیقلیمیدا وەك شووڕەیەك بۆ تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان پێش ڕووداوەکان بکەوێ. پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە تێڕوانینی وابووە بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافی لە هەر پارچەیەکی کوردستان، ڕەسانایەتی سیاسی و حزبی کوردی لە چوارچێوەی لۆژیکدا بنەمای خەبات بە گوێرەی سیاسەتێکی ژیرانە و دیپلۆماسیانە بخاتە خزمەتی کوردستانەوە، بەگوێرەی هەلومەرجە زاتی و بابەتییان تێکۆشانی نەتەوەیی ڕێکبخەن و بتوانن حزبی بە دیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بن، نەوەك ڕەوتێك بە دەیان ناوی داتاشراو و ئاڵا و بەناوی گەلی کورد بێتە هۆی سڕینەوەی دەستکەوتەکان و بە تووندوتیژی سیاسی قەزیەی کوردی لە ناوەندە دەولیەکان وێنا بکات و لە جیهاندا وێنەی کۆرد ناشرین بکات.

کەجەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا، ئامارژەی بەوە کردووە گوایە، پارتی دیموکراتی کوردستان دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، پەکەکە بە هۆکاری ئەو هێرشانە لە قەڵەم دەدات، لەمەش زیاتر بانگەشە بۆ ئەوە دەکات ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا چەکدارانی پەکەکەی لێن و، بوونە ڕێگر لە ئاوەدانکردنەوەی سەدان گوندی ئەو ناوچەیە، بەجۆرێك قسە دەکەن وەك ئەوەی ئەوان حاکمی موتڵەق بن و، بە ناوچەی خۆیان پێناسەیان دەکەن و هیچ ئیعتبارێك بۆ شکۆ و سەروەری هەرێمی کوردستان دانانێن.

سەبارەت بەم چەواشەکارییە، ڕاشکاوانە دەڵێین، هەرێمی کوردستانی عێراق، هەرێمێکی دانپێدانراوی دەستوورییە لە چوارچێوەی دەستوری عێراق و، خاوەنی پەرلەمان و حکوومەت و دامەزراوەی شەرعی خۆیەتی، بۆیە هەر هێز و لایەنێکی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە بەناچاری و لەبەر ئەو باردۆخە تایبەتەی لەوڵاتەکانی خۆیان هەیە، دێنە هەرێمی کوردستان، ئەوا پێویستە ڕێز لەسەروەریی و یاساکانی هەرێمی کوردستان بگرن و لەچوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی بۆیان دیاری دەکرێت، دەبێت خەباتی سیاسی خۆیان بکەن و، هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و دەستوری تووشی کێشە و ئاڵۆزی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ نەکەن. لەم ڕوانگەیەوە کاتێك دەوڵەتی تورکیا بەبیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکە سنووری عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەزێنێت و هێرش دەکاتە سەر گوندە سنوورییەکانمان، سەرکردایەتی پەکەکە لەبری ئەوەی هاریکاری پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئەوەی تورکیا بیانوو بڕ بکات، کەچی خۆیان زەمینە بۆ دەستێوەردان و هێرشەکانی تورکیا زیاتر دەکەن، کە ئەمەش لە هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە قبوڵ کراو نییە و، جۆرێکە لە خۆ سەپاندن بەسەر شکۆ و سەروەری ئەو دەوڵەتەی ئەوان بوونیان تێدا هەیە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیانراوەکەی کەجەکەدا هاتووە، گوایە ئەم داوا شەرعیەی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان بۆ ڕیزگرتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی ئەو هێزەی کردووە، بەوە لە قەڵەمیان داوە، کە ئەمە مانای ئەوەیە: (دەست لە بەرخودانەکەتان لە دژی کۆماری تورکیا هەڵگرن!)، ئەم قسەیە بە ئاستێکی وا نزم نووسراوە، وەك ئەوەی چەکدارانی پەکەکە توانییێتیان لەناو خاکی کوردستانی تورکیا پێگەیەك بۆ خۆیان ئازاد بکەن و لەوێوە خەباتی چەکداری بکەن و، ئەوەشی کە نایەڵێت ئەوان خەباتی چەکداری لە چیاکانی کوردستانی تورکیا بکەن، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە. سەبارەت بەو بانگەشە ئاست نزمەیان دەڵێین: باشە کێ ڕێگەی لێگرتوون ئێوە خەبات لە کوردستانی تورکیا بکەن و، بۆجوامێرانە بەشێك لەو ناوچانە بۆ خۆتان ئازاد ناکەن و لەوێ دڕێژە بە خەبات و چالاکی خۆتان بدەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بەرخودان دژی کۆماری تورکیا دەکەن و لێرەوە داکۆکی لەمافی ڕەوای کوردانی کوردستانی باکوور دەکەن؟ یان خەباتی چەکداریتان لە کوردستانی تورکیا پێ ناکرێت و لە بنەڕەتدا بە ئامانجی دروستکردنی گێچەڵ بۆ خەڵك و پەرلەمان و حکوومەت و تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لێرەن، ئێوە ئەگەر ئەو جوامێریەتان هەیە کە بەرخودان دژی کۆماری تورکیا دڕێژە پێبدەن، ئەوا دەبێت لەناو خاکی کوردستانی تورکیاوە ئەو بانگێشەیە بکەن، نەك لە شوێنێکی دیکە کە سەدان کیلۆمەتر لە کوردانی کوردستانی تورکیا دوورە.

هەر لە ڕاگەیاندراوەکەدا، کەجەکە، باس لە جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە لە زینی وەرتێ دەکات، لەمەشدا زۆر بێبایانە بە شێوەیەك قسە دەکەن، وەك ئەوەی زینی وەرتێ بەشێك نەبێت لە خاکی هەرێمی کوردستان و، وای پیشاندەدەن، جێگیرکردنی پێشمەرگە بە بریاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچەیە، پێشێلکردنی مافی ئەوان بێ! بەمانایەکی دیکە سەرکردایەتی پەکەکە بە چ لۆژیکێك ئەو مافەیان داوە بەخۆ کە لە چوارچێوەی سنووری یاسایی و دەستوری هەرێمی کوردستان، سنور بۆ جوڵاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکەن، ئەم بانگێشانە لەگەڵ ئەوەی خۆی لە خۆیدا بێ بەهاکردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی یەکێتی نەتەوەیی نێوان کوردانە، لە هەمانکاتدا، خۆسەپاندنێکی زەق و بەرچاوە و هەرگیز قبوڵ ناکرێت و، خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بەو قسە باق و بریق و چەواشەکارانە هەڵناخەڵەتێت و، دەزانن ئاراستەی ڕاستی ڕەوتی ڕووداوەکان چۆن و لە کوێوە دەچنە پێش.

لە دڕێژەی ڕاگەیانراوەکەدا، کەجەکە دەڵێت، ئێمە چووین بە هانای کوردانی ئێزدی لە دەڤەری شنگال، ئەمە لەکاتێکدایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پلانی دانابوو لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان بچێتە ناو کۆچۆ و کوردانی ئێزدی لە گەمارۆی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا کەجەکە دەتوانێت ڕاشکاوانە بە ڕای گشتی کوردستان بڵێت: چ هێزێك بوو کە نەیهێشت ئەو پرۆسە هاوبەشەی هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان بۆ ڕزگارکردنی کوردانی ئێزدی لە کۆچۆ ئەنجامبدرێت؟ لەمەش زیاتر، جێگەی خۆیەتی ئەوەش بە ڕای گشتی کوردستان ڕابگەیەنین، کە ئەو هێزەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی شنگالی چەند جارێك دواخست، هەر چەکدارانی پەکەکە بوون لەو ناوچەیە و، پاش ئەوەی بە قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شنگاڵ ڕزگارکرایەوە، بەشێکیان لە شنگال دابڕی و کانتۆنتان تیا ڕاگەیاند و، دەستان لەگەڵ حەشدی شەعبی تێکەڵکرد و لەجیاتی ئاڵای کوردستان ئاڵای پەکەکەیان لێ بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بانگهێشتی سوپای تورکیا بکەن جارێکی دیکە کوردانی ئێزدی قەتڵ و عام بکرێتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئەرکی سەرشانیەتی بەرگری لە هەر بستە خاکێکی کوردستان بکات و هەرگیز نایکات بە منەت بەسەر هاونیشتمانیانی خۆیەوە، بەڵام هەروەك نموونە کاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان چوو بە هانای کۆبانێ، دوای ڕزگارکردنەوەی کۆبانی، نایە هیچ پێکی شارەکەی کۆنترۆڵ و زەوتکرد لە خەڵکەکەی، یان دوای ئەوەی ئەرکە نیشتمانییەکەی خۆی بەسەربەرزی ئەنجامدا، گەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان؟ پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و بەرگریتان لە کوردانی ئێزدی کردووە بۆ دوای ئازادکردنەوەی شنگال، شنگال بۆ ئێزدییەکان چێناهێڵن و، بۆچی جارێکی دیکە دەیانکەنەوە بە قۆچی قوربانی مەرامە خراپەکانی خۆتان؟

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەی، کەجەکە، ئامازە بە یەکێتی نەتەوەیی دەکات، بەڕاستی گاڵتە ئامێزە کە ئەوان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن باسی یەکێتی نەتەوەیی کوردان بکەن، لێرەدا گرنگە زۆر ڕاشکاوانە ڕای گشتی لەوە ئاگادار بکەینەوە و بپرسین، ئایا هەر پەکەکە نەبوو، کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی پەکخست و نەهێشت ئەو ئەنجومەنە نەتەوەییە دروست ببێت؟ ئایا هەر پەکەکە نییە کە ئاڵای کوردستان دەستوتێنێت و ئەوانەشی ئەو ئاڵایە بەرزدەکەنەوە لێیان دەدات و سووکایەتیان پێ دەکات؟ پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئاڵای کوردستان ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستانە ئێوە دەیسووتێنن؟ ئایا ئەو ئاڵایە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ ڕەمز و هێمای نەتەوەیەکی داگیرکراوی بێ دەوڵەت نەبووە و بۆیە کەمین جار لە کۆماری کوردستان نەشەکایەوە؟

چەواشەکارییەکانی ناو ڕاگەیەنراوەکەی کەجەکە بە ئاستێك لە بەها نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دامااڵراوە کە پێویست بوو پەردە لەسەر ئەو چەواشەکارییانە هەڵبگرین و، ڕای گشتی لە ڕاستییەکان ئاگادار بکەینەوە، بۆیە لەدوماهیدا هەر هێندە بە کەجەکە دەڵێین، هێزێکی سیاسی لافی کوردبوون لێ بدات و، بەکردەوەش ئاڵای کوردستان بسووتێنێت و گێچەڵ و ئاشوب بۆ نەتەوەکەی خۆی دروست بکات، دەبێت شەرم بکات باس لە یەکێتی نەتەوەیی کوردان و بەرخودان و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بکات و دواجاریش گوناحی پارتی چییە کە کەجەکە شکستی فکری و پێگەی جەماوەری لەنێو پارچەکانی کوردستان دەخاتە ئەستۆی پارتی؟ گوناحی پارتی چییە کە کوردستانیان لە باکوور و ڕۆژئاوا، لە باشوور و ڕۆژهەڵات ماسکی سەر کەجەکەیان لادەدات و ئیدی تێگەیشتوون کە ئەم کۆمەڵە بەناو جڤاکە ئەوەندەی لە بەرژەوەندی ئەجێندایەکی دەرەکی تێدەکۆشێ، هێندە بۆ پرسی کورد و، وەکو هێزێکی ڕەسەنی کوردستانی خەبات ناکات.

بەشی ڕۆژنامەوانیی
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی ئابی ٢٠٢٠

داواکاری گشتی:

ئەوانەی هانی خەڵکیان داوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت

شەوی یەکشەممە، لە شاری هەڵەبجە و لەژێر ناوی خۆپیشاندانەوە هێرش کرایە سەر ژمارەیەك فەرمانگەی حکوومەت و بارەگای حزبی و، لە ئەنجامدا زیانێکی ماددیی زۆر بە مواڵکی گشتی گەیشت، ئەندامێکی داواکاری گشتیش پێی وایە، دەبێت هەر خۆپیشاندانێك لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت و دەشڵێ: هەر کەسێك بەشدار بووبێت یانیش هانی خەڵکی دابێت بۆ زیانگەیاندن بە مواڵکی گشتی، بەپێی یاسا سزایان بۆ دیاری کراوە.

د. محەمە ڕێکانی، ئەندامی داواکاری گشتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «لە چوارچێوەی یاسا و بەپێی دەستوور، هەر خۆپیشاندان و داواکارییەك بکرێت، لەو کاتەوە کۆتایی دێت کە دەبێتە ڕەفتارێکی تێکدەر، هەر ڕەفتارێك لە بۆچوون و داواکاریی خۆی دەڕچوو، دەبێت بە تاوان، بۆ نموونە زیانگەیاندن بە مواڵکی گشتی و دەزگاکانی حکوومەت و هی خەڵك و هەر شوێنێکی دیکە، چونکە دەڕچوونە لە یاسا و دەستوور».

ئەو ئەندامەی داواکاری گشتی دەشڵێت: «هەر خۆپیشاندانێك بەڕێوە ببرێت، پێویستە لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی خۆپیشاندانەکان بەڕێوە دەبەن و دەبێت هەندێ ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەزگاکانی دەڵەت و شوێنە گشتی و تایبەتەکان هەبێت، بۆ نموونە ئامانجی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان دیار بێت و چوارچێوەیەکیش هەبێت و لێی دەرنەچن، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ئەگەر کەسێك سەرپەرشتیار و هاندەری خۆپیشاندان نەبێت، ئەوە بە شێوەیەکی هەرەمەکی بەڕێوەدەچێت و زیان بە مواڵکی گشتی دەگەیەنن، ئەوەش دەبێتە تاوان و سزای خۆی هەیە».

ڕێکانی ڕوونی کردەوە: «هێرشکردن بۆ سەر مواڵکی گشتی و حکوومەت، بەپێی یاسا سزای بۆ دیاری کراوە و پێویستە قەرەبووی زیانەکانیش بکەنەوە، دوو جۆر تۆمەتباریش هەیە لە نانەوەی ئاڵۆزی و زیانگەیاندن بە مواڵکی گشتی و تایبەت، یەکێکیان تۆمەتباری ڕاستەوخۆن کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەیە و تۆمەتباری دووەمیش ئەو کەسەیە کە هانی خەڵکی داوە هێرش بکەن یان زیان بگەیەنن بە شوێنێك، ئەوەش بەشدارە لە تاوانەکەدا».

دکتۆر محەمەد زیاتر گوتی: «هێرشەکانی شەوی یەکشەممە بۆ سەر فەرمانگەکانی حکوومەت لە هەڵەبجە، لە ژێر چاودێریی داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت و داواکاری گشتی نوێنەرایەتیی مافی گشتی دەکات، لەو ڕووداوانەشدا، هەر کەسێکیش بەشدار بێت یانیش هەر کەسێك چەکی بە خەڵك دابێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان هانی خەڵکی دابێت بۆ تێکدان و زیانگەیاندن بە مواڵکی گشتی، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت».

وەزیری دارایی چەند بڕیارێکی تایبەت بە چاکسازی واژۆ کرد

ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، واژۆی لەسەر چەند بڕیارێکی تایبەت بە چاکسازی لە سیستمی باج کرد.

بەگوێرەی نووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی بڕیارەکان بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی لێخۆشبوون لە باج بۆ پرۆژەکانی گەشتوگوزار و لێخۆشبوون لە باجی زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەڵدەوەشێندرێتەوە، بۆیە پێویستە وەبەرهێنەران پابەند بکرێن بەدانی باجی زەوی پرۆژەکانیان.

هەر بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی، گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای ماس هەڵدەوەشێندرێتەوە کە تایبەتە بەلێخۆشبوون لە باج تاکو ٢٠٣٦/٢/٢٥ بۆیە پێویستە کۆمپانیای ماس پابەند بکرێت بە دانی باجەکەی لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی ژمارە ١٣ لە ٢٠١٩/٨/٧.

وەزارەتی ئەوقاف مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگای ئەزهەر ڕاگەیاند

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگای ئەزهەری سەر بەوەزارەت ڕادەگەیەنێت

لەنوسراوێکدا کەوێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، پەیمانگای ئەزهەری سەربە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان وەرگرتنی قوتابیانی لە پەیمانگاکەدا ڕاگەیاند .

پەیمانگاکە ڕایدەگەیەنێت ئەو کەسانەی ئارەزوومەندن لەم پەیمانگایەدا دەرێژە بەخوێندن بدەن پێویستە چەند مەرجێکیان تێدا بێت.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکەی پەیمانگا مەرجەکانی وەرگیران بریتین لەوەی کە پێویستە ئارەزومەندان تەمەنیان لە ١٢ ساڵ کەمتر نەبێت و لە١٥ساڵیش زیاتر نەبێت و دەرچووی شەشەمی بنەرتی بن و تێکڕای نمرەکانیان لە ٧٠٪ کەمتر نەبێت.

ئاماژە بەوەش دەکەن کە دەرچوانی پەیمانگای ئەزهەر لە هەرشوێنێك بن دەتوانن بەبێ بەرانبەر دەرێژە بە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بدەن.

هەڵمەتی نیشتمانی بۆڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنا

دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٨/٢٤ ، لە شاری سلێمانی هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی کۆرۆنا دەستپێکرد و هەڵمەتەکەش ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت.

بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بڵاوی کردەوە دوێنێ دووشەممە بەسەرپەرشتی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ، بەهاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و بەچاودێری پارێزگاری سلێمانی و ئامادەبوونی نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنا لەناو بازاڕی شاری سلێمانی دەستپێکرد.

ڕاشیدە گەیەنن ، لەگەڵ دابەش کردنی دەمامکدا ڕێنمایی پێویست و زانیاری تەندروستی بەهاوڵاتیانی شاری سلێمانی دەدرێت و داوا لەهاوڵاتیان دەکرێت لەپێناو ژیانپارێزی گشتیدا پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بن و دەمامك و دەستکێش لەشوێنە گشتی و قەرەباڵغەکاندا بەکاربهێنن.

سلێمانی.. مەرج و ڕێکارەکانی تاپۆکردنی زەوی و خانووە زێدەڕۆکان

لەڕاگەیاندراوێکدا مەرج و ڕێکارەکانی تاپۆکردنی زەوی و خانووە زێدەڕۆکانی سنوری شارەوانی پارێزگای سلێمانی بڵاوکرایەوە.

پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت ، بە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)، کە تایبەتە بە خاوەنکردنی ئەو زەویانەی کە زیادەڕەوی کراوەتە سەر و بۆ زیاتر ڕاپەڕاندنی کاری هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی مادەی (٢) بڕگەی (٣)ی بڕیاری سەرەوە، پێویستە زیادەڕەوکار ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش بە لیژنەکە بکات لە بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی پارێزگای سلێمانی:

١- باری شارستانی + ڕەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتمانی.
٢- پشتگیری ناسایش + پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەک.
٣- فۆرمی خۆراک.
٤- پسوولەی ئاو و کارەبا.
٥- قەسام شەرعی ئەگەر زیادەڕەوکار وەفاتی کردبێ.
٦- لە یەک خانوو زیاتر داوا نەکات بۆ تەملیک کردن.
٧- پێویستە زیادەڕەوکار تەمەنی سەروو (١٨) ساڵ بێت.

دهۆك پێشوازی له گەشتیاران دەکات



لە سنووری پارێزگای دهۆك پێشوازی لە گەشتیاران دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە مانگی شوباتی ئەمسالەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا شوێنە گەشتیارییەکان داخرابوون.

دیندار مەحفووز، بەرپرسی بەشی کۆمپانیاکان لە گەشتوگوزاری دهۆك، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «لە سنووری پارێزگای دهۆك ٨٠ کۆمپانیا و نووسینگەی گەشتوگوزار هەن و ساڵانێکە کار بۆ هێنان و بردنی گەشتیار دەکەن، دوای هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆش، لەمەودوا کۆمپانیاکان دەتوانن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانەوە گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای دهۆك بێنن».

بەرپرسەکەی گەشتوگوزاری دهۆك ئاشکرای کرد: «ساڵی رابردوو ٥٠٠ هەزار گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دهۆك بکەن، کە هەموو ئاسانکارییەکیشیان بۆ دەکرێت».

ئەمساڵ پێشوازی لە ٧٥٠ هەزار گەشتیار بکەین، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا پلانەکە جێبەجێ نەکرا».

مەحفووز دەشڵێت: «ئەمساڵ تەنیا هەندێ گەشتیار لە دوو مانگی یەکەمدا سەردانی دهۆکیان کردبوو، دواتر ڕاگیرا و ئێستاش گەشتیاران دەتوانن بەپێی ڕێنمایی خۆپارێزی سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دهۆك بکەن، کە هەموو ئاسانکارییەکیشیان بۆ دەکرێت».



گەنجێن خوبەخش شینواریّ پرا دەلال پاقژ دکەن

خەبات / زاخو

ل زاخو هەوەکا پاقژکرنا شینواریّ پرا دەلال ژلایێ پتر ژ ١٥٠ گەنجێن خوبەخش قە هاتە ئەنجام دان.

دڤێ هەوا پاقژکرنێ دا یاکو بەرپرسێ لقێ هەشت یێ پارتی دیموکراتی کوردستان عەلی عەونی و هەژمارەکا بەرپسیارێن دەڤەرێ تێدا بەشدار بوین، تەکەست ل سەرگرنگی یا پاراستنا پاقژیا شینواریّ پرادەلال هاتە کرن کو ب ئێك ژ جهێن گرنگ یێن شینواری وگەشت وگوزارێن ل سەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ وعیراقێ دئێتە ناسکرن،وئەڤ جهە ب ناسنامەیا دیروکی وگەشت گوزاری یا دەڤەرا زاخو دانە زانین هەربڤێ هەلکەفتنێ ریڤەبەریّ شینواریّن پاریزگەها دهوك حسن قاسم سمینارەك ل دور دیروك وگرنگیا شینواریّ پرا دەلال پێشکێشکر، وتێدا روناهی دا سەر چەند لایەنێن گرنگ یێن قی شینواریّ دیروکی.

ژهەژی ئاماژەپێکرنیێ یە ل گور نویترین ڤەکولینێن شینواری یێن کو ژلایێ ریڤەبەریا شینواریّن پاریزگەها دهوك ڤە هاتینە ئەنجام کو دیروکا ئافاکرنا پرا دەلال ل زاخو ڤەدگەریتە (٤٧٤ ــ ٤٩١) زانینی ول سەردەمی ئیمبراتوریا بیزەنتینی.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، ئەحمەد عەباس کاکل ئاغا

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتان خاتوو(نەزیرە ڕەشید مەجید ئاغای گەردی)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانیپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێز، خانەوادەی ئیسماعیل حەمە سەلکە

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ڕانییە(ئیسماعیل حوسێن)ناسراو بە(ئیسماعیل حەمە سەلکە)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانیپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێز، حەسەن ناسر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی براتان(فەرخ ناسر فەرخ)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لەبەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانیپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێز، دکتۆر کاوە شێرەوانی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو(نافعە شێمحەمەد) مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و ماڵباتە نیشتیمانیپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاسنامە

ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٦، بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، کاکە ئاوارەی بڕامان، گیانی لە دەستدا و جوانەمەرگ بوو، بۆ خێزان و منداڵەکانی و، بۆ تێکڕای خانەوادەکەمان، کۆستێکی ئەوەندە گەورە بوو کە بەهیچ شتێک کەلێنی پڕناکرێتەوە. بەهۆی پابەندبونمان بە ڕێنماییەکانی تەندروستی مەراسیمی پرسەمان دانەنا،بەڵام هاوسۆزی و هاوخەمی خەڵکی بە ئەمەک و دڵسۆز، بەشێک لە ئازار و دەردەکانی کەم کردینەوە کە جێگای ڕێز و ستایشی زۆرمانە، بەتایبەتیش:

- زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە هەر چەند دەقەیەک پاش مەرگی بڕامان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوندیان پیوەکردین و بە وشە گەرم و وەرە بەخشەکانیان، بەشێکی زۆری لە ئازار و ئێشانی کەم کردەوە.
- زۆر سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی هەرێم جەنابی کاک نێچیروان بارزانی و سەرۆکی حکومەت جەنابی کاک مەسرور بارزانی دەکەین کە بە تەلەفۆن سەرەخۆشیان لێکردین و هاوخەمی خۆیانیان بۆ تێکڕای خانەوادەکەمان دەربڕی.
- زۆر سوپاسی هەڤالانی بەڕێز سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتیمان دەکەین کە بەڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندییان پێوەکردین و سەرەخۆشیان لێکردین.
- سوپاسێکی گەرمی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی دەکەین کە بەڕێگای تەلەفۆن هاوخەمی خۆیانیان پێڕاگەیاندین.
- سوپاسێکی زۆری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات دەکەین کە بە ڕێگای تەلەفۆنەوە سەرەخۆشیان لێکردین.
- سوپاسی تەواوی کەسایەتیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەکادیمیەکان و ئەفسەر و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و خوشک و برا و هاوڵاتیانی دڵسۆز و، تێکڕای دۆست و خزمان، لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دەکەین کە بە نامە و بروسکە یاخود لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هاوخەمی و خەفەتباری خۆیانیان پێگەیاندین.
- جارێکیتر سوپاستان دەکەین، خودای گەورە پاداشتی هەموولایەک بداتەوە و ئاگاداری سەلامەتی و تەندروستی هەموان بێ.

لە لایەن بنەماڵەی مامۆستا مەحەمەد مەلا قادر

دوای چەند مانگێک لە داخستنی ناوچە گەشتیارییەکان
کەرتی گەشتیاری پارێزگای هەڵەبجە روو لە بوژاندنەوە دەکات



خەبات: عەلی بانیشاری

داخستنی ناوچە گەشتیارییەکان بۆ ماوەی چوار مانگ زیانێکی زۆری لە کەرتی گەشتیاری پارێزگای هەڵەبجە داوە. بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە دەڵێت: داوامان کردووە کرێی ئەو مووڵکانە کەم بکرێتەوە کە هی حکوومەتن و مووڵەتی گەشتوگوزاریان هەیە. لە جەژنی قوربانەوە ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە بەرووی خەڵکی ناوچەکەدا کراونەتەوە، ئەمەش وایکردووە کەرتی گەشتیاری ئەو سنوورە روو لە بوژاندنەوە بکات.



وەهاب ئەمین:
ئەوەی کەرتی گەشتیاری هەڵەبجە لە پارێزگاکانی دیکە جیادەکاتەوە جۆراوجۆریی ناوچە گەشتیارییەکانە

وەهاب ئەمین مەیکە، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە دەڵێت: تائێستا ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە بە فەرمی نەکراوەتەوە، چونکە هێشتا مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر هاونیشتمانیان ماوە. دەشڵێت: بەهۆی بەردەوامی قەدەغەی هاتووچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێم و عێراق گەشتیارانی خوار و ناوەڕاستی عێراق روو لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە ناکەن. گوتیشی: ئەوانەی روو ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن سەیرانکەرن نەک گەشتیار. ئاماژەی بەوەشدا: بەبڕیاری ژووی نۆپراسیۆنی پارێزگای هەڵەبجە ناوچە گەشتیارییەکان بەڕووی دانیشتوانی ناوچەکەدا بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان کراونەتەوە.

لەبارەی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاری عەرەب بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە و هەورامان، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە گوتی: ئەو گەشتیارە عەرەبانەی رووبان لە ناوچە گەشتیارییەکان کردووە دانیشتوانی سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانن، نەک پارێزگاکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق.

باسی لەوەشکرد بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان تائێستا چەندین خاوەن دوکان و ڕێستۆرانت ئاگادارکراونەتەوە و غەرامەکراون.

وەهاب ئەمین هێمای بۆ ئەوەشکرد قەدەغەی هاتووچۆ و داخستنی شوێنە گەشتیارییەکان زیانێکی زۆری لە کەرتی گەشتیاری پارێزگای هەڵەبجە داوە و ژمارەی گەشتیاری بەتەواوی کەمکردووەتەوە. سالانە و لەم وەرزەدا هاوینە هەواڕەکانی هەڵەبجە جمەیان دەهات لە گەشتیار، بەڵام ئەمساڵ لە سەرەتای وەرزی بەهارەوە تا کۆتایی مانگی حەوت ناوچە گەشتیارییەکان بەداخراوی مانەوە. چەند دوکاندارێکی هاوینە هەواری ئەحمەدتاوا بە (خەبات) یان گوت: ماوەی سێ هەفتەیە ناوچە گەشتیارییەکان قەرەبالّخ بوونەتەوە، بەڵام وەکو سالانی ڕابردوو نییە.

ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت: گەورەترین کەرت کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زیانی بەرکەوتبێت کەرتی گەشتیارییە. سەبارەت بە پابەندبوونی گەشتیاران بە ڕێنماییە تەندروستییەکان، وەهاب ئەمین گوتی: لیژنەکانمان بە بەردەوامی دەگەڕێن، بەڵام ناکرێت هەر گەشتیارێك پۆلیسێکی بۆ دابنرێت. لەبارەی لێخۆشبوون یان کەمکردنەوەی کرێی دوکان و ڕێستۆرانتەکانی ناوچە گەشتیارییەکان، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە گوتی: داوامان کردووە چاوێك بە کرێی ئەو مووڵکانەدا بخشێنرێتەوە کە مووڵکی حکوومەتن و بەکرێ دراون بە هاوڵاتیان.

ئەوەشی گوت: لە ژێر ڕۆشنایی زۆری ژمارەی گەشتیارانی سالّی ڕابردوو ئەگەر کرێی مانگانەی دوکانێك یان ڕێستۆرانتێك لە 2019دا یەك ملیۆن دینار بووبێت ئەوا ئەمساڵ دوو ملیۆن دینارە، بۆیە پێویستە کرێی ئەو مووڵکانە کەم بکرێتەوە، چونکە کرێچی زەرەرمەند بووە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان سالّانە زیاتر لە 50 هەزار گەشتیار ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەکەن. بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزای هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت لە 90%ی ئەوانەی ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن گەشتیاری پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقن. لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە 36 خاڵی گەشتیاری هەن. لەوانەش (مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، مەرقەدی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارە و تەوێڵە و باخەکۆن، هاوینەهەواری ئەحمەئاوا، ئاوێسەر، چاوگ، عەبابەیلێ، هاوار، باباناوس لە گوندی سەرگەت، مزگەوت و گەڕاوی خورماڵ...هتد).

وەهاب ئەمین دەڵێت: ئەوەی کەرتی گەشتیاری هەڵەبجە لە پارێزگاکانی دیکە جیاکردووەتەوە جۆراوجۆریی ناوچە گەشتیارییەکانە. نمونەی ئەوەش دەهێنێتەوە لە سنووری هەڵەبجە خاڵی گەشتیاری ئاینی و مێژووی و شوێنەواری و چارەسەری سروشتی هەن. دەشڵێت: لە هەر چوار وەرزەکەدا سنووری پارێزگای هەڵەبجە خاڵی گەشتیاری هەیە و گەشتیار ڕووی تێدەکات. پیشەی دەستی و خواردنە کۆردەواریەکانی تایبەت بەناوچەکە و هەڵوەرینی گەڵاری دار گوێزەکانی هەورامان لە پارێزدا و بارانی بەفرێکی زۆر لە زستاندا وایکردووە گەشتیاران زیاتر ئاڕەزووی گەشتکردنیان بۆ هەڵەبجە و هەورامان بکەن.

جووتیاران لە کێڵگەیەکی جێهێڵدراو لەنێو شاری دهۆک چەلتووکیان چاندووە
سەرکەوتنی چاندنی برنج لەناو شاری دهۆک هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کردووە





خەبات: دهۆك

پارێزگای دهۆك بە چاندنی برنجی خۆماڵی بەناوبانگە، ئەوەیش بەهۆی گونجاوی ئاو و هەوای ناوچەکە بە تایبەتیش لە قەزاکانی ئامێدی و ئاکرێ، بەڵام ئەمە بۆ جاری یەکەمە برنجی خۆماڵی لەناو شاری دهۆك لەلایەن جووتیارێکەوە دەچێندرێت.

ئەو جۆرە برنجە خۆماڵییە پێ دەگوترێت، چەلتوکی شەش مانگیی یان (شەش مەیی) و لە باشترین جۆرەکانی برنجی کوردییە لە پارێزگای دهۆك لە هەرێمی کوردستان.

سەدیق جەبەلی: ئێستا یەکەم درووێنەی بەرهەمەکە دەکەین کە ئەمەیش دوا درووێنە نییە

ئەم جۆرە برنجە خۆماڵییە بۆ چاندنی پێویستی بە پلەی گەرمی بەرز هەیە، و پشت بە ئاوی باران نابەستێت، بەڵکو بەدرێژایی ماوەی چاندنەکەی بۆ شەش مانگ دەبێت ئاو بدرێت، جگە لەوەیش بەوە ناسراوە کە برنجێکی بە برشتە و نرخی یەك کیلۆی لە نێوان سێ بۆ پێنج هەزار دینار بەپێی جۆری برنجەکە دەگۆڕێت.

سدیق جەبەلی یەکێك لەو جووتیارانەی کە ئەم جۆرە برنجەی لە ناوەندی شاری دهۆك چاندووە، دەڵێت: ئێستا یەکەم درووێنەی بەرهەمەکە دەکەین کە ئەمەیش دوا درووێنە نییە، هەروەها ئەوەی ئێستا دەکەین بریتییە لە پەرچکردنی ڕووەکەکە و ئامادەکردنی بۆ درووێنەی کۆتایی لە مانگی تشرینی یەکەم.

گوتیشی: بەپێتی زەوییەکە بووەتە هۆی ئەوەی ڕووەکەکە بەباشی و بەخێرایی گەشە بکات، قەدەکەی زیاد لەپێویست درێژ دەبێت، بۆیە دەست بە پەرچکردنی قەدەکەی دەکەین.

سدیق جەبەلی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هیچ کاتێك نەمبینووە برنج بەم شێوە گەشە بکات و درێژ بێت، بۆیە پێویستە دەکات نیوەی درێژەکەی پەرچ بکرێت یان بیدرێت، تاکو بەرهەمێکی باشمان لە مانگی تشرینی یەکەمدا دەست بکەوێت، هەروەها ئەگەری هەیە ڕووەکەکە بەهۆی درێژبوونی بکەوێت، بۆیە ئێستا ڕووەکەکە پەرچ دەکەین یان دەیبڕین تاوەکو لەکاتی درووێنەکردندا زیان نەکەین.

جەعفەر ڕەشید کە خاوەن کێڵگەی کشتوکاڵییە لە ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ یەکەمجارە برنج لەناو شاری دهۆك دا دەچێندرێت و گوتی: کەس پێشبینی سەرکەوتنی چاندنی ئەم برنجە خۆماڵییەی نەدەکرد، چونکە ئەو زەوییەی کە برنجەکەی تێدا چێندراوە، بۆ ماوەی زیاتر لە 16 ساڵ بوو جێهێڵڕاوە هیچی تیایدا نەچێنرابوو.

گوتیشی: خەڵکی پێیان وابوو کە چاندنی برنجی خۆماڵی لەناو شاری دهۆك سەرکەوتوو نابێت، بەڵام بەپێچەوانە دەرکەوت، برنجەکە بوو و سەرکەوتنێکی باشی هێنا، چونکە ئەم جۆرە برنجە پێویستی بە پلەی گەرمی بەرز هەیە، ئەمساڵیش پلەی گەرما لەناوچەکەدا زۆر بەرزبوو.

سەبارەت بە جۆری برنجە خۆماڵییەکەیش جەعفەر ڕەشید گوتی: ئەم جۆرە برنجە خۆماڵییە ناوی برنجی شەش مانگییە (شەش مەیی) و جۆری لاریتویا و عەنبەر نییە (جۆرەکانی برنج)، لە سەرکەوتووترین برنجی شەش مانگییە لە ناوچەکە.

گوتیشی: کاتێك ئەم جۆرە برنجە خۆماڵییە لێرە چێندرا، خەڵکی دەیانگوت سەرکەوتوو نابێت، بەڵام سەرکەوتووبوو و بەشێوەیەکی باشیش گەشەی کردووە، بۆیە خاوەنەکەی ئێستا دەستی کردووە بە پەرچکردنی ڕووەکەکە و بەشە زیادەکەی و بڕینی درێژییەکەی تاوەکو بەرهەمێکی باشی دەست بکەوێت.

جووتیاران بۆ بڕین و پەرچکردنی قەدی ئەم جۆرە برنجە داس بەکاردەهێنن و دوای بڕینی قەدی برنجەکە، پاشماوەکەی لە شوێنێکدا کۆدەکەنەوە و بەمەش کێڵگەکە ئامادە دەبێت بۆ درووێنەی کۆتایی لە مانگی تشرینی یەکەم.

برنج لەو ڕووەکانەیە کە لە گۆمێکی بەر لەئاو دەچێندرێت و بەردەوام پێویستی بە ئاودێری هەیە و لە ژینگەیەکی شێدارادا دەچێندرێت کە درێژییەکەی دەگاتە مەترێك یان زیاتر.





عایشە دایکێکی زیندوو لە دڵی میژوودا

سەدیق سەعید ڕواندزی

لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد دا، زۆر نموونەی گەورەی قوربانیدان و خۆبەختکاری و خۆڕاگری هەن، کە بوونەتە داستانێك لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوو دا. هاوکات بەشێك لە یادەوەریی نەتەوەییانەی ئێمە. ئەم ڕووداوانە، هەرتەنها بەهایەکی مێژووییان نییە، بەڵکو بەهایەکی ئاکاریی و شۆڕشگێڕیی و نەتەوەیی گەورەشیان هەیە کە مرۆڤ لێیەوە فێری وانەی ژیان و خۆڕاگریی و ئازایەتی دەبێت. ئەم نموونانە لە قوربانیدانی گەورە لەپێناوی نیشتمانداا،مانایەکی دیکە بە بوون و شوناسی ئێمە لە ئاستی نەتەوەییدا دەدەن. شوناسێك کە بەردەوام لەلایەن دوژمنانەوە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی دەدرێت. بێگومان چییە وادەکات، بە درێژایی مێژوو ئەو شوناسە بە پارێزراویی بمێنێتەوە؟ بەرگریکردنە لەو شوناسە لە ڕێی خۆبەختکاریی و گیانی بەرەنگاربوونەوە و قوربانیداندا. ئەم خۆبەختکارییە لە ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕبوونێکی پتەو بە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سەرچاوە دەگرێت. باوەڕبوونێك، کەلای وایە هیچ شتێك بە گیانی مرۆڤیشەوە، بەهای ئازادی و سەربەستی نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراوی نییە.بۆ ئەوەی ئەو شوناسە لە داگیرکاری بپارێزرێت، دەبێ قوربانیدان، وەك باوەڕبوونێکی گەورەی نەتەوەیی و مرۆیی بوونی هەبێت. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەو باوەڕە نەتەوەییە لە گیانی دایکە عایشەدا نەك هەر بوونی هەبوو، بگرە لە ئاستێکی یەکجار بەرزیش دابوو. ئەم دایکە، کە بە دایکی شەهیدان ناسراوە، نەك هەر خۆڕاگربوو، بەڵکو سیمبولی بەهێزی و خۆڕاگری هەموو ژنانی کوردە. ئەم دایکە کۆڵنەدەرە، لە یەك سات و بە یەکجار، سێ کوڕی پێشمەرگەی قارەمانی لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا شەهید بوون. ئەم دایکە، لە کاتێکدا ئەوکات تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵییەوە بوو، کەچی ئەو کۆستە نەك هەر نەیهێخست، نەك هەر نەی ڕووخاند و نائومێدی نەکرد،بەڵکو قارەمانانە دەیگوت: لە ڕێی کوردستان خوێنیان ڕشت و سەربەرزییە بۆ من. بێننە بەرچاوی خۆتان، دایکێکی بەساڵاچوو، لە چرکەیەکدا سێ جار کزە لە جەرگییەوە بێت، دەبێ نموونەی چ جۆرە ژن و قارەمانییەتی و خۆڕاگرییەك بێت؟ کێ دەتوانێت بەرگەی لە دەستدانی سێ لە منداڵەکانی تەنانەت ئەگەر بچووکیش بن بگرێت؟ بێگومان هیچ کۆستێك بۆ دایك، هێندەی خەمی لە دەستدانی منداڵەکانی بە سوێ و پڕ ئازار نییە.هیچ خەمێك بۆ دایك هێندە قوڵ و گەورە نییە، کاتێ دەبیستێت، منداڵەکانی نەماون. بەڵام ئەو دایکە قارەمانە، تا ڕۆژی مردنی ئازایانە و خۆڕاگرانە، وەك کێوێکی سەرکەش و بڵند، بەرامبەر ئەو کۆستە گەورەیە وەستایەوە نە نائومێدبوو، نەپەشیمان. لە کاتێکدا ئەو کاتەی ئەو دایکە کوڕەکانی بەخشییە کوردستان، هەزاران کەس کوردستانییان لە ترسی داعش جێهێشت و ئاوارەبوون شەق و تێهەڵدانەکانی تورك و یۆنانی و سڕبی و هەموو سووکایەتییەك قبوول بکەن، تەنها لەپێناو ئەوەی داعش نەیانگاتێ. بۆیە ئەگەر کەسێك یەکجار نموونەی خۆڕاگری بێت، ئەوا دایکە عایشە سەدان جار وەك ژنێك نموونەی خۆڕاگری ژنی کورد. ئەم خۆڕاگرییە، لە بڕوابوون بە دۆزێکی ڕەوا و هیواو ئاواتی نەتەوەیەکی ژێر دەست سەرچاوە دەگرێت، کە دەزانێت بێ قوربانیدان و خوێنڕشتن،ناگاتە ئامانجەکانی. ئەو بڕوابوونە، لە تێگەیشتنێکی قوڵی بەربەرییانەی داعش و تاریك پەرستانەوە هاتووە، کە ئەگەر بەرگریی شەهیدەکانی ئەو و گشت شەهیدان وپێشمەرگە قارەمانەکان نەبوایە،ئەوا دەبوو دەسەلاتێك فەرمانڕەواییان بکات، کە هەزار سااڵ بمانگێڕێتەوە دواوە. ئەم نموونە لە خۆڕاگری ژنی کورد بە گشتی و دایکانی کورد بەتایبەتی، شانازییەکی گەورەی نەتەوەیی و کەسی و مرۆییە کە تاهەتایە، بە زیندوویتی لە دڵی مێژوو دا دەمێنێتەوە.

کورد لە کوێی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و ئەمەریکادایە

خەبات: تریفە ئازاد

ڕۆژی ١٦ی٨ی٢٠٢٠ شاندێکی باڵای عێراق بە سەرۆکایەتی دکتۆر فواد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق گەیشتە واشنتۆن و دواتر لە ١٨ی٨ی٢٠٢٠ مستەفا کازم سەرۆك وەزیرانی عێراقیش گەیشتە واشنتۆن بۆ ئەوەی گەڕێکی دیکەی دانوستانی ستراتیجی نێوان عێراق و ئەمریکا لە واشنتۆن ئەنجام بدرێ، بێگومان هەگبەی عێرق مەلەفاتێکی زۆری تێدابوو بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەمریکا گفتوگۆی لەسەر بکرێ لە بواری ئابووری و سەربازی و دیبلۆماسی و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا و دەرچوون و مانەوەی هێزکانی ئەمریکا لە عێراق و ...هتد. بێگومان بوونی کورد لەم شاندەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاماد و چالاك بوو. واتا کورد دووربنەبووە لەم گفتوگۆیە ستراتیجییە گەڕی یەکەم لە عێراق و ئەم گەڕەی دووەمی لە واشنتۆن. لێرەدا بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوکردی ئەم گەڕەی گفتوگۆ و پێگەی کورد،پسپۆڕ و شارەزایانی بواری سیاسی و دیپلۆماسی بەم شێوەی خوارەوە ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ ڕۆژنامەی خەبات خستەروو.

سەردانەکەی کازمی بۆ ئەمریکا و ڕەهەندەکانی بەشداری کردنی کورد لەم سەردانە

د.کارۆخ خۆشناو سەرۆکی ئەنستۆتی کورد-ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانەکەی کازمی بۆ ئەمەریکا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چونکە بەرلەوەی کازمی سەردانی ئەمەریکا بکات لەژێر فشاری ئەمەریکا ڕێکەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد بەوەی ٣٢٠ملیار دینار بنرێت بۆ سێ مانگ ئەمەش لەژێر فشاری ئەمەریکا بوو لە دوای گەیشتنی شاندەکەی عێراق بۆ واشتن لەسەر زاری مایك پۆمپۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تەئیکد لەوە کرایەوە کە پێویستە حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکەوتن بکات مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بدات بۆیە کاریگەرییەکان لەمە دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان مافە دەستوورییەکانی دەستەبەر بکات لە بەغدا ,بەغداش هەوڵبدات مافە دەستوورییەکان جێ بەجێ بکات ,وە ئەمەریکا پشگیری لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات چەندین جاریش بەرپرسانی ئەمەریکا ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە لەگەڵ کوردستانێککی گەشەسەند و پەرە سەندوو دان لە چوارچێوەی عێراق دا بۆیە ئەمەریکا فشار دەخاتە سەر کازمی بۆ ئەوەی ڕێکەوتنامەیەکی درێژ خایەن لەگەڵ کوردستان بکات ,وە ئەم پرسە هەڵواسراونەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا ماون کازمی بتوانێت ئەم پرسانە چارەسەر بکات هەرێمی کوردستان بگاتە مافە دەستوورییەکانی خۆی ,وە سەردانی شاندی کوردیش بۆ واشتن لەگەڵ ئەم شاندەی عێراق بە قازانجی کورد تەواو دەبێت چونکە کوردیش بە وەفدێکی باڵا بەشداری لە گەڕی دووەمی دانووستانەکانی داڕشتنی ستراتیژی دایەلۆگی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ورد و درشتی ئەم دانووستانانەیە ,وە کاریگەری ئەم سەردانە لەمە خۆی دەبینێتەوە کە ئەمەریکا هاوکار دەبێت و پشگیری لە کازمی دەکات لە هەمان کاتیش فشاری دەخاتە سەر بۆ ئەوەی دەستوری عێراق جێ بە جێ بکات هەرێمی کوردستانیش بە مافە دەستوورییەکانی خۆی بگات بەو شێوەیەکی گشتی سەردانەکەی کازمی دوو ڕەهەندی هەیە بۆ کورد یەکەمیان ئەوەیە ئەمەریکا فشار دەخاتە سەر کازمی بۆ ئەوەی کورد بە مافە دەستورییەکانی خۆی بگات .دووەمیش :لە چوارچێوەی بەرێوەچوونی گەڕی دووەمی دانووستانەکانی دایەلۆگی ستراتیژی کورد پشکی دەبێت لە هەموو ئەم ڕێکەوتن و هاوکاریانەی کە ئەمەریکا دەیکات لەگەڵ عێراق کورد ١٧٪پشکی تەواوی دەبێت وەك لە دەستور ئاما ژەی پێدراوە لە هەموو هاوکاری و گرێبەستەکان کە ئەمەریکا دەیکات لەگەڵ عێراق وە ئەمەریکا بە نیازی بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری عێراقە نەك تەنها لەبواری سەربازی و ئەمنی بەڵکو لە بوارەکانی ئابوری و وەزە تەندوروستی لە هەموو بوارەکان ئەمەریکا هاوکاری عێراق دەبێت بۆیە هەرێمی کوردستانیش پشکی دەبێت لە هەموو بوارەکان دەبێت بە ئاوێنەی ئەو شوناسە لە ڕێی خۆبەختکاریی و گیانی بەرەنگاربوونەوە و قوربانیداندا. ئەم خۆبەختکارییە لە ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕبوونێکی پتەو بە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سەرچاوە دەگرێت. باوەڕبوونێك، کەلای وایە هیچ شتێك بە گیانی مرۆڤیشەوە، بەهای ئازادی و سەربەستی نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراوی نییە.بۆ ئەوەی ئەو شوناسە لە داگیرکاری بپارێزرێت، دەبێ قوربانیدان، وەك باوەڕبوونێکی گەورەی نەتەوەیی و مرۆیی بوونی هەبێت. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەو باوەڕە نەتەوەییە لە گیانی دایکە عایشەدا نەك هەر بوونی هەبوو، بگرە لە ئاستێکی یەکجار بەرزیش دابوو. ئەم دایکە، کە بە دایکی شەهیدان ناسراوە، نەك هەر خۆڕاگربوو، بەڵکو سیمبولی بەهێزی و خۆڕاگری هەموو ژنانی کوردە. ئەم دایکە کۆڵنەدەرە، لە یەك سات و بە یەکجار، سێ کوڕی پێشمەرگەی قارەمانی لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا شەهید بوون. ئەم دایکە، لە کاتێکدا ئەوکات تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵییەوە بوو، کەچی ئەو کۆستە نەك هەر نەیهێخست، نەك هەر نەی ڕووخاند و نائومێدی نەکرد،بەڵکو قارەمانانە دەیگوت: لە ڕێی کوردستان خوێنیان ڕشت و سەربەرزییە بۆ من. بێننە بەرچاوی خۆتان، دایکێکی بەساڵاچوو، لە چرکەیەکدا سێ جار کزە لە جەرگییەوە بێت، دەبێ نموونەی چ جۆرە ژن و قارەمانییەتی و خۆڕاگرییەك بێت؟ کێ دەتوانێت بەرگەی لە دەستدانی سێ لە منداڵەکانی تەنانەت ئەگەر بچووکیش بن بگرێت؟ بێگومان هیچ کۆستێك بۆ دایك، هێندەی خەمی لە دەستدانی منداڵەکانی بە سوێ و پڕ ئازار نییە.هیچ خەمێك بۆ دایك هێندە قوڵ و گەورە نییە، کاتێ دەبیستێت، منداڵەکانی نەماون. بەڵام ئەو دایکە قارەمانە، تا ڕۆژی مردنی ئازایانە و خۆڕاگرانە، وەك کێوێکی سەرکەش و بڵند، بەرامبەر ئەو کۆستە گەورەیە وەستایەوە نە نائومێدبوو، نەپەشیمان. لە کاتێکدا ئەو کاتەی ئەو دایکە کوڕەکانی بەخشییە کوردستان، هەزاران کەس کوردستانییان لە ترسی داعش جێهێشت و ئاوارەبوون شەق و تێهەڵدانەکانی تورك و یۆنانی و سڕبی و هەموو سووکایەتییەك قبوول بکەن، تەنها لەپێناو ئەوەی داعش نەیانگاتێ. بۆیە ئەگەر کەسێك یەکجار نموونەی خۆڕاگری بێت، ئەوا دایکە عایشە سەدان جار وەك ژنێك نموونەی خۆڕاگری ژنی کورد. ئەم خۆڕاگرییە، لە بڕوابوون بە دۆزێکی ڕەوا و هیواو ئاواتی نەتەوەیەکی ژێر دەست سەرچاوە دەگرێت، کە دەزانێت بێ قوربانیدان و خوێنڕشتن،ناگاتە ئامانجەکانی. ئەو بڕوابوونە، لە تێگەیشتنێکی قوڵی بەربەرییانەی داعش و تاریك پەرستانەوە هاتووە، کە ئەگەر بەرگریی شەهیدەکانی ئەو و گشت شەهیدان وپێشمەرگە قارەمانەکان نەبوایە،ئەوا دەبوو دەسەلاتێك فەرمانڕەواییان بکات، کە هەزار ساڵ بمانگێڕێتەوە دواوە. ئەم نموونە لە خۆڕاگری ژنی کورد بە گشتی و دایکانی کورد بەتایبەتی، شانازییەکی گەورەی نەتەوەیی و کەسی و مرۆییە کە تاهەتایە، بە زیندوویتی لە دڵی مێژوو دا دەمێنێتەوە.



د.کارۆخ خۆشناو:

ئەمەریکا پشگیری لە مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات چەندین جاریش بەرپرسانی ئەمەریکا ئەوەیان ڕاگەیاندووە.



د.زوبێر ڕەسول:

بەشداریکردنی شاندی کوردی لە دیالۆگی ستراتیجی ئەمریکاو عێراقدا هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان.

قەبارەی هەرێمی کوردستان لە پێگەی سیاسی و دەستووری,پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان

د. زوبێر ڕەسول مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان شارەزا لە کاروباری نێو دەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە دوای ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی ڕۆلێکی زیاتر لە پێگە سیاسییەکەی خۆی ببینێت لە سەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا، بە تایبەت بەهۆی خراپی دۆخی ئەمنی لە عێراقدا. فرۆشتن و وەبەرهێنانی نەوت، سەرەڕای تێبینیەکانمان لەسەر چۆنیەتی ئیدارەدانی، بەڵام کاریگەری زۆری هەبوو بەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا. دەتوانین بڵێین لە کاتی شەڕی داعش پێگەی هەرێمی کوردستان گەیشتە لوتکە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە جۆرێك کە لە زۆرێك لە وڵاتانی خاوەن سەروەری زیاتر بوو، بەڵام لە دوای پرۆسەی ریفراندۆم پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم تووشی جۆرێك لە پوکانەوە بوون. لە ڕاستیدا ململانێیی ناوخۆییەکان و دۆخی دارایی هەرێم کاریگەری خراپیان جێهێشتووە لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەو قەبارە سیاسی و دەستورییەی کە هەیەتی پێگەیەکی باشی هەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەشداریکردنی شاندی کوردی لە دیالۆگی ستراتیچی ئەمریکاو عێراقدا هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە بواری بونیاتنانەوەی پردی متمانەی نێوان هەولێرو بەغدا. بوارێکی تری ئەو گرنگیە ئەوەبوو کە کورد ترسی بشکێت لە بەهێزبوونەوەی عێراق، چونکە لای زۆرێك لە سیاسیەکانی کورد مەترسیێك هەبوو کە لەوانەیە بەهێزبوونەوەی عێراق بەر لە هەرشتێك لەسەر حسابی پێگەی هەرێمی کوردستان بێت. هەڵبەتە دیارە پێشتریش ئەم جۆرە دیالۆگە لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا کورد بەشدار نەبوو. ئەو جیۆپۆلەتیکە سەختە سیاسییەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی لە ناوچەکەدا بە جۆرێك کە دەوەردراوە بە وڵاتی نەیارو هەستیار بە پرسی کورد وا دەکات کە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان فرە گرنگ بن بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم کرانەوەیە بە ڕووی دونیادا وا دەکات کە هەرێمی کوردستان ئەو جیۆپۆلۆتیکە سەختەی هەیەتی تێپەڕێنێت.

گرینگی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی کازمی

هەروەها گوتیشی: دواجار بواری کاری سیاسی و ئابووری فروانتر بۆ هەرێم دەرەخسێنییت بە شێوەیەك کە هەرێم دەستکراوەترو چاڵاکتر بێت لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکاندا.,گرنگە هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەو هەنگاوەی کە کازمی کردی بکاتە نەریتێکی سیاسی کە لە مەوداوا عێراق شاندی هەرێمی کوردستانیش بەشدار بکات لە چاڵاکییە سیاسی و ئابوورییەکانیدا. هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی دەستوریەو دەستوری هەمیشەی عێراق ئەو مافەی داوە بە هەرێمی کوردستان، بەڵام پابەند بوون بە دەستور لە عێراقدا هەمیشە وابەستەی پرسی سیاسی و حساباتی هەرێمییە، بۆیە نابێت زۆر هیوا لەسەر بەندە دەستورییەکان هەڵچنین. حکومەتێکی تۆکمەو بەهێز لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا پاڵپشت بە خەلك و تەبایی لایەنە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر هەڵکشانی پێگەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، بە پێچەوانەوەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پێگەی هەرێم.

لە ئێستادا گرنگە هەرێمی کوردستان پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ بەغداو هەولێدات بگات بە جۆرێك لەیەکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتەکەی کازمی، چونکە کازمی سەرەڕای تێبینیەکانمان بەڵام پێویستی بە پاڵپشتی سیاسی هەیە لە پەرلەمانی عێراقدا، هەروەها لەسەر ئاستی جەماوەریش جۆرێك لە متمانەی دروستکردووەو دەیەوێت ئامادەیی سیاسی هەبێت لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی عێراقدا. بۆیە کورد دەبێت لەوە تێبگات کە مەرج نیە هەموو کات ناسەقامگیری بەغدا لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێت، بە پێچەوانەوە ناسەقامگیرییەکانی بەغدا هەمیشە کاریگەرییان هەبوو لەسەر دۆخی سیاسی و ئابووری ئەمنی لە هەرێمی کوردستاندا.

جەنگان دژ بە تیرۆریزم و توندڕەوی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە شینجیانگ

نی ڕووچی،
کۆنسوڵی گشتی کۆماری چینی میللی لە هەولێر

تیرۆریزم دوژمنی هاوبەشی مرۆڤایەتیە، و ئامانجی کرداری هاوبەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە. هێزە تیرۆرستەکان، لەڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی و وێرانکاری و تۆقاندن، هەڕەشەیەکی مەترسیدار دروستدەکەن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ڕێگای پشتگوێخستنی مافەکانی مرۆڤ، و کوشتنی کەسە بێتاوانەکان، و ئاسایشی گشتی دەخەنە مەترسیەوە و ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا بەڕپادەکەن. حکومەتی چینی بە توندی دژی هەموو جۆرە تیرۆریزمێك و توندڕەوییەك دەوەستێت، و زۆر بە بێبەزەیانە سزای هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی تیرۆری و توندڕەوی یاخود ڕێکخراو و پلانگێڕی چالاکیە تیرۆریەکان و دەستدرێژی کردنە سەر مافی مرۆڤ دەدات .

1ـ جەنگان دژ بە تیرۆریزم و توندڕەوی لە شینجیانگ

شینجیانگ دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای چین و کیشوەری دورەدەستی ئۆڕاسی. هەر لە دێر زەمانەوە، شینجیانگ ماڵێك بووە بۆ چەندین کۆمەڵەی نەتەوەیی جیا جیا و نیشتیانێك بووە بۆ پێکەوەژیانی کەلتوور و ئاینە جیاوازەکان. هەروەها کەناڵێکی گرینگ بووە بۆ پەیوەندیەکانی نێوان شارستانیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، و بەشێکی گرینگ بووە لە ڕێگای ئاوریشمی بەناوبانگ کە چینی بە تەواوی جیهان دەبەستەوە. لەم پرۆسە مێژوویە دوورودرێژەدا، ئەم کۆمەڵە نەتەوەیە جیاوازانە پەیوەندی و تێکەڵاویان لەگەڵ یەکتر هەبووە لەکاتی پێکەوە ژیان و خوێندن و کارکردن و گەشەسەندن بەیەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم دواییەدا، دژ هێزەکان لە ناوەوە و دەرەوەی چین بە تایبەتی جیاخوازەکان و تونڕەوە ئایینیەکان و تیرۆریستەکان، هەوڵی لێکدابڕانی چین و جیابوونەوەیان داوە لە ڕێگای شێواندنی میژوو و ڕاستیەکان. نکۆڵی لەوە دەکەن کە شینجیانگ بەشێك بووە لە چین کە چەندین کۆمەڵە نەتەوەی جیاواز بەیەکەوە ژیاون و چەندین کەلتوور پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە، و هەر لە کۆنەوە چەندین ئایینی جیاواز بەیەکەوە ژیاون، و بیرۆکەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە یوغوورەکان تاکە دەسەڵاتداری شینجیانگ بوونە و داوای دژایەتی هەموو جۆرە کۆمەڵە نەتەوەیەکیان کردووە لە شینجیانگ جگە لە تورك و لەناوبردنی یەکتاپەرستەکان(ئەوانەی جۆرە خودای تر دەپەرستن جگە لە یەزدان). هەروەها هاندەری دروستکردنی سەرۆك ڕێژیمی ئایینیان دا بە ناوی (تورکستانی ڕۆژهەڵات)، و نکۆڵیکردن لە میژووی چین کە بە هاوبەشی لەلایەن هەموو کۆمەڵە نەتەوەیەکان بنیاتنراوە. لەژێر پەردەپۆشی ئایین، تونڕەوی ئایین زاڵ دەبێت بەسەر سەرۆك ڕێژیمی ئایین و باڵابونی ئایینی، و ڕێکارەکانی دژی یەکتا پەرستەکان و جەنگە پیرۆزەکان. ئەمە هاندەرە بۆ تیرۆر و توندوتیژی و دوژمنایەتی نێوان کۆمەڵە نەتەوەییە جیاوازەکان.

ئامارە تەواونەکراوەکان نیشانیان داوە کە لە 1990 تاوەکو 2016، جیاخوازەکان و تیرۆرستەکان و تونڕەوەکان هەزارەها هێرشی تیرۆریان لە شینجیانگ ئەنجامداوە، و سەدەها پۆلیس و ژمارەیەکی زۆریش لە کەسی بێتاوانیان کوشتووە و زیانێکی بێ ئەندازەیان بە کەلوپەلی گشتی گەیاندووە. بارودۆخەکە سەخت و ئاڵۆزە، و هەموو کۆمەڵە نەتەوەیەکان سوورن لەسەر داواکاریەکانیان بۆ سزادانی ئەم تاوانە توندوتیژ و تیرۆریانە، و پاراستنی ژیان و ماڵ و مۆڵکیان. پابەندبوون بە بنەماکانی جەنگان دژ بە تیرۆریزم و قەدەغەکردنی لە هەمان کاتدا، شینجیانگ هەڵوێستی بەهێزی دژ بە تاوانە تیرۆری و توندوتیژەکان هەبووە، و لە هەمان کاتدا لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکاندا بووە لە بنەڕەتەوە. هەموو هەوڵێکی داوە بۆ پاراستنی مافە مرۆڤە سەرەتایەکانی هاونیشتیمانیان لە پێشێلکردنیان لەلایەن تیرۆریزم و تونڕەوی. چەندین ڕێوشوێنی تایبەت گرتراونەبەر بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانی، و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری دەربارەی یاسا لەڕێگەی فێرکردن، و پێشکەشکردنی هەڵی پەروەردە و فێرکردن و پاڵپشتیکردن لە ڕێگای سەنتەرەکانی فێرکاری پیشەیی. تاوەکو ئێستا و بۆ سێ ساڵی یەك بە دوای یەك، هیچ جۆرە حاڵەتێکی تیرۆری تونديتژ لە شینجیانگ ئەنجام نەدراوە.

هێدێك کەس بەهۆی چەند هۆکارێکی پێشداوەری ئایدۆلۆژی یاخود پاڵنەری شاراوەی تر، بە هەموو توانایان هەوڵدەدەن بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی سەنتەرەکانی فێرکردنی پیشەیی شینجیانگ. ڕاهێنانەکان ئەمەیان سەماندووە کە ڕاهێنانەکانی شینجیانگ بۆ دووبارە ڕۆشنبیرکردن و بوژانەوەی قوربانیەکانی تیرۆر و تونڕەوی لە ڕێگای فێرکاری پیشەیی ڕێك وەکو ئەو هەوڵانەیە کە وڵاتان و ناوچەکانی تر دەیدەن لە ڕێگای سەنتەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی تونڕەوی سەنتەرەکانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکاری لە هێندێك وڵاتی تر. ئەمە بە هەمان ئامانجی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەی کێشەکان و پاراستنی مافە مرۆڤە سەرەتایەکانی خەڵك کە دەکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بارودۆخانە لەناوببات کە وادەکات تیرۆریزم و تونڕەوی زیادبکەن و بڵاوبنەوە.



2ـ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە شینجیا نگ

جەنگانی شینجیانگ دژ بە تیرۆریزم هاوتایە لەگەڵ یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. سەلامەتی مەرجی بنەڕەتی پاراستنی مافی مرۆڤە، و مافەکانی مرۆڤ گەرەنتی ناکرێت ئەگەر بێتو ئێمە سەرنەکەوین لە جەنگان دژ بە تیرۆریزم. لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە تیرۆریەکان، شینجیانگ ڕێکاری خۆپارێزی و سزادانی توندی ڕاگەیاند بە گونجان لەگەڵ یاسا و بە خۆڕاگری بەردەوام بوو لە وەستان دژ بە هێزە تیرۆرستیەکان و هەوڵەکانی زۆر زیاتر کرد بۆ پاراستنی ماف و ژیان و تەندروستی خەڵکی.

ڕووبە ڕووبوونەوەی تیرۆر هیچ جۆرە هەرێم و نەتەوە و ئایین و کۆمەڵەیەکی تایبەت ناکات بە ئامانج. ئەمە هەزارەها ساڵە، شینجیانگ هەرێمێکی فرە نەتەوەیی بووە بۆ چەندەها ئایینی جیاواز. لە ئێستادا 56 کۆمەڵە نەتەوەی جیاواز لە شینجیانگ دەژین، کە ناوچەیەکی ئیداریە لەسەر ئاستی هەرێمیی و زۆرترین ژمارەی کۆمەڵە نەتەوەی جیاوازی هەیە لە چین. ژمارەی دانیشتوانی ئیغور، قازاق، هان و خوی زیاتر لە یەك ملیۆن. ئایینە جیاوازەکانیش بریتین لە ئیسلام، بودیزم، تاویزم،پڕۆتێستانیزم، کاتۆلیکی، و ئەرسۆدۆکسی...هتد.

24.800 شوێنی تایبەت بە چالاکیە ئایینیەکان هەیە، لە نێوانیاندا مزگەوتەکان، کەنیسەکان، پەرستگاکانی بوودیەکان و تاویەکان، لەگەڵ 29.300 ستافی ئایینی. لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم و نەهێشتنی تونڕەوی، ئازادی بیروباوەڕی ئایینی هەموو نەتەوەیەك و کۆمەڵەیەك لە شینجیانگ بە تەواوی پارێزراوە. دەستووری چین بە تەواوی ڕێز لە ئازادی بیروباوەڕی ئایینی دەگرێت و پارێزگاری لە ئازادی هاونیشتیمانیان دەکات بۆ باوەڕبوون یاخود باوەڕنەبوون بە هەر ئایینێك. شینجیانگ هیچ لێبوردنێك بەرامبەر ئەو کردارانە نیشان نادات کە دەبنە هۆی دروستکردنی کێشە و ناکۆکی لە نێوان باوەڕداران و بێ باوەڕەکان، هەروەها نێوان باوەڕداران و ئایینەکانی تر و ڕێباز و مەزهەبی هەمان ئایین.

سەرۆکی چینی بەڕێز شی جینپینگ وتی کە ژیانێکی خۆش بۆ خەڵك یەکێکە لە بەرختترین مافەکانی مرۆڤ. کاتێك بابەتەکە دەکەوێتە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە شینجیانگ، خەڵکی شینجیانگ لە باشترین شوێندان بۆ ئەوەی بڕیار بدەن و ڕاستیە بنەڕەتیەکان دەبێت ڕێزی لێ بگیرێن. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری چینی میللی، داهاتی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە شینجیانگ لە 792 ملیۆن یوانەوە گەشەی کردووە بۆ 1.35 ترلیۆن یوان(نزیکەی 200 ملیار دۆلاری ئەمریکی)، کە 200 جار زیاتر بەرز بووەتەوە دوای داشکاندنی بەرزبوونەوەی نرخەکان.

داهاتی دانیشتوانی شار و لادێ لە 119، 319 یوانەوە لە 1978 بەرز بووەوە بۆ 32.764 و 11975 یوان لە 2018، لە 2013 وەو ڕێژەی ئەم بەرز بوونەوەیە سالانە بریتی بوو لە 12.3% و زیاتر لە 70%ی خەرجی بووجەی گشتی شینجیانگ بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەکارهاتووە. لە کۆتایەکانی سالی 2019، کۆی گشتی 2,923,200 کەس لە 3107 لادێ و 25 ناوچەی هەژار لە شینجیانگ لە هەژاری ڕزگارکراون. ڕێژەی هەژاری لە 19.4% لە 2013 دابەزی بۆ 1.24% لە 2019. تۆری گواستنەوەی گشتگیری سەردەمیانەی شیانجیانگ پێکهێنراوە و ڕێگا خێراکان هەموو پارێزگا و شارەکانی شینجیانگی بەیەکگەیاندووە، و ڕێژەی ڕێگاکانی گەیشتن بە لادێکان گەیشت بە 99.74% و ژمارەی میلە کارکردووەکانی هێڵی ئاسنین گەیشت بە 5959 کیلۆمەتر.

هەروەها شینجیانگ 21 فڕۆکەخانەی شارستانی هەیە کە کراوەن بۆ خزمەتگوزاری ئاسمانی لەگەڵ 16 وڵات و 21 هەرێم و شاری نێودەوڵەتی و 81 شاری ناوخۆی وڵات. سیستەمی پزیشکی و چاودێری تەندروستی بۆ شارو لادێکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بنیاتنراوە، و تێکڕای تەمەنی چاوەڕوانکراو درێژکرایەوە بۆ 72.35 ساڵ. ژمارەی دانیشتوانی ئیغورەکان لە شینجیانگ لە 5.55 ملیۆنەوە گەشەیکرد بۆ 11.65 ملیۆن لەم چوار دەساڵەی دوایدا.

لەم چەند ساڵەی دوایدا، چین بانگێشەی زیاتر لە 1000 دیپلۆماتکار، بەرپرسی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ڕۆژنامەوان، و کەسایەتی ئایینی کردووە بۆ سەردانکردنی شینجیانگ. ئەوان گەواهیان بۆ دەستکەوتە مەزنەکانی شینجیانگ داوە کە بەدەستی هێناوە. لە تەموزی 2019، بانگهێشتکراوانی نامەیەك کرد بۆ ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی دەسەڵاتداری باڵای مافەکانی مرۆڤ، کە دەستکەوتەکانی گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی تونڕەوی لە شینجیانگ بەرزدەنرخێنن. هەروەها، پاڵپشتی هەڵوێستی چین دەکەن لە بابەتەکانی تایبەت بە شینجیانگ، کە ئەم بابەتانە زۆر لە دەوڵەتە ئیسلامەیەکان لەخۆ دەگرێت وەکو سعودیە، پاکستان، میسر، قەتەر، ئیمارات. لە ئەیلولی 2020، 46 وڵات پاڵپشتی هەڵوێستی چینیان کرد لە بابەتەکانی تایبەت بە شینجیانگ لە 44 دەین دانیشتنی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، و بە تووندی دژی بە سیاسەتکردنی بابەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و دووفاقی وەستانەوە.

-3نا بۆ سیاسەتەکانی دووفاقی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم

لەکەدارکردنی ئایین لەلایەن جیاخوازان، تونڕەوەکان و تیرۆرەکان ، و هەڕەشەکردنیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و سەربڕینی بێ تاوانەکان بەتەواوی وەکو گرووپە تونڕەوەکانی وەك (داعش) ە . لە 2014 وەو، پێشمەرگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق چاوەنەترسانە دژی داعش جەنگاون، کە سووربوون و بەردەوامی بە جیهان نیشان دەدات بۆ ڕەتکردنەوەی تونڕەووی و بەرگریکردن لە ئازادی ئایینی و دڵنیابوونەوە لە پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان بەیەکەوە.

گەلی چین و گەلی کورد و گەلی عەرەب و هەموو گەلێك کە ئاشتی خوازە درك بەوە دەکات گەر بێتو تیرۆریزم ڕوو لە هەڵکشان بکات، ئەوا پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان هەموو نەتەوە جیاوازەکان ڕوو لە نەمان دەکات و ئەگەر بێتوو تونڕەوی ئایینی ڕوو لە زیادبوون بکات، ئەوا نەك تەنها دەبێتە مەترسیەك بۆ سەر ئایین بەڵکو ئەوکات زۆر سەخت دەبێت کە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینە جیاوازەکان بەدەست بهێنین. لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان، بە تووندی دەجەنگن دژ بە تیرۆریزم بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری، و هەروەها پاراستنی یەکسانی و گونجان و ئازادی ئایینی لە نێوان هەموو نەتەوەکان. چین هەمان شتی کردووە لە شینجیانگ. هیچ جۆرە دووفاقیەك نییە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم.

چین و عێراق و هەرێمی کوردستانیش، ماوەیەکی دوور و درێژە کە پاڵپشتی و هەماهەنگی یەکیان کردووە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. تیرۆریزم و تونڕەوی بریتین لە دۆزمنی هاوبەشی مرۆڤایەتی، کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئاراستەی میژوو و بەدڵنیایەوە میژوو دەستبەرداری دەبێت. ئێمە باوەڕمان وایە کە بە هەوڵی هاوبەشی هەموو گەلانی جیهان، ڕێگای ڕاستی گەشەسەندنی ئاشتیانە زاڵدەبێت بەسەر ڕێگای نادروستی تیرۆریزم و تونڕەوی. هەڵوێستەکانی چین بۆ پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و گونجانی نێوان کۆمەڵە نەتەوە جیاوازەکان دەتوانێت بەڕووی تاقیکردنەوەی میژوو و پاڵپشتی گشتی بوەستێت.

لە ئێستادا، ئابووری شینجیانگ لە گەشەسەندن دایە، کۆمەڵگا گونجاو و سەقامگیرە، خۆشگوزەرانی خەڵك بەردەوام لە باش بوون دایە، کەلتوور ژیاوەتەوە و هەموو ئایینەکان بە ئاشتیانە بەیەکەوە دەژین. شینجیانگ لە باشترین ماوەی گەشەسەندن و سەرکەوتن دایە لە میژوودا، و بە دڵنیایەوە سەرکەوتنی زیاتریش بەدەست دەهێنێت.



نووسەری درۆزن یان دەڵاڵی وشە

ئاری قەرەداغی- هۆڵەندا

لەتوێی کۆمەڵگەیەکی وشیارولە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی جیهاندا، هەروەها لەتوێی کۆمەڵگەکانی نیمچە و کەم وشیارەکانی دواکەوتوو و خراپترین وڵاتدا، لەتەك زۆر تۆزە جیاوازەکاندا تۆزێکی کاریگەر هەیە، ناسراوە بە تۆزی (نووسەران) ڕۆمان نووس، پەخشان نووس، شاعیر، ڕۆژنامەنووس و هتد..... لەخۆدەگرێت. ئەم تۆزە بە ڕابەر و مامۆستای کۆمەڵگە هەژماردەکرێت. لەبەرئەوەی بە ڕاستگۆیی، دوور لە ئارەزووی تایبەتیی خۆی، لەخۆبووردانە و لێهاتووانە مامۆستای قوتابخانەی گەلە. وانە، ڕێنمایی و ڕەخنەی دروست، بە ڕاستی و ڕاستگۆیی بێ پێچوپەنا بە شیکراویی و ئاسان و ڕەوان ئاشکرا دەکات و بەسەر گەلدا بڵاودەکاتەوە و دەیخاتە بەردەستی هەموان..!

دەزگاکانی کۆمەڵگەیش، بۆ نمونە، دەزگاکانی کەرتی گشتی، وەك دەزگاکانی فەرمی حکوومەت و ڕێکخراوەکانی گۆمەڵگەی مەدەنی و بگرە کەرتەکانی تایبەتیش کە ئامرازی کارگوزاری ناو گۆمەڵگەن، لە وانەکانی ئەم تۆزە فێردەبن و لەو ڕێگا سود لێوەرگرتن لە ئامۆژگارییەکانیان کاری لەسەر دەکەن بۆ لەخراپەوە بەرەو باش و لە باشیشەوە بەرەو باشترکردنی بەڕێوەبردنی وڵات بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی بەڵاڵی گەل و نیشتمان..!!

کۆمەڵگەی هەرێمەکەی خۆمانیش ئەم تۆزە گرنگەی تێدایە... مامۆستای گەلن، بەڵام: ئایا هەرهەموویان ڕاستگۆن...؟!

وەڵامی پرسیارەکە بۆ بەدواداچوون، شایەتمەندی یان ئەزموونی خۆتان جێدەهێڵم..!!

بەڵام، نووسەری درۆزن، مشەخۆرە.! هێچی تیا بەسەرنییە، داهاتووی خۆی، وڵات و گۆمەڵگە هەرزان فرۆش دەکات!!. کەسێکی هەمیشە هەڵپەرست و موستەفیدە، لەناخدا دژی هەرجۆرە چاکسازییەکە..!!

تاکەکانی کۆمەڵگەکەی برسی و ڕووت و ڕەجاڵن، لەکاتێکدا خۆی تێر و هەمیشە چاوچنۆك..!!

ناڕاستەوخۆ دەزگاکانی فەرمی، نافەرمی و کاربەدەستانی دەسەڵات بە ناڕاستەی گەندەڵیدا دەبات..!!

کارەساتە، چەواشەکارە، وڵات بەرەو هەڵدێر دەبات وهەستی هاوڵاتی بوون قڕان دەکات..!!

پاشاگەردانە، ڕێگرە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی پێدەکات.!!

نوسەری درۆزن..... خائینە..!!

تێبینی: ئەم بۆچوونە سیاسەتمەدارانیش دەگرێتەوە(ئەوانەی درۆزنن).

مرۆڤ و باوەڕ



د. سامان سۆرانی

نووسەر و پزیشك و بیرمەندی ناوداری میسر مستەفا مەحمود (1921-2009) لە کتێبێکیدا دەڵێت مرۆڤ حەزێکی نارووەن و مەترسیدار هەراسانی دەکات، شەهوەتێك، کە لە حەزی جنس مەترسیدارترە...حەزی لە شتێکە کە ئیمانی پێی هێناوە و بڕوای پێ دەکات... لەوانەیە لە پێناو ئەو حەزە باوەڕبێنێت بە بەرد و بت و جادوو و نوشتە و دەروێشێکی گەمژە.. نە لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە سادە و گێلە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کەسێکی لاوزە...لە ناخیدا ویستێکی خۆرسك هەیە.. ئارەزوویەکی بێ سنوور بوونی هەیە بۆ ئامانجێك، کە خۆی پێ گرێ دەدات، بە وشەیەك، کە گومانی لێ ناکات، بە عەقیدەیەك، کە باوەڕی پێ دەهێنێت. هەموو شتێك لەبەرچاو دەکەوێ و دەوەرێ و لەناو دەچێت. کەسەکان و مەبدەئەکان و ڕاستیەکان و نموونەکان، تەنانەت بیردۆزە زانستیەکانیش دەکەونە ژێر باری گومان و بە لێکۆڵینەوە لەناوەبرێن و بیردۆزی تر، کە بە بەرزتر دادەنرێن، جێگەیان پڕ دەکەنەوە.

مستەفا مەحمود لەدرێژی باسەکەیدا نووسیویەتی... لەناوچەی "صعید"ی میسر پیاوێکی سوڕمێنم بینی...ئەفەندیەك دەرچووی بازرگانی...جلە شڕ و پرەکەی و سەیرکردنە تیژ و شێواوەکەی سەرەنجی ڕاکێشام. لە گەڵمدا کەوتە گفتوگۆ دەربارەی ئایین و خودا و بوونی و ڕۆژی قیامەت ... پێی ووتم: "قیامەت بە دیاریکراوی لە ساڵی 1968 ڕوودەدات". بە قسەی خۆی فاڵگرێ ئەو ڕاستیەی خستۆتە ناو دەستی و ئامۆژگاری کردووە، ئازووقە بۆ سەد ساڵ کۆبکاتەوە، چونکە قیامەت، بێجگە لەو، هەموو مرۆڤایەتی لەناو دەبات.

ئەو هاوشێوەی نوح لەو تۆفانە ڕزگاری دەبێت...ماڵەکەی ئەو وەکو کەشتیەکەی نوح ژیان بە هەموو ئەو کەسانە دەبەخشێ، کە پەنای بۆ دەهێنن، بۆیە ئەو ماڵی خۆی سیخناخ کردووە لە هەموو جۆرەکانی ژیان و لە هەموو شێوە پێداویستی و خواردنێ. چووم بۆ ماڵەکەی، بینیم زۆورەکانی تا بن میچ پرکردووە لە دەیان تەن برنج و نیسك و پاقلە و شەکر و قاوە و چایی و سابوون و کەمون و گشنیز و گۆگرد.. شتی سەیرو سەمەرەی وەکو بنێشت و جیوە و چەسپی کۆکردبووە. بە جووت کەرۆێشك و مشك و سەگ و مریشك و قاز و مراوی گلداوەتەوە. ئەم پیاوە نزیکەی دوانزە دۆنم زەوی تەختی فرۆشتووە، بە پارەکەی نازووقەی سەد ساڵی بۆ کەشتیەکەی نوح کڕیوە. ئەو خۆی بۆی باس کردم، کە نزیکەی مانگێکە ئاو بەر لەشی نەکەوتووە و بە پێی ئامۆژگاری فاڵگرەکەی ڕەفتاری کردووە، فەرمایشی بوو، ماوەی چل ڕۆژ بەتەواوی خۆی لە ئاو بەدوور بگریت، تاوەکو نهێنیەکی مەزنی بۆ دەردەکەوێت، تا بە دیاریکروای ڕۆژ و سەعات و وادەی ڕۆژی قیامەت دەزانێت.

کاتێ باسی چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دیاریکراوەی دەکرد، خۆشحاڵی بە ڕووخساریەوە دیاربوو...کە ووشەی "نهێنی مەزن" بەسەر زاری دەگەڕا، چاوەکانی دەبریسکانەوە. پڕ بەدڵ حەزم لێ بوو پێبکەنم، بەڵام خۆمم گرت و پێکەنینەکەم قووتدا، بەزەییم هات، نە تەنها بەو پیاوە، بەڵکو بە هەموو مرۆڤایەتی.

چل ملیۆن لە گەلی ئەڵمانیا ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو ئەم پیاوە بووە، بەدوای هیتلەر کەوت، باوەڕی بە ڕەگەزی ئاری هێنا، وەکو چۆن ئەم پیاوە بە شوێن قسەی فاڵگرەکە کەوت و باوەڕی بە وڕێنەکانی هێنا...

ئەم پیاوە پارەی دوانزە دۆنم زەوی خۆی تەخشان وپەخشان کرد، وەکو چۆن گەلی ئەڵمانیا پێنج ملیۆن نەفسی خۆی کرد بە قوربانی ئەو شەهوەتە... شەهوەتی باوەڕ...شەهوەتی دۆزینەوەی ئارامی لە ناو بێ پرسی.

ئەو مەرقەدانەی لە کۆڵانەکانی قاهیرە و لە گوند و لادێیەکان دەبینرێن، نموونەی زەقن بۆ ئەم شەهوەتە، دەبینین چۆن خراونەتە ناو تووڕەگەیەکەوە و مرۆڤە سادەکان بە چاوی پڕ گریانەوە لەبەرامبەریاندا هەڵدەتووتێن و مۆم دادەگیرسێنن. لەهەموو شوێنی مرۆڤی بەدبەخت، کە بای گومان لێی هەڵدەکات و لە متمانەبوون دووری دەخاتەوە، بەدوای مەزندەیەکدا دەگەڕێ و بە ڕەهایی باوەڕی پێ دەکات، یان بەدوای بیرۆکەیەك دەگەڕێ کوێرانە پەیڕەوی دەکات...یان بەدوای بتێك دەگەڕێ و سوجدەی بۆ دەبات و ڕاوێژی پێ دەکات. ئەو بە دوای ئاسوودەیی دەروونی دەگەڕێ بەهەر نرخێك بیت.

وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦١١٧٢ بەرواری ٢٠١٩/٧/١١ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی کوچر عمر عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٧٧١١ بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بشری عبدالفتاح عبدالطیف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢٨٩١ رێکەوتی ٢٠١٩/٨/١٩ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نزار عمر عولا وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٧٨٢٣٤٢) بەرواری: ٢٠١٩/١٠/١٠ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سروە عبدالجبار محمد علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /١٥١
التاريخ/ ٢٠٢٠/٨/٢٢
اعلان
الى المنذر اليهم /١/هيدى فرهاد حاجي
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٢٩/٥٧٨١/ انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/٨/١٩ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٩/٦ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٤٠٢/١١ مقاطعة كيسته والمشتراة من قبل المنذر (محمود حاجو جانكير) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة دلال /٢٥٢٤ المورخ في ٢٠٢٠/٨/٢٣ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو
سوسن غازي عبدالامير
* * *
مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /١٥٢
التاريخ/ ٢٠٢٠/٨/٢٢
اعلان
الى المنذر اليهم /١/نازدار حاجي عمر /٢/فريال حاجي عمر
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٢٩/٥٧٨١/ انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/٨/١٩ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٩/٦ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٤٠٢/١١ مقاطعة كيسته والمشتراة من قبل المنذر (محمود حاجو جانكير) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة دلال /٢٥٢٥ المورخ في ٢٠٢٠/٨/٢٣ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو
سوسن غازي عبدالامير
* * *
مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /١٥٣
التاريخ/ ٢٠٢٠/٨/٢٢
اعلان
الى المنذر اليه / داني بار فرهاد حاجي
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٢٩/٥٧٩٣/ انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/٨/١٩ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٩/٦ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٤٠٢/١١ مقاطعة كيسته والمشتراة من قبل المنذر (محمود حاجو جانكير) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة دلال /٢٥٢٦ المورخ في ٢٠٢٠/٨/٢٣ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو
سوسن غازي عبدالامير
* * *
مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٦٢١/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٦٢١/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بيع العقار المرقم ٣٠/٧٠ مقاطعة ١٣٥ بساتين خركه وقابكي في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة /٦٢١/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاكرى خركه المساحة ٢٥٠٠ حصة الجنس مملوكة للدولة /بستان زيتون تسقى سيحا القيمة المقدرة (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة مليون دينار عيراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
* * *
زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ١١٢٤/٢/٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٨
بۆ/ بەڕێز (ئاوات مجید سلیمان)
بەناونیشانی (ی. وەرگێر) لە هۆبەی (تەندروستی و سەلامەتی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر دابرانت لەکار لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٦ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەت بۆ ماوەی ٧ رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی عێراقدابی وە بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراقدابی و بەپێی برگەی (٤) لە بەندی ٣٧ یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٧ لە ساڵی ١٩٦٠ راستکراوە کۆتایی بەراژەکەت دەهێنن
پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم
راگری کۆلێژ بەوەکالەت
* * *
دادگای تێهەڵچوونەوە/ بەشێوەی ڕەسەن
ژمارە/ ٤/س/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٨
جاردان
بۆ/ تێهەلچوو لەسەری سێ یەم/ نسرین عبدالحکیم سعید (شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە)
تێهەلچوو / سفین نوری اسماعیل/ داوای تێهەڵچوونەوەی ژمارە ٤/س/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی کشتوکاڵ لە ٢٠٢٠/١/٢١ بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاسایت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٦ کاتژمێر ٩/ بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبیب صالح
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١١٨/کشف مستعجل/ب٢/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٨/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (برهان سعدی قادر)
داواکار (ستار جبار عثمان) داوای ژمارە (١١٨/کشف مستعجل/ ب٢/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (برهان سعدی قادر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (راستی) بۆ دادگا رەوانەکراوە لە ٢٠٢٠/٨/١٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
* * *
پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پڕۆژە (Aw -٢٠٢٠ ٩)
ژمارە:٩
بەروار:٢٠٢٠/٨/٢٣
کەمکردنەوەی نهێنی /بانگهێشتی (کراوە)
بۆ پڕۆژەی: (دروستکردنی تەنکی ئەرزی ئاو ٢٠٠م٣ بۆ ناحیەی بەمۆ)
پارێزگای هەڵەبجە بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە.جا هەربەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پارێزگای هەڵەبجە(کاروباری هونەری/ب. ئەندازە/فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
زانیاری:
١- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/٨/٢٦)دەست پێ دەکات تا (٢٠٢٠/٩/٨)رۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی سەرلە بەیانی تا کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ.
٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٩/١٣) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەرۆ.
٣- رۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/٩/١٣) کات ژمێری (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٤- هەر ڕۆژێك لەو ڕێکەوتانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.
٥- ماوەی جێبەجێکردی پرۆژەکە بریتیە لە: (٩٠) نەوەد رۆژی (رۆژمێری).
٦- ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەروارى داخستنی صندوقی تەندەر.
٧- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نیە بە کەمترین نرخ.
((مەرجەکانی بەشداری کردن))
١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتمانییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمار بن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازگانی هەرێم.
٤- هێچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنرێت بۆ ساڵی٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسای بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بە پێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەرنامەی لێبوردن(اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە(٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عیراق بەشی (٢،١) بێت.
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری
* * *
پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پڕۆژە (Aw -٢٠٢٠ ١٠)
ژمارە:١٠
بەروار:٢٠٢٠/٨/٢٣
کەمکردنەوەی نهێنی /بانگهێشتی (کراوە)
بۆ پڕۆژەی: (لێدانی بیری ئاو و تەواوکاری تۆڕی ئاوی گەڕەکی شەهیدان لە ناحیەی سیروان)
پارێزگای هەڵەبجە بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە.جا هەربەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پارێزگای هەڵەبجە(کاروباری هونەری/ب. ئەندازە/فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
زانیاری:
١- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/٨/٢٦)دەست پێ دەکات تا (٢٠٢٠/٩/٨)رۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی سەرلە بەیانی تا کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ.
٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٩/١٤) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەرۆ.
٣- رۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٢٠/٩/١٤) کات ژمێری (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٤- هەر ڕۆژێك لەو ڕێکەوتانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.
٥- ماوەی جێبەجێکردی پرۆژەکە بریتیە لە: (٩٠) نەوەد رۆژی (رۆژمێری).
٦- ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەروارى داخستنی صندوقی تەندەر.
٧- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نیە بە کەمترین نرخ.
((مەرجەکانی بەشداری کردن))
١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتمانییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمار بن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازگانی هەرێم.
٤- هێچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنرێت بۆ ساڵی٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسای بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بە پێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەرنامەی لێبوردن(اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە(٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عیراق بەشی (٢،١) بێت.
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری
* * *

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ورمیل) بۆ (پیشەسازی پلاستیکی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / نشوان فتحی فتاح
ناڤ ونیشان / دهوك - تاخێ پیشەسازی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤١٠٧٣١٢

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٠/٥٢٩١
رێکەوت:٢٠٢٠/٨/٢٤
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەویەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولك/ ٤٥٥/٣٨م ك ٤٥ وارش جۆری بەکارهێنان/ گەراجی باشوور ماوەی بەکرێدان/ (١) یەك ساڵ.
تێبینی/ ١- پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
٢- دەبێت کرێ گرتە پابەندی گشت رێنماییەکان سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٢٣٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Life Target)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Life Target) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (وشیار بایز حمدامین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Life Target) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – باداوە)
پاکتاوکار/ وشیار بایز حمدامین
ناونیشان/ هەولێر- باداوە
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٦٤٤٨

دادگای باری کەسێتی شارەزوور
ژمارە: ١٠٦/ش/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٣
ئاگاداری
داواکار/ جعفر رشید مارف
داوالەسەرکراوان/ شلێر عبدول حمە مراد و محمد جعفر رشید مارف و دانیار جعفر رشید مارف
بۆ داوالەسەرکراوان (شلێر عبدول حمەمراد و محمد جعفر رشید مارف و دانیار جعفر رشید مارف) کە ئێستا ناونیشانتان نادیارە، دادگا ئاگادارتان دەکات کە داواکار (جعفر رشید مارف) داوای شەرعی ژمارە (١٠٦/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داواکارە بەپرینی بژێوی مندالّەکانی بەناوەکانی (محمد جعفر رشید مارف ، دانیار جعفر رشید مارف) لەبەر ئەوەی ناونیشانتان نادیارە دادگا لەرێی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگەدارتان دەکات کە خۆتان یا بریکارتان لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٩/٢٨ ئامادەبن وە بەپێچەوانەوە دادگا لەسەر دادبینی خۆی بەپێی یاسا بەردەوام دەبێت.
دادوەر/ صلاح الدین احمد عارف
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٦
ژمارە: ٥٣٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
ئاگاداری
داواکار: محمد جلال محی الدین
داوالەسەرکراو: طه عمر علی
بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (طه عمر علی) داواکار (محمد جلال محی الدین) داوای ژمارە ٥٣٥/ب/٢٠١٩ لەسەر تۆ تۆمارکردووە لەدادگای بەرایی سلێمانی کە تیایدا داوا دەکات بە لابردنی کۆبەشی لە مولّکی ژمارە ٠/٢٨ کەرتی ٥٤ گردەبۆر وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی رووبکردنەوەی ئاگادارکەرەوە واژوو مۆری موختاری گەرەکی (هەرەوزی) بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەرێگەی بریکارێکی یاسایی لەدادگا لەرۆژی دادبینی کە دەکاتە ٢٠٢٠/٩/٢ کاتژمێر ١٠:٠٥ سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بەئامادەیی دادبینی ئەنجام دەدات و بڕیار دەردەکات بەرامبەرت.
دادوەر/ ئاوات عمر قادر
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٦
ژمارە: ٥٩٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
ئاگاداری
داواکار: محمد جلال محی الدین
داوالەسەرکراو: ازاد محمد شێخ عبدالله
بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (ازاد محمد شێخ عبدالله)
داواکار (محمد جلال محی الدین) داوای ژمارە ٥٩٦/ب/٢٠١٩ لەسەر تۆ تۆمارکردووە لەدادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داوا دەکات بە لابردنی کۆبەشی لە مولّکی ژمارە ٠/٥٣ کەرتی ١٧ موتکە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی رووبکردنەوەی ئاگادارکەرەوە واژوو مۆری موختاری گەرەکی (ئاشتی) بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەرێگەی بریکارێکی یاسایی لەدادگا لەرۆژی دادبینی کە دەکاتە ٢٠٢٠/٩/٢ کاتژمێر ٩:٥٠ سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بەئامادەیی دادبینی ئەنجام دەدات و بڕیار دەردەکات بەرامبەرت.
دادوەر/ ئاوات عمر قادر
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری: وارکر صباح مراد/ جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (مجید علی طاهر) ئەوا تێدا داوای دکەت بکوژمێ پارە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزدە ملیون دینار ژ ئەنجامی زیانین گەهاندینە ترومبیلا وی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهین بولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٥) رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخێ ئیتوت رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٩/٢٣ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/٤٢٥/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/٧/٢٦
بۆ/داوالێکراو (طیب احمد محمود)
ئاگاداری
داواکاران (سمیر احمد عبدالرحیم ومحسن شاکر یاسین) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆ تۆمارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکان بری (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هزار دیناری بۆ بگەرینیەوە لە بری نرخی (مواد زراعیە وبیطریة) کەلێت کریون ولەبەر دیارنەبونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە روژی(٢٠٢٠/٨/٣٠)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێ یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٦٣٢/ب/٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (ادریس محمد حسین)
داواکاران (ازاد و نوزاد و طلعت و صباح و رونـاك و خونـاو و روبـاك و مـژده کـوران و کچانـی یحـی سـعید) داوای ژمـارە (٢٦٣٢/ب/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لـە سـەر (ادریـس محمـد حسـین) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری هەولێـر (گەرەکـی عەرەبـی کـۆن و نـوێ و سـعدوناوە) لـە ٢٠٢٠/٥/١٩ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنت لـە رێگای دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامـادە بوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ رۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/٩/٢٨) کات (٩)ی بەیانـی بـە پێچەوانـەوە دادبینـی بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.
دادوەر/ حسین علی محمد
* * *

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Job Details	
Position Title	Movcon Administrator
Direct Supervisor	Asset Protection Manager
Department	Asset Protection
Job Location	Khormor – Qader Karam
Ref: MA/A/AUG/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
To work as part of the MOVCON Team and oversee and control all MOVCON tasks: including the processing of leave & residency applications, production of ID cards, visitor notifications, gates passes.
Be able to produce a detailed weekly & monthly intelligence report on PowerPoint utilising the intelyse intelligence platform and other media platforms.
Responsible for producing the KM security daily movement schedule.
Able to use Radio and Track 24 when monitoring tasks including maintaining communications during emergency situations.
Reports to the Asset Protection Manager

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
Work Processing Activities
1. Updates the emergency contact list of personnel on a daily basis to ensure the correct response personnel details are correct.
2. Be able to produce an in-depth security incident data report on a weekly and monthly PowerPoint presentation by using all available resources – including the intelyse intelligence platform and media and social media channels.
3. Coordinates with all departments on during musters and emergencies relaying messages to all the relevant personalities including checking the badging system for missing personnel.
4. Acts as a Watch keeper (when required) and records all movements from the (MET) Mobile Escort Teams. This includes management of communications system and management of all radio traffic, routine and during emergency situations.
5. Monitors the Track 24 integrated navigation, tracking and alarm system.
6. Records all MET Teams movements on the tracking Data Base.
7. Maintains communications with the camp main gate and monitors all access control issues related to this location.
8. Confirms movement requests and allocates the Security MET & PET Teams tasking on a daily basis.
9. Responsible for ensuring all ex-pats travel request forms are processed in a correct and timely manner to ensure the travel movements of all travelers are correct.
10. Liaises with Erbil and Sulaymaniyah offices to arrange hotel accommodation as and when required by Crescent employees.
11. Coordinates with the Travel department (Sharjah) for generating all personnel flight tickets in order to record information on the daily task sheet. (This includes consolidating all Leave Request Forms for Application).
12. Scrutinizes all leave applications (Travel Request Forms) and forwards to Sharjah for initial flight bookings.

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

13. Receives initial flight bookings from Sharjah and communicates with personnel traveling.
14. Finalizes flights after consultation between Sharjah and personnel.
15. Initiates and monitors all Clients and CPDG staff residency applications.
16. Maintains close communication with the Sulaymaniyah and Erbil Offices.
17. Generates ID/Cards for all the CPDG staff and Clients and ensure that all ID/Card paperwork has been produced and delivered correctly.
18. Generates Vehicle Passes for all CPDG Vehicles.
19. Controls the entry and exit system into the Main Office complex.
20. Coordinates new employees (Local and Expatriate) visits to the Asaish for clearance at the Local QK Police Station.

Reporting and Communication
- Reports to the Asset Protection Manager on all issues relating to Security and movement concerns.
- Exhibits and maintains excellent working relationships with all Crescent staff.

Continuous Improvement of Position
- Continues to develop own professional expertise through optimizing on-the-job training and completing an internationally recognised security management qualification.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Asset Protection Manager – Crescent	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Supervises and assists the KM Watchkeeper when required

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree in any field

Minimum Professional Experience Required

Minimum of 2 years of Security operations experience.
Proficient in the use of all word processing applications – Excel, Word & PowerPoint.
Previous experience of mobile escort team operations.
Have previous knowledge of vehicle tracking systems (Track 24) and their functions and capabilities.
Thorough knowledge of English - reading, writing and speaking.

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Special Requirements and Conditions

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good organizational and planning skills • Excellent communication skills. • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Ability to meet deadlines • Ability to work under stress • Previous security operations. • High level of word processing skills. • Computer literate.	• Very good team player • Well-rounded interpersonal skills • Ability to demonstrate honesty, and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details • Analytical thinking	• Excellent computer skills (MS Office Suite) • Must be confident in excel being able to manage and generate Spreadsheets • Knowledge of mobile security operations. • Report writing. • English Language proficiency

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **3 September 2020:**

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is **Movcon Administrator, Ref: MA/A/AUG/20**)



دیوانی شیعری یووسف مەنتک بە کرمانجی ڕێنووسی لاتینی لە کوردستانی باکورو تورکیا چاپ و بڵاوکرایەوە

دیوانە شیعرییەکە کۆمەڵێک شیعر لە خۆ دەگرێت، لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٤ تا ٢٠٢٠ نووسراون، بابەتی شیعرەکان: دڵداری، غوربەتی نیشتمان وژیانی کۆچبەران وپەنابەران، سیاسی، ساتیر. کۆی کتێبەکە: کۆمەڵێک شعر، پێشەکی لەلایەن د. سەباح کەریم نووسراوە، لەکۆتایی دیوانەکەدا فەرهەنگی زاراوەکان و کورتەیەک لەژیاننامەی شاعیر لە خۆدەگرێت. دیوانەکە (74) لاپەڕەیە، بە قەبارەی (13,5 X 21 cm) ، 2020

دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سیتاف – وان- تورکیا

سەرپەرشتیار قەهار باتەیی

ئەم کۆمەڵە شیعرە لە لایەن نووسەرو وەرگێڕی بەتوانای باکوری کوردستان بەڕێز موحسین ئۆزدەمیر لە شێوەزاری سۆرانی کراوە بە کرمانجی، بەڕێککەوتنی وەرگێڕو خاوەنی دەزگەی سیتاف، بە ئاگاداری نووسەر دیوانەکە چاپکراوە.

موحسین ئۆزدەمیر کاری وەرگێڕانی بۆ بەرهەمی چەندین نووسەری دیارو ناسراو کردووە، وەک: سادقی هیدایەت، فروغی فروغزاد، شێرکۆ بێکەس، نەوشێروان مستەفا ئەمین، سوهراپ سوپهەری، هەژار موکریانی، عەلی محمد ئەفغانی، جەمال نەبەز، هەروەها زۆر نووسەری ترو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی وەرگێڕاوە.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سیتاف لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە، خاوەن و بەڕێوەبەری بەڕێز: قەهار باتەیی، پەرتووکی کوردی چاپ دەکەن وەک بابەتەکانی: فۆلکلۆری کوردی، پەروەردەیی، لێکۆڵینەوە لەسەر کوردو ئەدەبیاتی کوردی، تا ئێستا بەسەدان کتێبیان چاپکردووە،هەروەها چەندین کتێبیان بە سۆرانی چاپکردووە، لەم ساڵەدا نزیکەی ٣٠ کتێبیان بە زمانی تورکی چاپ وبڵاوکردۆتەوە.

د. سەباح کەریم پێشەکی بۆ نووسیوە بەم جۆرە باس لە شیعرەکانی مەنتک دەکات:

یەکێک لە ئەرکە جوانەکانی شیعر ئەوەیە هەڵگری خەمی ئینسانەکانە، شیعر دەتوانێت گوزارشت لە بوون و ژیانی مرۆڤ بکات، بەڵام ژانرێکە مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورسە. نووسینی شیعر بە بڕوای من پێویستی بە ئەزموونە، ئەزموونێک وەکوو شاعیربوون. وەستایی لە شیعردا پێویستییە، بۆیە کاتێک دەمانەوێ شیعر بخوێنینەوە، دەبێت شیعرەکە خۆی داوامان لێ بکات، تەنانەت شیعر توانای هەیە وا لە خوێنەر بکات نەتوانێت دەستی لێ هەڵگرێت.

زمانی نووسینی ئەم شیعرانە، زمانێکە ساده و بێ گرێوگۆڵ، خوێنەر هیلاک ناکەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە زمانی شیعرەکە سادەیە، بەڵکوو مانای ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ شتە سادەکانی ناو ژیان کراوە. ئەوەندەی ئاگاداری ڕەوتی شیعر بین، مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی شیعر لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، مامەڵەکردنێک بووە بۆ قورسکردنی زمان. بۆ بە سیمبولکردنی زمانی شیعر، بەمەش شاعیر زمانی تێکدەشکاند. بەڵام ئەم شیعرانە زمان سادە دەکەنەوە. مرۆڤ کە ئەم شیعرانە دەخوێنێتەوە هەست بۆ جۆرێک لە هێوری دەکات. خوێنەر ئارام دەکەنەوە و ماندووی ناکەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی بگوشێت بۆ لێکدانەوەی ڕەمزەکانی ناو زمان.

لەناو شیعرەکان چیرۆکی دەیان شت دەخوێنیتەوە، شیعر وەهایە داستانی شکستی خۆشەویستی، داستانی تێکشکانی نشتیمان، وێرانبوونی تاکی کورد. هەموو ئەمانە بە وردی کاری لەبارەوە کراوە. ئەوەی زۆری جێگەی دڵخۆشییە شیعرەکان لە ڕێگەی باسکردنی چیرۆکەکانی تاکی کوردەوە بۆ چیرۆکی مرۆڤایەتی دەچن. واتە شیعر بووەتە شیعری هەموو مرۆڤایەتی. ئەم شیعرانە خوێنەر ئاشنا دەکەن، بە خەمی پەنابەرێک، بە خەمی تاکێکی ئاوارە بوو. بۆیە کاتێک ئەم شیعرانە دەخوێنینەوە دەزانین شاعیر پێشینەیەکی مەعریفی هەیە، دەزانین شاعیر چرکە بە چرکە ئاگاداری مێژوو و خەمەکانی میللەتەکەیەتی. وشەکانی هێنده ڕەوانن توانیویەتی مێژووی مرۆڤایەتی لەو ڕستەیەدا کۆ بکاتەوە:

کە مرۆڤ لە ئەشکەوت
چاوی بە تیشکی خۆر کەوت
بە دوایدا هاتەخوارەوە
ئازادیی بینی.

کەواتە خەمی مرۆڤ گەڕانە بە دوای ئازادی، نەک بە دوای دەستکەوت و ماڵ. بە شیوەیەک گوزارشتی لە ئازادی کردووە، مرۆڤ ئازادی خۆش دەوێت. تەنانەت خەمی شاعیر خەمێکە گەڕانە بە دوای تیشکەکانی ئازادی. بۆیە کاتێک شیعرێک بۆ کلاودیا ڕۆت دەنووسێت، دەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژوو بۆ ئەوەی گەرانێک بکات، ئاخۆ نموونەی ژنێکی وەهامان هەیە، یان نا:

کلاودیا ماندوو نابێ
ناترسێ
کلاودیا تکایە
ئەو هەموو
مرۆڤبوونەت لە کوێ هێناوە!

ئەوەی جەوهەری مرۆڤ پێکدەهێنێت بریتییە لە مرۆڤبوون، ئەگەر نا چی وا لە کەسێکی وەکوو کلاودیا دەکات خەمی پەنابەر و کوردانی هەبێت؟ زمانی پەیڤینی شاعیر زمانێک نییە وەکوو گوتم بە ڕەمز قسە بکات، بەڵکوو زمانێکە تێیدا ڕەگەزی گێرانەوەی تێدایە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە شاعیر سنووری نێوان ژانرەکانی کاڵکردۆتەوە. بۆ ئەوەی جیهانبینی و فۆرمێکی تایبەت بە شیعرەکانی دروست بکات، هاتووە پەنا بۆ هێنانەوەی چەندین چیرۆک لەناو مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی کورد دەهێنێت بۆ ئەوەی خەمەکانی نیستای پێ دەربڕێت. تێکەڵکردنی زەمەنەکانی ڕابردوو و ئێستا، گەمەکردنێکە بۆ ئەوەی ئێستا قوونڵتر و خەماویتر نیشان بدات. بە خوێندنەوەی ئەم دیوانە تێدەگەین نووسینی شیعرەکان و ژیان لەگەڵ شیعرەکان خۆی دەبێتە پرۆسەیەکی شیعری، وامان لێ دەکات بکەوینە ناو فەزایەکی شیعرییەوە، تەنانەت داوامان لی دەکات شیعریانە بژین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئازارێک لەناو ئەم شیعرانەدا هەیە، خوێنەر بە خوێندنەوەی شیعرەکان هەستی پی دەکات. بە شێوەیەک ئازارەکان مەزرێندراون، خوێنەر تێیدا بژی نەک لەگەڵیدا بژی. لە هەموو شیعرەکان هەست بە کەشفکردنی شتێک دەکەین. واتە هیچ دەقێک لەو دەقانە نییە، کە ئازارێکمان تێدا نەچێنن. بۆیە شیعر دەبێت گەردوونی و مرۆڤی بێت، شیعر لە دەرەوەی مرۆڤ مانای نییە.

کتێبێك لەسەر ژیان و بەرهەم و کەسایەتی- یەکەمین ژنە میژوونووسی کورد (مەستوورەی ئەردەڵان)



لە کتێبەکەدا باس لە ژیان و بەرهەمەکانی ئەو خاتوونە ئەدیبە کوردەی سەدەی نۆزدەهەم کراوە و خاسیەتەکانی نووسینی میژوو و شیعر و کتێبەکانی خراوەتە ڕوو. هەر لەو کتێبەدا باس لە قەسیدەی (مەستوورە)ی نالی شاعیر و پەیوەندی ئەو دوو شاعیرە کراوە و چەند باسێکی باسنەکراوی پەیوەست بە مەستوورەی ئەردەڵانیەوە خراوەتە ڕوو. هاوکات خوێنەر لەو کتێبەدا ئاشنای شیعرە فارسی و هەورامی و سۆرانیەکانی مەستوورە دەبێت و بە توانا و بلیمەتی مەستوورە لە ئەدەبیاتدا ئاشنا دەبێت. مەستوورە یەکێکە لەو خاتوونە کوردە ئەدیبانەی مەستوورە لە کۆمەڵگای ئەو کاتەی میرنشینی ئەردەڵانەوە بەرز دەنرخێنێت. دواتر نووسەر وتارێکی پیرەمێردی شاعیرمان نیشان دەدات کە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ١٠ پارچە شیعری فارسی مەستوورە کە پیرەمێرد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە بەشی (شێواندنی میژووی کورد) نووسەر بەڵگەنامەیەکی زەمەنی (محەممەد شای پەهلەوی) دەخاتەڕوو، کە وەزارەتی فەرهەنگ سێ نووسەری دیاری ئەو سەردەمە ڕادەسپێرێت بۆ نووسینی کتێب دەربارەی ئەوەی کوردەکان بەشێکی دانەبڕاوی فارسن، کە یەکێک لەو نووسەرانە (محمد مەردۆخ) کە میژووی کوردستانی نووسیوەتەوە و لەبابەت میژووی ئەردەڵاندا بە ئەنقەست میژووەکەی بە هەڵە نووسیوە و مامۆستا هەژاریش ئاماژەی بەو هەڵانە کردووە، لە وەرگێڕانی کتێبە میژووییەکەی مەستوورە و بەراوردکردنی بە میژووەکەی مەردۆخ.

نووسەر (بوخاری وشیار) ماوەی دوو ساڵ خەیکی لێکۆڵینەوە و نووسینی ئەو کتێبە بووە و نزیک بە ٥٠ سەرچاوە لەو کتێبەدا بەکارهاتوون و لە بەشی پەراوێزی ئەو کتێبەدا، نووسەر لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕی لە ڕووداو و سالەکانی پەیوەست بە مەستوورەوە کردووە و ئاماژەشی بە هەڵە میژووییەکانی میژوونووسان و سەرچاوەکانی پێش خۆی داوە و چەند دەرئەنجامێکی نوێی خستووەتەڕوو کە دەکرێت ڕێرەوی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەو پرسە بگۆڕێت .

بوخاری وشیار دەڵێت: ئامانجم لە نووسینی ئەو کتێبە، ئاوڕدانەوەیەکی پێویستە لە ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، مەستوورە یەکێکە لەو ژنە کوردانەی کە لە سەردەمەکەی خۆیدا نوێگەر و داهێنانکار و ئەدیبێکی بەتوانا بووە و ئێستا کەس ناناسێت و خەریکە ناوی لەبەیەن بچێت و لە بیر بچێت. بە پێویستمزانی کە لێکۆڵینەوە لە ژیان و ئەو سەرچاوانە بکەم کە تاوەکوو ئێستا لەسەر مەستوورە نووسراون و ژیاننامەیەکی وردتر و دروستتر و بۆ مەستوورە بنووسمەوە، هیواشم وایە ئەو کتێبە لە زانکۆکانی بەشی زمان و میژووی کوردی بخوێنرێت و نەوەی تازەمان بزانن کە ژنی کورد چەندە پێشەنگ و بەتوانابوونە لە سەدەکانی ڕابردوومانداو تا چ ئاستێک جێ پەنجەیان دیارە.

جیاوازیی مێژووەکەی مەستوورە و شەرەفخان لەوەدایە کە شەرەفخان تەنها ویستوویەتی مێژووی کورد لەناو نەچێت و پارێزگاریی لە ناوی خانەدانەکانی کوردستان بکات، وەک خۆی لە پێشەکی کتێبی شەرەفنامەدا دەڵێت: (هەموو نیاز و ئاواتم ئەوەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لەناو ناواندا بمێنێ و لە ناو نەچن.) بەڵام مەستوورە ویستوویەتی بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە ئەو مێژووە بنووسێتەوە و بەراوردکاریی تێدا بکات، وەک خۆی لە پێشەکی مێژووی ئەردەڵاندا دەڵێت: (بە سەرەدەمی خۆیدا پێشەنگ و داهێنانکار بووە و ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی ناوی مەستوورەی ئەردەڵانی و لەپێناو ون نەبوونی توانای ژنانی کوردە لە ئەدەبیاتدا. کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان، لە نووسینی (بوخاری وشیار)ە و ناوەندی مەم و زین لە هەولێر بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بڵاویکردووەتەوە. بەو هیوایەی ژنە کوردە هەڵکەوتووەکانی سەدەکانی ڕابردوومان لەبیر نەکەین و بە زیندوویی لە مێژووی خۆماندا بیانهێڵینەوە و یادیان بکەینەوە.

سەرۆشتی بڵێسەدار و زەینی ڕەخنەگرانەوە بە دووی دریژەپێدانەوە چوونە بە پێویست زانی و پەرژامە سەر نووسینی ئەم چەند دێرە و دەنگوباسی پاشەڕۆژ بە خێر و خۆشی و بەختەوەریی گوزەرینی زنجیرەی پایەبڵندی ئەردەڵانم هەڵهێنجاوە و لە پێشینانم بیستووە و بەرچاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نوسخەیەدا ڕوونم کردۆتەوە.) ڤاسیلیەڤاش شاهێدی ئەو ڕوانگە ڕەخنەگرانەیەی مەستوورەیە و دەڵێت: (ئەگەر خوسرەو ئیبن محەمەد، کە تەنها دە ساڵ پێش ماهشەرەفخانم بوو، هەرگیز گوێی نەداوە بە تێکدرنەوەی زانیارییەکانی خۆی و هی خەڵکی تر، ئەوا نووسەری تاریخی ئەردەڵان بە گوێرەی توانا هەوڵیداوە زانیارییەکان هەڵسەنگێنێ، ماهشەرەفخانم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری سەرچاوەکەی کردووە و هەرچەندە لەو کتێبەدا گومانی خۆی لەسەر زانیارییەکان بەئەوپەڕی ئەدەبەوە دەربڕیوە، هەڵوێستی ئەو مێژوونووسە بە ڕوونی دیارە کە دژی باوەڕی ساکارانەیە بە هەموو ئەوەی نووسراوە، ئەوەی کە سیمای نووسەرانی پێش خۆی بوو.)

(کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان، بوخاری وشیار،لاپەڕە ٧٢-٧٣)

لە سەرەتای ئەو کتێبە لە بەشی (لە ئەردەڵانەوە بۆ میرنشینی بابان) دا گوتمان مەستوورە لە ساڵی (١٢٤٤ ک) واتا (١٨٢٨-١٨٢٩) و لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا دەبێتە خێزانی خوسرەوخانی ناکام، کەواتە ئەگەر ئەو بڕچوونە ڕاست بێت کە مەستوورە لە خەونەکەی ناڵیدا هێشتا شووی نەکردبێت و ئەم ساڵەی مامۆستا عەلائەددینی سەججادی نزیک بێت لە ڕاستییەوە کە نالی لە (١٧٩٧)دا لە دایک بووبێت، ئەوا بەو سەرەنجامە دەگەین کە نالی لە گەنجیدا ئەو قەسیدەیەی نووسیوە و ئەو کاتە تەمەنی لە نێوان (٢٥ بۆ ٣٠) ساڵدا بووە.

بێ گومان بۆ گەنجێک لەو تەمەنەدا ڕێی تێ دەچێ بڵێین شۆخوشەنگیی مەستوورەخانم کاری لە نالی کردووە و نالی لە سنە (لەو تەمەنەدا) کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی (مەستوورە)وە، خوسرەو جافیش لە ڕۆمانی (شازادە و شاعیر) دا نکۆڵیی لەو خۆشەویستییەی نالی بەرانبەر بە مەستوورە نەکردووە. (بەڵێ، نالی مەستوورەی ئەردەڵانیی خۆش ویستووە.) من ئەم دیدە جەریئانەیەی خۆم لێرەدا دەردەبڕم. نووسەر ئازادە لەوەی بیروباوەڕ و ڕوانینی خۆی دەربڕێت، ئەگەرچی لەگەڵ بۆچوونی نووسەرانی پێش خۆیشیدا ناکۆک بێت. هەموو ئەو نووسەرانەی تا ئێستا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بۆ ژیان و شیعرەکانی نالی کردووە، نەیانتوانیوە بڵێن (حەبیبە) ی نالی کێ بووە، بەڵام من هەوڵ دەدەم لێرەدا بە کورتی ئەم (حەبیبە) یەی نالی نیشان بدەم کە بە بڕوای من (مەستوورەی ئەردەڵانی) یە.

(کتێبی مەستوورەی ئەردەڵان، بوخاری وشیار،لاپەڕە ٣٤-٣٥)

چاپکراوی نوێ



چاپی یەکەمی کتێبی (چۆن دژی گەلی کورد جەنگاین.... یاداشتی سەربازێك لە سوپای تورکیا)، بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 117 لاپەڕە، لە نووسینی (یاووز ئەرقال) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (شەوکەت ئۆقسۆ) و (هەینی قادر) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کەوتە بەردیدی خوێنەران.


لە پێشەکی بڵاوکراوەی تورکیدا هاتووە:«ئەم کتێبە لە نووسینی سەربازێکی تورکە، کە ناوی خوازراوی (یاووز ئەرقال)ی بۆ خۆی بەکارهێناوە، کە ناوە ڕاستییەکەی لای خانەی بڵاوکەرەوە پارێزراوە. بریتییە لە کورتەی ئەو نووسینەی لاوێکی شۆڕشگێڕی تورگ کە لە ساڵچی 1986 نووسیویەتی، ئەم کتێبە هەموو ئەو ڕووداوانەی تێدا تۆمار کراوە، کە لە کوردستان، لە دوای کودەتا سەربازییەکەی 12ی ئەیلوولی 1980 ڕوویان داوە».

نووسەر لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا دەڵێ:«ئەم نامیلکەیەی کە لەبەردەستتان دایە، هەموو ئەو کارانەیە، کە بۆ خۆم وەك سەربازێك ، یان کردوومە، یاخود دیتوومە یان بیستوومە». نووسەر لە یاداشتەکانی خۆیدا، باسی ماوەی ساڵێکی ئەرکی سەربازی خۆی دەکات، پەنجە بۆ هەموو ئەو تاوانانە ڕادەکێشی، کە سوپای تورکیا دەرهەق بە تورك کردوویەتی.

نووسەر زۆر بە حەسرەتەوە باسی ڕووداوەکان دەکات، کە چۆن خەڵك ئازار دراوە، باسی ئەو کاتانە دەکات، کە تاوانەکانی بینیووە، بەڵام نەیوێراوە قسە بکات.

وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:«ئەمە بەشێکە لەو ڕاستیانەی کە لەسەر زمانی سەربازێکی تورك بە ڕاشکاوانە تۆماری کردووە، پێویستە نەوەی نوێی کورد لێی ئاگادار بێت».

دەست خۆشی لە وەرگێڕ هەینی قادر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.



بیلاڕووسیا..

گۆڕەپانی نوێی ململانێی نێوان مۆسکۆ و ڕۆژئاوا

ئا: هەندرێن شێرزاد

ماوەیەکە بیلاڕووسیا بارودۆخێکی ناهەموار بەخۆی دەبینێ و لە دوای تەواوبوونی دواییین هەڵبژاردن ، ڕۆژانە سەدان هەزار کەس لە مینسکی پایتەخت و چەند شارێکی دیکە سەدان هەزار کەس بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی هەڵدەڕژێنە سەر شەقام و تا ئێستا چەندین جار تووندوتیژیی لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویداوە. لەو کاتەشەوە ئەم وڵاتە بۆتە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیا ، بەو پێیەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بارودۆخەکە نارازین و مۆسکۆش پێی وایە لەو ڕێگایەوە ئەوان دەیانەوێ خۆیان لە ڕووسیا نزیکتر بکەنەوە.



ژمارەی دانیشتوان

بە گوێرەی زانیاریەکانی دەزگای ئاماری ئەو وڵاتە ، تا ڕێکەوتی 1 مانگی یەنایەری 2020 ژمارەی دانیشتوان 9.408.400 کەس بووە (5.058.900 ئافرەت و 4.348.500 پیاو).



دەربارەی بیلاڕووسیا

وڵاتێکی سەربەخۆیی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە و خاوەنی هیچ دەریا و کەناراوێك نیە و 5 دەوڵەت دراوسێیەتی دەکەن کە ئەمانەن:
-لە باکوری ڕۆژهەڵات ڕووسیا.
-لە باشوور ئۆکرانیا.
-لە ڕۆژئاوا پۆڵەندا.
-لە باکوری ڕۆژئاوا لیتوانیا و لاتڤیا.

ڕووبەر و جوگرافیا

ڕووبەری بیلاڕووسیا 207.595 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و 40% ی ئەو ڕووبەرە دارستانە ، ئەگەرچیش خاوەنی هیچ دەریا و زەریا و کەناراوێك نیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی 11 هەزار دەریاچە و زیاتر لە 20 هەزار ڕووبارە. ئەو وڵاتە 160 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

پایتەخت

مینسك پایتەخت و گەورەترین شاری بیلاڕووسیایە و ژمارەی دانیشتوانی 1.742.124 کەسە ، هاوکات شادەمار و بزوێنەری ئابووری و پیشەسازیی وڵاتیشە ، بەو پێیەی نزیکەی 46% ی کۆی داهاتی ناوخۆیی و خزمەتگوزاریەکان لەوێوە سەردەگرن.

زمان و ئاین

ڕووسی زمانی فەرمی وڵاتە و نزیکەی 72% ی دانیشتوان قسەی پێدەکەن ، زمانی بیلاڕووسیش زمانی فەرمی دووەمە و 19.2% بەکاری دێنن ، 8.8% ی دیکەی دانیشتوان بە چەند زمانێکی دیکەی وەك پۆلەندی و ئۆکرانی قسە دەکەن. بە گوێرەی دەستووری وڵاتیش بیلاڕووسیا خاوەنی ئاینێکی فەرمی نیە بەڵام زۆربەی دانیشتوان کریستیانی ئەرسۆدۆکسی ڕووسین و ئەوانی دیکە کاسۆلیکن.

پەنابردن بۆ مۆسکۆ

لەگەڵ زیادبوونی ئاستی ناڕەزایی ، لوکاشینکۆی سەرۆك پەنای بردە بەر سەرۆکی ڕووسیا و داوای یارمەتی کرد ، مۆسکۆش ڕایگەیاند هەر کاتێك بیلاڕووسیا ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەکی سەربازیی دەرەکی بێتەوە ، ئەو کاتە بە گوێرەی ڕێککەوتنی سەربازیی هاوبەشی نێوان هەردوولا هەموو جۆرە یارمەتیەکی پێشکەش دەکات. بەڵام لوکاشینکۆ بەتەواوی نەچوە ژێر باری ڕووسیا و ئاستی پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوا فراوانتر کرد و ڕازی نەبوو مۆسکۆ پێگەیەکی سەربازیی گەورەتر لە وڵاتەکەی بونیاد بنێ ، لە بەرامبەردا لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە خەڵات کرا و سەرجەم ئەو سزایانە هەڵگیران کە پێشتر لە دژی چەند بەرپرسێکی باڵای وڵاتەکەی ڕاگەیەنرابوون.

گەڕان بەدوای هاوسەنگیدا

سەبارەت بە دۆسیەکانی تایبەت بە وزە ، ناکۆکی قوڵ لە نێوان مینسك و مۆسکۆ هەبوون ، تەنانەت بەر لە هەڵبژاردن پۆلیسی بیلاڕووسی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات ، ژمارەیەك ئەندامی سەر بە کۆمپانیای ڤاگنەری سەربازی ڕووسی دەستگیر کرد ، بەڵام ئێستا بارودۆخەکان گۆڕاون و وەك جاران نەماون ، لەوتەی پایەی لوکاشینکۆ کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە ، وازی لە سەرجەم ئەو مانۆرانە هێناوە کە بۆ خولقاندنی هاوسەنگی لە نێوان مۆسکۆ و ڕۆژئاوا ئەنجامی دەدان و بە مەبەستی داواکردنی یارمەتی ڕووی کردەوە مۆسکۆ.

ڕووسیا چاودێریی بارودۆخەکان دەکات مۆسکۆ لەو باوەڕە دایە کە تا ئەمڕۆش ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕووسیا خاوەنی بەرنامە و پڕۆگرامێکی دیار نیە ، ئەمە وێڕای نەبوونی سەرکردەیەك کە بتوانێ پەیوەندییەکانی نێوان مینسك و مۆسکۆ لەبەرچاو بگرێ ، بۆیە پشتبەستن لە قۆناغی ئێستادا بە ئۆپۆزسیۆن ڕەنگە بێتە مایەی مەترسی ، بۆیە ڕووسیا زۆر بە وردی چاودێریی پێشهاتەکان دەکات و پێی وایە تا دواییین سات نابێ هەموو هێلکەکان بخاتە یەك سەبەتەوە.

لەنێوان مۆسکۆ و ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕووسیادا

دوور نیە مۆسکۆ بارودۆخی ئێستای بیلاڕوسیا بقۆزێتەوە و باڵێکی بەهێز و پشتگیریکاری خۆی لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئەم وڵاتە پێکبێنێت بۆ ئەوەی دواتر لە ڕووی سیاسییەوە پشتی پێ ببەستێ و چیتر لە لەدەستدانی هاوبەشێکی ئابووری و هاوپەیمانێکی سەربازی نەترسێ. ئەو کاتە دەکرێ ڕووسیا باسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ لەو وڵاتە ئەنجام بدرێ و سەرۆکێکی تازە و نزیك لەخۆی دەسەڵات بگرێتە دەست ، چونکە ڕووسیا بەلایەوە گرنگە لایەنگرێکی دیکە لەدەست نەدات.






ڕای چاودێران

چاودێر و شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕووسیا ناخوازێ ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕووسیا ڕوو لە دارمان بکات، چونکە ئەمە وا دەکات لە داهاتوودا خەڵکی وڵات لەسەر حیسابی مۆسکۆ ڕوو بکاتە باوەشی ڕۆژئاوا ، ئەو تێبینی کردووە کە بە دریژایی ماوەی ناڕەزاییەکان ، خۆپیشاندەران ئاڵای وڵاتانی ڕۆژئاواییان بەرز نەکردۆتەوە و خۆپیشاندەران هیچ دروشمێکیان دژی بەرز نەکردۆتەوە. ئەگەرچی لێرە و لەوێ باس لە بڕینی هەموو جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ ڕووسیا کراوە ، ئەمە ئەگەر ڕاست بێ مانای وایە ئەو دەوڵەتە بەنیازە لە داهاتوودا دەبێتە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی و ململانێی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا و لە ئەنجامدا ڕێژەی دەستوەردانی ڕۆژئاواش بەرزتر دەبێتەوە ، بۆیە لە قۆناغی ئێستادا هەر جۆرە دەستوەردانێکی ڕۆژئاوا لە کاروباری مینسك ، ڕووسیا ئامادەیە لە ڕووی سەربازیەوە خۆی بخرێنێتە ناو ڕووداوەکان.



ئابووری

ڕووخانی سۆڤیەتیش وای نەکرد ئابووری بیلاڕووسیا ڕوو لە گۆڕان بکات،ئەوەتا ئێستاش دەوڵەت کۆنترۆڵی سەرجەم بڕوارە ئابوورییەکان دەکات . بڕ نموونە ، ساڵی 2015 کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت 39.3% ی بیلاڕووسەکانیان دامەزراند ، هەروەها کۆمپانیا تایبەتەکان کە حکومەت خاوەنی ڕێژەی 21.1% ی پشکەکانیانە ، 57.2% ی خەڵکیان دامەزراند.بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە لە کەرتەکانی پیشەسازیی و پەروەردە و کشتوکاڵ کار دەکەن. دراوی فەرمی وڵات ڕۆبڵە و هەر دۆلارێکی ئەمەریکیش بەرامبەر 2.496 ڕۆبڵە.



دەسەڵات

بیلاڕووسیا خاوەنی سیستمی کۆماریی نیمچە سەرۆکایەتیە. لە لووتکەی دەسەڵات سەرۆکی وڵات هەیە کە بە گوێرەی دەستوور حەوت ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێ. پەرلەمان بە ئەنجومەنی نیشتمانی ناو دەبرێ و لە 110 ئەندام پێکدێت و دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆکوەزیرانی هەیە.

مانشێت

ئێندیپێندێنت:

توندوتیژیی لە نێوان دوو گرووپی خۆپیشاندەران لە شاری پۆرتلاندی سەر بە ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمەریکا کەوتەوە و پۆلیس 14 کەسی دەستگیر کرد.



سپۆتنیک:

ئەنجومەنی سەربازیی لە مالی کە چەند ڕۆژێکە دەسەڵاتی وڵاتی کەوتۆتە دەست، ڕایگەیاند تا سێ ساڵی دیکە کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات.



سکای نیوز:

وەك هەوڵێك بۆ تەواوکردنی ڤاکسینی یەکەم، ڕووسیا بەنیازە لە ماوەی یەك دوو مانگی داهاتوودا ڤاکسینی دووەم دژی ڤایرۆسی کورۆنا ڕابگەیەنێ و تا ئێستاش لەسەر 57 کەس تاقی کراوەتەوە و کاریگەریی نێگەتیڤی نەبووە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لە ئەنجامی بارینی بارانێکی زۆر و ڕوودانی لافاو لە باکوری تورکیا 5 کەس گیانیان لە دەست دا و 12 کەسی دیکە بێ سەروشوێن.



فرانس 24:

جارێکی دیکە ڕێژەی توشبووانی ڤایرۆسی کورۆنا لە فەرەنسا هەڵکشایەوە و سەرۆکی وڵاتیش بە دووری دەزانێ قەدەغەی هاتوچۆی سەرتاسەری ڕابگەیەنێتەوە.



کەنالی ئار تی:

دیپلۆماتکارێك لە کۆریای باشوور ڕایگەیاند کیم یۆنگ ئۆنی سەرۆکی کۆریای باکور دووچاری کۆما بووە و ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی بە خوشکەکەی سپاردووە.



پەیامێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:

بەم شێوازەی هەیە کەرتی گەشتوگوزار پێشناکەوێت





نادر روستی

(سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا کابینەی نۆیەم روانین و دیدێکی روونی بۆ کەرتی گەشتیاری نەبووە، ئەوەی هەبووە خۆی لە چەند رستەیەکی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت دەبینیەوە، کە لە چەند بۆنەیەکدا لەبارەی گەشتوگوزار دەربیڕیووە، بەڵام لەڕووی کرداری، کاری بۆ نەکراوە).

(نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان. (لە ژمارەکانی رابردوو لە بابەتێکی سەربەخۆ، لەم لاپەرەیە بەدرێژی کێشەکەم باسکردووە، کە یەکێکە لە کێشە گەورەکان).

15ساڵە لە بواری گەشتیاری بابەت دەنووسم و بەدواداچوون بۆ پێشخستن و کێشەکانی بەردەم کەرتی گەشتیاری دەکەم، 5 کتێبم لە بارەی گەشتیاری هەرێم نووسیوە و 5 توێژنەوەم کردوە و زیاتر لە 1200 بابەتی ڕۆژنامەوانیم لەسەر گەشتیاری بڵاوکردۆتەوە، 10 ساڵە وەك کادرێکی مەیدانی و پراکتیکی بە پۆستی بەڕێوەبەری پێشکەوتو کار لە پیشخستنی کەرتی گەشتیاری دەکەم، بەتایبەت بواری راگەیاندن و مارکێتینگ، هەموو ئەمانە ئەزموونێکی تیۆری و کرداری باشیان فێرکردووم، کە وادەکەن تێروانینی تایبەتی خۆم بۆ ئایندەی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بۆیە دەڵێم بەو شێوازەی ئێستا هەیە، گەشتوگوزار پێش ناکەوێت.

گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان پێشوەچوونی بەخۆیەوە بینیووە، ڕۆڵەکەش بۆ کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك کێشە و ڕێگری و کەموکوڕی نەبوایە گەشتوگوزار زۆر لەوەی هەیە، خێراتر و باشتر گەشەی دەکرد، کێشەکان جۆراوجۆرن و لەسەرجەم ئاستەکان بوونیان هەیە، وەك لەسەر ئاستەکانی: (حکومەتی عێراق، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گەشتوگوزار، وەزارەتە پەیوەندارەکان، کەرتی تایبەت، کۆمپانیاکان، خوێندن، ڕاگەیاندنەکان، کۆمەڵگە، هاوڵاتی، شوێنەوار، هاوکاری نەکردنی وەزارەتەکان...هتد). هەرچەند هەندێك لە کێشەکان چارەسەریان ئەستەمە، هەندێکیشیان پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن و پلانی ستراتیژییە، هەندێك پێویستی بەلایەنی مادەییە و هەندێکیش پەرەپێدانی توانای مرۆیی، هەندێك پێویستی بە یاسا، هەندێك پێویستی بە ڕێکخستنی هەیکەلی ئیداری گونجاو هەیە.

لە بەدواداچوونێکمدا 11 تەوەری سەرەکی کە 96 هۆکار و کێشەلە خۆ دەگرێ، دەستنیشانم کردوون، لە هەمان کات لە پرۆژەیەك پێشنیازێ 18چارەسەریم خستۆتەڕوو، گرنگە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابن و بە دید و لۆژیکێکی کارگێری و ئابووریانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لە 11 تەوەرەکەدا، تەنیا یەك تەوەر لەم بابەتە بە مەبەستی چارەسەر دەخەمەڕوو، کێشەکانی تر بۆ دەرفەتێکی تر دەهێڵمەوە:

ئەم ئەم تەوەرە کە چەندان کێشە لە خۆ دەگرێ، لە چەند خاڵێك کورت دەکەمەوە، کە پەیوەندیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا کابینەی نۆیەم روانین و دیدێکی روونی بۆ کەرتی گەشتیاری نەبووە، ئەوەی هەبووە خۆی لە چەند رستەیەکی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت دەبینیەوە، کە لە چەند بۆنەیەکدا لەبارەی گەشتوگوزار دەربیڕیووە، بەڵام لەڕووی کرداری، کاری بۆ نەکراوە. لێرەدا چەند نموونەیەك بۆ بۆچوونەکەم لەسەر کێشەکانی ئەم تەوەرە دەخەمەڕوو، کە پەیوندی بە دەسەڵات و هەیکەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هیوادارم بڕیار بەدەستان لە ئەنجوومەنی وەزیران بە هەندی وەرگرن و بەمەبەستی چارەسەر بەدواداچوونی بۆ بکرێت:

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم لە کارنامەی خۆیدا بەڕوونی باسی بایەخی کەرتەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار) دەکات، وەك سەرچاوەی داهات بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان تێیان دەڕوانێت، کشتوکاڵ وەزارەتێکی هەیە، پیشەسازی وەزارەتێکی هەیە، بەڵام گەشتوگوزار بەشێکە لە ناو وەزارەتێك کە دەیان بابەت و کێشەی زۆر گەورەتری لە گەشتوگوزار هەیە، بەتایبەت کێشەکانی (ڕێگاوبانی ناوشارەکان، ئاوەڕۆی شارەکان، دابینکردنی ئاوی شارەکان، پاراستن و پاککردنەوەی ژینگەی شارەکان بەتایبەت ریسایکلین، سەوزکردنی شارەکان، دابەشکردن و ڕێکخستنی زەوی دانیشتوان، ڕێکخستن و دیزاینکرنی گەرەك و بینایەی شارەکان...هتد) لەگەڵ مانەدا گەشتوگوزار تا ئەندازیەك ونبوو یان لە تابوت دراوە، سەرەڕای ئەمانەش چەند کێشەیەکی دیکەش دەخەمەڕوو کە حکومەت فەرامۆشی کردوون.

• نەبوونی راوێژکار و شارەزای گەشتیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران، کە چاوساغ و داڕێژەری سیاسەتی گەشتیاریی بێت و هاوکاری سەرۆکی حکومەت بێت بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری، کەچی بۆ زۆربەی کەرت و بوارەکان سەرۆکی حکومەت راوێژکاری تایبەتی هەیە، چەندان راوێژکاری زیادەش رەنگە هەبێت، بەڵام 29 ساڵە یەك کەس لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك راوێژکار یان شارەزا نە لەسەرۆکایەتی حکومەت هەیە، نە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوار هەیە. ناشکرێ کەسێك دابنرێ تەنیا ناو بێت و بێ ناوەڕۆك بێت، یاخود بڕوانامەیەکی بەرز بێت و هیچی لە هەگەبەیدا نەبێت و بێت بەبارگرانی بەسەر کەرتی گەشتیاری، ئەگەر وایلێبیت نەبوونی باشترە لە هەبوونی.

• گەشتوگوزار تاکو ئێستا هیکەلێکی ئیداری جێگیری بۆ دانەنراوە، هەر چەند ساڵێك لەسەر جۆرێك هەیکەلی ئیداری بووە، دواتر گۆڕدراوە، بۆ نموونە: (سەرەتا بەڕێوەبەرایەتیەك بووە لە شارەوانی، دواتر کراوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، دواتر بۆتە دەستە لە وەزارەتی شارەوانی، دواتر بۆتە دەزگایەکی سەربەخۆ، دواتر بۆتە وەزارەت، دواتر بۆتە دەستەیەك سەر بە وەزارەتی شارەوانی)، بێگومان لەناو هەر یەکێکیش لەمانەدا کێشەی دەسەڵات و بەش و بەڕێوەبەرایەتی لەناو هەیکەل لە شارەکان بەردەوام هەبووە و هەیە.

• هیچ ساڵێك حکومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و پرۆژەی گەشتیاری تەرخان نەکردووە، جگە لە ساڵی 2013 کە چەند پرۆژەیەکی گەشتیاری هەبووە و دواتر جێبەجێ نەکراون. ئەوەی هەبووە و هەیە بودجەی جێبەجیکردن (تشغیلی) بووە، ئەمەش بڕیکی زۆر کەم بووە، کە سەدان کێشەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ کاری مەیدانیان دروست کردووە، بۆتە هۆکار بۆ چاودێری نەکردنی شوێنەکان و مانەوەی سەدان کەموکورتی.

• لەو داهاتەی لە رسووماتی گەشتوگوزار کۆ دەکرێتەوە و دەچێتەوە وەزارەتی دارایی، بڕێکی پێویست و شایستە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار دانەنراوە، یاخود هیچ یاسا و ڕێنمایەك نییە کە گەشتوگوزار بتوانێ داهاتی تایبەتی هەبێت.

• لە ساڵی 2010 گەشتوگوزار کراوەتە دەستەیەك سەر بە وەزارەی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڵام بێ سەرۆك دەستەیە، ئەوەی هەیە بە وەکالەت سەرۆکی دەستەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم پۆستە لەلای حکومەت بایەخی پێ نەدراوە، ئەگەر بایەخی هەبوایە پۆستەکەی جێگیر دەکرا و دەسەڵاتی فراوانتری پێ دەدرا.

• نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان. (لە ژمارەکانی رابردوو لە بابەتێکی سەربەخۆ، لەم لاپەرەیە بە دریژی کێشەکەم باسکردووە، کە یەکێکە لە کێشە گەورەکان).

• دەرکردنی بڕیار لە بارەی گەشتوگوزار، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتییەکانی، وەك داخستن و کردنەوەی هەندێك شوێنی گەشتیاری، یان بەشداری پێنەکردنی گەشتوگوزار لە بڕیار و بۆچوونەکان بەتایبەت لە ماوەی هەبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

• نەبوونی خاوەندارایەتی بابەتە کولتووری و کەلەپوورییەکان لە لایەن حکومەت، کولتوور (بە لایەنی مادەی و مەعنەوی)، ئەمەش وایکردووە دەیان کەس مامەڵە بە بابەتەکانی بکەن و بە ئارەزووی خۆیان لێرە و لەوێ مۆزەخانەی کولتووری بکەنەوە، کە بۆتە هۆی لە ناوچوونی بەشێکی گرنگی بابەتە کولتوورییەکان، بۆیە گرنگ بوو هەموو بابەتە کولتووریەکان (بە تایبەت کولتووری مادەی- کەلەپوور) سەر بە گەشتوگوزار بووایە و مۆزەخانەیەکی نیشتمانی کولتووری دروست بکرابووایە و کولتوور لە هەڕەشەی لەناوچوون بپارێزرابووایە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی بە دەستی کورد دروست کراون .

• نەبوونی خاوەندارایەتی و بێسەرپەرشتی پیشە و کارە دەستییەکان. کاری دەستی لە وڵاتان یەکێکە لە بنەمای گەشتیاری، بەڵام لە کوردستان هیچ دامەزراوەیەك سەرپەرشتی ناکات، ڕێکنەخراوە و زۆر بێخاوەنە، کەچی پێویست بوو بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی لەناو گەشتوگوزار هەبوایە و دەسەڵاتی هاوکاری و پەرەپێدانی کاری دەستی و سۆفینەری هەبوایە.

• مانەوەی کێشەی زەوی لە ناحیە و قەزاکان بە تایبەت ناوچە شاخاوییەکان، ئەمەش وایکردووە سەدان پرۆژە بوەستێت یان مۆڵەتی گەشتیاری نەبێت و سەڵانە هیچ باج و رسوماتێك نەدەن بە حکومەت.







بایرن مینوشن بە شایستەیی بووە پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ 2020

نایمار: دۆڕان بەشێکە لە تۆپی پێ، هەموو هەوڵێکماندا و تا کۆتایی جەنگاین



بۆشەشەمین جار لە مێژووياندا يانەی بايرن میونشنی ئەڵمانی بووە پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ، دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی پاڵەوانیتییەکەدا لە یانە زەنگینەکەی پاریسی بردەوە. یاریگای نور لە لشبۆنەی پرتوگال، یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگی 2019-2020 ی لەخۆی گرت. یاریەکە کە پێشبینیکردن بۆ پاڵەوان لە ئەستەم نزیکبوو. دوای ملاملانێیەکی زۆر و بەربەستەکانی کۆرۆنا دواجار هەردوو یانە ئەڵمانی و فەرەنسییەکە بەسەر لاشەی گەورە یانەکانی وەك بەرشلۆنە و ریاڵ مەدرید و مان سیتی و چێلسی و یۆڤانتۆس سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی. یانە ئەڵمانیەکە بە ئەزموونێکی دووروودرێژ و بە بیر و فەلسەفەیەکی نوێوە رووبەرووی پاریس سانجێرمانی تینوو بۆ بەدەستهێنانی چامپیۆنزلیگ بووە.

کورتکراوەی یاری

کاتژمێر 10 بەکاتی کوردستان فیکەی یاری لەلایەن ناوبژیوانی ئیتاڵی دانێلی ئۆرساتو لێدرا. بایرن بە راهێنەرایەتی هاینز فیلیك بە پێکهاتەی 4-2-3-1 یاریدەکرد و راهێنەری پاریس توخێل بە پێکهاتەی 4-3-3 هاتبووە ناو یاریگا. سەرەتای یاری بە هێرشەکانی بایرن دەستیان پێکرد، بایرن مەبەستیبوو کۆنترۆڵی یاریگا بکات، ئەو ئامانجە تا رادەیەك سەریگرت بەڵام هێرشە هەڵگەڕاوەکانی پاریس لەلایەن سیانەی دیاریا و ئیمباپێ و نەیمارەوە زیاتر بایرنی ناچار بە هۆشیاری زیاترکرد. لە هێرشێکی هەڵگەڕاوەی بەهێزدا دوای ئەوەی نەیمار تۆپێکی لە ئیمباپێ پێگەیشت بە لێدانێك یەکەم ئەزموونی هێرشبردنی تاقیکردەوە بەڵام مانوێل نۆیەری گۆڵپارێز بە لێهاتوویی هێرشەکەی گەڕاندەوە بۆ خاڵی سفر. دوای ئەو هێرشە یەکەم هەڕەشەی مەترسیداری بایرن لە ڕێگەی لیڤاندۆڤسکیەوە بوو کاتێك لێدانێکی بە هێزی ئاراستەی گۆڵی پاریس کردوو ستوون بووبە ڕێگر، دواتر دیاریا بە لێدانێکی بەهێز لەناوهێڵی گۆڵدا بەختی خۆی تاقیکردەوە بەڵام تۆپ ڕیرەوی سەرستوونی گرتوو نەبووە گۆڵ. پێش کۆتایی گێمی یەکەم

ئیمباپێ گۆلێکی سەد لەسەدی فەوتاند کاتێك لێدانێکی لاوازی ئاراستەی گۆڵی بایرن کرد و نۆیەر زۆر ئاسان کۆترۆڵی کرد، هێرشە بێئەنجامەکانی پاریس سانجێرمان هەرزوو بێچانسی یانە پاریسییەکەی سەلماند بۆ

لەدەستدانی نازناوەکە. گێمی یەکەم تارادەیەك بە باڵادەستی پاریس کۆتایی هات و وەهەردوو یانە بەبێ گۆڵ یاریگایان جێهێشت.

لە گێمی دووەمدا لەگەڵدەستپێکردنی یاری یانە ئەڵمانییەکە تۆکمەتر و ڕێکخراوتر کە ئاستبەرزی راهێنەر بەسەر یاریەکەوە دیاربوو بە خۆێندنەوەیەکی دروست و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کۆنترۆکردنی یاریگا و وەرگرتنی هەژموون بەسەر یاریەکەدا. چارەگی یەکەمی یاریەکە هێمنی بەخۆوەبینی تا ئەوکاتەی کیمیتچ تۆپێکی بەرزی بۆناو هێڵی سزا نارد و کۆمانی ئەستێرەی یاریەکە بە سەرێکی جوان یەکەم گۆڵی بایرن و یاریەکەی تۆمارکرد. دوای گۆڵەکە یانە باڤاریەکە لەجیاتی پاشەکشە هەوڵی تۆمارکردنی گۆڵی زیاتریدەدا و فشارێکی زۆری بۆ پاریس سانجێرمان دەهێنا، لەبەرامبەردا پاریس هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەنجامەکەی دەدا، دوای هێرشی یەکلەدوایەکی هەردوو یانە بۆسەرگۆڵی یەکتر، یاریەکە لە کۆتایی نزیك دەبۆوە، دە خولەکی کۆتایی یاریزانانی پاریس سانجێرمان زۆر هەوڵیاندا یاریەکە یەکسان بکەنەوە بەڵام بێئەنجام بوون و ناوبژیوان لە خولەکی 95 فیکەی کۆتایی یاریەکەی لێدا و بەو تاکە گۆڵەی کۆمان بایرن میونشن بۆ شەشەمین جار لەمێژوودا بووە پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ و جارێکی دیکە ئەڵمانییەکان سەلماندیان بەهێزی ئەوروپیان و قوتابخانەی تۆپی پێی ئەڵمانیا لە بەرەو نەکەوتووە و بە گەشاوەیی ماوەتەوە، پاریس سانجێرمان دوای ئەوەی نزیکەی یەك ملیار یۆرۆی لە پرۆژەکانی خەرج کرد بەڵام دواجار نەیتوانی ماکینەکانی ئەڵمانی بووەستێنێ و بەو خەونی پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ نەگەیشتن.

ئاماری یاریەکە

لێدان بۆگۆل : بایرن میونشن -12 9 پاریس سانجێرمان

کۆرنەر : بایرن میونشن 4-4 پاریس سانجێرمان

ئاوتساید: بایرن میونشن 1-2 پاریس سانجێرمان

کۆنترۆڵی تۆپ:بایرن میونشن-62%

38%پاریس سانجێرمان

پاس : بایرن میونشن -549 346 پاریس سانجێرمان

دووری بڕین بە کم : بایرن میونشن 98-103 پاریس سانجێرمان

فاوڵ : بایرن میونشن 22 - 15 پاریس سانجێرمان

کارتی زەرد: بایرن میونشن 3-4 پاریس سانجێرمان

باشترین یاریزانی یاری: کۆمان

گۆڵکاری خول: لیڤاندۆڤسکی بە 15 گۆڵ

کاردانەوە و لیدوانەکانی دوای یاریەکە

نەیمار دوای یاریەکە لە تویتەر : دۆڕان بەشێکە لە تۆپی پێ، هەموو هەوڵێکماندا و تا کۆتایی جەنگاین. سوپاس بۆ هاندان و خۆشەویستی هەمووتان، پیرۆزیشە لە بایرن.

تیاگۆ سیلڤا: کۆتا یاری خۆم بۆ پاریس ئەنجامدا و داوای لێبوردن لە هاندەران دەکەم.


ناسر خلیفی خاوەنی پاریس سانجێرمان: هەست بە دڵتەنگی دەکەم ، چونکە دەمانتوانی سەرکەوتن تۆمار بکەین .

یانەی بەرشلۆنە: پیرۆزبایی لە بایرن میونشن دەکەین بۆ بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنزلیگ.

محەمەد ئەبوتریکە، شیکەرەوە: ڕاهێنەرێکی نوێ بە فەلسەفەیەکی تازەوە لەدایك بوو.

کۆمان، باشترین یاریزانی یاریەکە: بەبێ ویستی خۆم لە جامی جیهانی دابڕام، دوای گەڕانەوەم لە پێکان و بەدەستهێنانی چامپیۆنزلیگ زۆر دڵخۆشم، بایرن شایستەی بردنەوە بوو، سانجێرمان تیپێکی بەهێزبوون و یاریەکی جوانیان پێشکەشکرد، ئێمە بااڵدەستبووین و توانیمان هەلەکان باشتر بقۆزینەوە و ببینە پاڵەوان.

سواریز: رازیم لەسەر کورسی یەدەگ بم



لویس سواریزی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە لەمیدیاکان باس لە ڕۆیشتن و یاخوود دەرکردنی دەکرا و ڕایگەیاند کە ئەمانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە و هێشتا لەگەڵ یانەکەی ئەو پرسەیان نەکردۆتەوە.

سواریز دەڵێت: ئەوەی دەگوترێت ڕاست نییە، چونکە هێشتا لەگەڵ دەستەی کارگێڕی بەرشلۆنە باسی ئەوەمان نەکردووە کە من بڕۆم یان ئەوان منیان نەویت، هەروەها گوتی: کۆیان تازە هاتووە و لەگەڵ ئەویش هیچ قسەیەکمان نەکردووە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم لەوەرزی داهاتوو ڕازیم لەسەر کورسی یەدەگی بەرشلۆنەش بم، بیر لەوناکەمەوە ئەو یانەیە جیبهێڵم.

کاپیلۆ: یۆڤانتۆس بە فرۆشتنی کۆمان هەڵەی کرد




فابیۆ کاپێلۆ ڕای وایە یوڤانتۆس بەڕدەوامە لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی و کینگسلی کۆمان بەڵگەیەکی دیکەیە.

لاوە فەرەنسییەکە بە سەرێکی جوان ناسناوی خولی پاڵەوانەکانی بۆ بایرن میونشن مسۆگەرکرد لەو یاریەی 1-0 شکستیان بە پاریس سانجێرمان هێنا.

کاپێلۆ بۆ سکای سپۆرت گوتی: کۆمان لە پێکهاتەی سەرەکی بایرن دابوو بۆ یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکان کەچی لە یوڤانتۆس دوورخرایەوە. ئەو یانەیە بەردەوامە لە دووبارە کردنەوەی هەڵەکانی. تەنانەت بوونە خاوەنی تێری هێنری و زوو فرۆشتیان، بینیمان لە ئارسنال چۆن دەرەوشایەوە.

کۆمان لە 2014دا لەلایەن یوڤانتۆسەوە بە بێ بەرامبەر لە پاریس سان جێرمان کڕدرایەوە، دواتر بە خواستن درا بە بایرن بۆ دوو وەرز و یانە ئەڵمانییەکە مافی کڕینەوەی یەکجارەکی هەبوو بە 21 ملیۆن یۆرۆ.

ڕۆنالدۆ هەڕەشە لە پێڵێ دەکات



کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی، هەڕەشە لە لەقبوونی شوێنەکەی ئەفسانەی پێشووی بەرازیل، پێلێ، وەکو باشترین گۆڵکاری جیهان دەکات. ڕۆنالدۆ ئێستا تەنیا 30 گۆڵی ماوە 737 گۆڵ، بۆ ئەوەی بە پێلێ بگاتەوە، کە خاوەنی 767 گۆڵە. بۆیە بە دوور نازانرێت ڕۆنالدۆ لە وەرزی دابێت ببێتە گۆڵکاری یەکەم لە مێژووی تۆپی پێدا و لە ژمارەکەی پێلێ ڕەت بدات، کە زیاتر لە 40 ساڵە کەس نەیتوانیووە خۆی لە قەرەی بدات. ڕیزبەندی گۆڵکارانی مێژوویی تۆپی پێش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

- پێلێ (بەرازیل): 767 گۆڵ.
- کریستیانۆ ڕۆنالدۆ (پورتوگال): 737 گۆڵ.
- ڕۆماریۆ (بەرازیل): 734 گۆڵ.
- گێرد مۆلەر (ئەڵمانیا): 720 گۆڵ.
- لیونێل مێسی (ئەرجەنتین): 717 گۆڵ.
- پوشکاش (هەنگاریا): 706 گۆڵ.
- جۆزێف بیکان (نەمسا): 636 گۆڵ.
- 8- ئۆزیبیۆ (پورتوگال): 615 گۆڵ.
- فیرینك دیاك (هەنگاریا): 558 گۆڵ.
- ئارتۆر فرێدینریچ (بەرازیل): 554 گۆڵ.

ڕەمزی میرەکانی


ماسك بەستن
خەبات XEBAT
Tue.25 Aug. 2020 No.:(5993)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



سەلامەتی بۆ هاوکارانمان



* هاوکارمان فاتیح بەرزنجی بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، چەند رۆژێکە نەخۆشە، بەناوی سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەی خەبات، ئومێدی چاکبوونەوە بۆ فاتیح بەرزنجی و تەواوی تووشبووانی ئەم پەتایە دەخوازین.



* هاوکارمان خالید گەردی لە وڵاتی میسر نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کراوەو لە ئێستا لە نەخۆشخانەیە، بەناوی سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەی خەبات، ئومێدی زوو چاکبوونەوە بۆ هاوکارمان خالید گەردی دەخوازین.

خەبات



کورتەفیلمی رابردوو لە سلێمانیەوە دەچێتە ئیسپانیا

بەرهەم شێخ عزەدین

دەربارەی نوێترین کاری هونەری خۆی دەرهێنەری لاو لازۆ ژانا بەخەباتی گوت؛ کورتە فیلمی (رابردوو) لە نووسینی (پێساران عومەر و دەرهێنانی لازۆ ژانا) یە. فیلمەکە لە ژانەری (تاکشن ، نهێنی ، تاوان) ئەم فیلمە بۆ وڵاتی ئیسپانیا حازر کراوە بەژداری دەکات لەگەورەترین فستیڤاڵی فلیم لەو وڵاتە، لەلا دوای هەموو فیستیڤاڵەکان لە وێسایتی کورد سینەما بڵاو بێتەوە،لازۆ زیاتر گوتی؛ فیلمەکە زۆر لەگەڵ شێوازی کارکردنی خۆم ئەگونجێت، وەك لایەنی دەرهێنان بۆیە ئەم سیناریۆیەمان هەڵبژارد لەگەڵ نووسەرەکەم.ئەم فیلمە باس4 هاوڕی ئەکات پێکەوە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە لە ڕابردوو ڕوویداوە لەبیر بکەنەوە بەڵام ئەوان ناتوانن لەو ڕابردووە دوور بکەونەوە چونکە هەموویان بەشێکن لەو ڕابردووە.



فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «لێلوون» لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەچێت

LELOUN
INTERNATIONAL FILM FESTIVAL

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «لێلوون» بە دروشمی «تەنیا بە گوڵێك نابێتە گوڵستان» لە ڕۆژئاوای کوردستان لە وڵاتی سووریا بەڕێوەدەچێت. ئەم فێستیڤاڵە ڕۆژی 21ی سێپتەمبەری 2020 بەڕێوەدەچێت و دەرهێنەران و هەروەها بڵاوکەرەوەکانی فیلم دەتوانن بۆ ناردنی بەرهەمەکانیان و وەرگرتنی زانیاریی پێویست، سەردانی ماڵپەڕی فێستیڤاڵ بە ناونیشانی http://lelun.net/kurdsh-language و پێگەی ئەم فێستیڤاڵە لە ماڵپەڕی گرینگی «فیلم فریوەی» https://filmfreeway.com/LE-LOUN بکەن. فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «لێلوون» بە مەبەستی ئاڵووگۆڕی فەرهەنگی و بە لەبەرچاوگرتنی شوناس و پاراستنی کەسایەتی هەر کەلتووریەك، لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان بەڕێوەدەچێت و ئەم کارە لە ڕێگای چالاکییە فەرهەنگییە نێودەوڵەتییەکان لەوانە: فێستیڤاڵە هونەریی و ئەدەبییەکان ئەنجامدەدرێت، شوێنێك کە هەر فەرهەنگێك پێناسەی خۆی هەبێت.هەندێك لە مەرجەکانی ئەم فێستیڤاڵە بریتین لە: کورتە فیلمەکان نابێت لە 45 خولەك زیاتر بن، فیلمە بڵندەکان دەبێت لە نێوان 60 تا 120 خولەك بن، فیلمە دیکۆمێنتارییەکان نابێت لە 100 خولەك زیاتر بن، پێشوازیی لەو بەرهەمانە دەکرێت کە لە نێوان ساڵەکانی 2017 تا 2020 سازکرابن. ئەو بەرهەمانەی کە ڕەوانە دەکرێن دەبێت بێجگە لە زمانی سەرەکی وەرگێڕاویی ئینگلیزیشیان لەگەڵدابێت.

بەرهەم

یوسف کازم:
هونەر لای من بە (گیان) پێناسە دەکرێ





یوسف کازم دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە، لەئێستادا لەدوا قۆناغی هەمان بەشی کۆلێژی هونەرەجوانەکانە، لەچەندین پێشانگای شێوەکاری بەشدار کردوە، حەزوخولیای بۆ ئەو هونەرە وای لێك کردوە کە بەردەوام بێت، بۆ ئەم مەبەستە لێیان پرسی بەشداری چەند پێشانگات کردوە ؟ لەوەڵامدا گوتی:» لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشداری حەوت پێشانگام کردوە، هەروەها لەکۆلێژ بەشداری پێشانگایەك و هەروەها لەچوارچێوەی چالاکی هەفتانە هەموو هەفتەیەك بەشداریم لەچالاکیەکان کردوە، هەروەها دروست کردنی دیوار بەندی دیواری کۆلێژ .»

لەپرسیارێکی تر لێیان پرسی هونەر لای تۆ چی دەگەیەنێ ؟ لەوەڵامدا گوتی:» هونەر لای من بە(گیان) پێناسە دەکرێ، چونکە هیچ کەسێك لەهونەر تێناگات تا نەگاتە سەرچاوە ڕوحیەکەی (گیانیەکەی) لەبەر ئەوە کاتێك هونەرمەندێك کارێکی هونەری دەکات بە تەواوی سۆزو خۆشەویستیەوە کارەکە ئەنجامدەداتن بە جۆرێك هەندێك جار کە هونەرمەندەکە عاشقی کارەکەی بووە وەك عاشق بوونی هونەرمەند (لیوناردو دافینشی) بۆ کارە هونەریەکەی کە مۆنالیزا بوو یان (جیوکاندا) کە تا ئێستا لێکدانەوەی جیای بۆ دەکری .» ئەو شێوەکارە تایبەت بەهونەری شێوەکاری ئاماژەی دا:» گەر تەمەن ڕێگە بدات دەمەوێ پەرە بە تواناو هونەرەکەم بدەم و بەردەوام بم تا بتوانم لەئایندە کۆمەڵگاو کلتوری میللەتەکەم لەڕێگای هونەرەکەمەوە بە گۆمەڵگای دەرەوە بناسرێنم، هەروەها تایبەت بە بڕوانامەو خوێندنەوە دەمەوی بەردەوام بم و پەرە بەخوێندن بدەم و ماستەرو دکتۆرا لەپسپۆرییەکەم بەدەست بێنم . «